# گریمانەکاری لە زماندا

# Presupposition

د. محمود فتح الله احمد/زانکۆی سلێمانی / کۆلیجی زمان– بەشی کوردی

**0- پێشەکی**

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە پێشکەش کردنی شێوەیەکی ڕوون و دیاری هەمەلایەنەی گریمانەی پێش کات، بە خوێنەر دەڵێت مەبەست لە گریمانەی پێش کات چیە، بۆیە سەرەتا دەست بۆ زۆر لایەنی ئەو دیاردەیە دەبات تا چوارچێوەیەکی فراوان و گشتی ئەو دیاردەیە پیشان بدات. دواتر دەتوانرێت لە هەر لایەنێك لەو لایەنانەی لەم باسەدا خراونەتە ڕوو قوڵبوونەوەی زیاتر ئەنجام بدرێت. ئێمە ئەو ئەرکەمان بۆ نوسینی دواتر داناوە، بە باوەڕی ئێمە تێگەیشتن لە گریمانەکاری و دیاری کردنی ئەو دیاردەیە بە بەراورد لە گەڵ دیاردە زمانیە نزیکەکانی تر (بۆ نمونە، پێشنیاز و پێشبینی کردن و واگەیاندن) لە زماندا دەبێ هەنگاوی یەکەم بێت، دیارە نوسینی سەرکەوتوو ئەوەیە کاتێ لە خوێندنەوەی دەبیتەوە بیرێکی گشتی سەبارەت بە دیاردەی باسکراوی لای خۆێنەرەکانی بەجێ هێشتبێ، بەو هیوایەی ئەم نوسینە ئاوابێت و خزمەتێکی بچوکی پێشکەش بە زمانی کوردی و خوێنەرەکەی کردبێ.

**1.0 بنەماکانی گریمانەی پێشەکی**

**1.1 ڕاستی لۆجیکی یەکسانە بە فۆڕمی لۆجیکی:**

بە باوەڕی (1981:87) Lyons هەر "ڕاستی (یان درۆ) یەکی لۆجیکی دانەیەکە کە بەهای– ڕاستیەکەی بە تەواوی بە هۆی فۆڕمی لۆجیکی پێشنیازەکە(یە)وە دیاری دەکرێت"، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا "all unmarried men are unmarried" واتە هەموو ئەو پیاوانەی ژنیان نەهێناوە بێ ژنن یان ڕەبەنن"، دەبێ ئەوەش بگوترێ کە هەموو زانایانی زمان لە سەر ئەوە کۆك نین کە فۆڕمی لۆجیکی تاقە ڕێگەیەك بێت بۆ بڕیاردان سەبارەت بەوەی کە دەبێ کام فۆڕمە "ڕاستی لۆجیکی" پیشان بدات، ئەو ناکۆکیەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ (جۆری) پەیوەندی لە نێوان فۆڕمی لۆجیکی پێشنیازەکە و بنیاتی سروشتی زمانی رستەکە. هەموو ئەو تێڕوانینانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە فۆڕمی لۆجیکی زیاتر لە بابەتێکی ڕون و بێ پێچ و پەنادا دیاری دەکرێت، واتە ئەو فۆڕمانەی خوێندنەوەی ژێرخانی بەخۆوە ناگرن. بۆ نمونە، کەسەکان بە هەر دوو قسەکەر و گوێگرەکانیشەوە بە شێوەیەکی سروشتی لەوە بە ئاگان و باش تێ

دەگەن کە "هەموو خانووە بەرزەکان، بەرزن"، یان "ئەوانەی لە گوندەکاندا دەژین، گوند نشینن" و هەروەها، ئەوانە وەك "فۆڕمی لۆجیکی" دەناسرێن.

کاتێ باس دێتە سەر لێکۆڵینەوەی زمانی، بۆ نمونە، لە لێکۆڵینەوەی سروشتی سیمانتیکی زمانێکی دیاریکراودا، لێکۆڵەر ناتوانێ خۆی لە چەندان زاراوەی وەك فۆڕمی لۆجیکی، گریمانە، پێشنیاز، ناوەرۆك، واگەیاندن، مەرج، مەرجی ڕاستی، مەرجی بەزەرورەت، دونیای چاوەڕوانکراو، پێویستی–بەزەرورەت، و دەیان شتی تری لەو جۆرە لابدات، بۆیە دەبێ لە کاتی لێکۆڵینەوە لە بواری سیمانتیکیدا هەموو ئەوانە (وەك دیاردەی زمانی کە تایبەتن بە سروشتی سیمانتیکی زمانی ژێر لێکۆڵینەوە) بە بیری خۆیدا بهێنی و تاو توێیان بکات بە مەبەستی دیاریکردنی ڕۆڵ و ڕەفتاری هەر یەك لەوانە، چونکە هەر یەك لەو دیاردانە خاوەنی دەستەیەك لە تایبەتێتین کە ناشێ کتومت هاوسان بن بە تایبەتێتی دیاردەکەی تر.

بە باوەڕی (181:87-8) Lyons ئەگەر "واگەیاندن" بەو جۆرەی سەرەوە دیاریبکرێت، ئەوە "واگەیاندن" نیە وەك ئەوەی بەتەواوی واگەیاندن یان دەبێ واگەیاندن بێت، وەك چەقی گرنگی پێدان(و مەبەست) لە لایەن قسەکەرەکانەوە، ئەوە زیاتر وەك سیمانتیك یان شیکاری واگەیاندن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. ئەوەی کە زانایانی زمان زیاتر بیری لێدەکەنەوە ئەوەیە کە دەبی باسکردنی بابەت و دەوروبەر بە شێوەیەك بن وەك ئەوەی کە هەیە، واتە واقیع، لە ڕاستیدا هەموو ڕاستیە بەزەروریەکان شیکارین، "واتە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی سیمانتیکی و ڕەفتاری دەربڕین و کەرەستەکانەوە هەڵدەهێنجرێن لە زمانێکی دیاریکراودا".

دەتوانین ڕەفتاری هەموو ئەو دەربڕین، ڕستە و ئەو کەرەستانەی لە ژیانی واقیعدا هەستیان پێدەکەین دیاری بکەین کاتێ دەربڕینەکان بە سادە و ناسادەیانەوە سروشتی بن و لە سەر بنەمای سروشتی زمانی ژێر لێکۆڵینەوە لە سەر ئاستی خوارەوە یان بە هۆی کردەوەی گواستنەوەوە لە سەر ئاستی سەرەوە بنیات نرابن. شایانی باسە ڕستەکان دەبێ نا–سادەبن، سادەکانیش زۆرجار ڕستەیەکی تر بە تێڕوانینێکی دیاریکراوەوە، بە شێوەیەکی ژێرخانی کە هەڵگری بیر و ڕا و تێڕوانی قسەکەرەکانن لە خۆ دەگرن. ئاسایی، قسەکەر و گوێکرەکان، هەردووکیان، بەشێك لە ڕاستیەکان لە سروشتی پێکهاتەی بەشی یەکەمی دەربڕینەکەوە وەردەگرن. هەر لەو ڕووەوە، Lyons (هەمان سەرچاوە) باوەڕی وایە کە تێڕوانینی قسەکەر بۆ ژیان و خودی دەربڕینەکە (کە هەر دوو بەشەکانی بکەری و کاری دەگرێتەوە) کاری گەری بەرچاوی خۆیان هەیە سەبارەت بەوەی کە دەربڕینەکە دەبێ ڕاست بێ یان درۆ، بۆ نمونە، پێکهاتەی بیۆلۆجی کەسەکان یان شتەکان کە دواتر لە ڕەفتارەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە کاریگەری دیاریان هەیە، سەرنج لەو ڕستەیەی لای خوارەوە بدە

(١) هەموو مارەکان کوشندەن یان ژەهراوین.

ئەگەر پێشنیارەکە ڕاست بێت (کە لە واقیعدا لە سەر سروشتی سیمانتیکی پێکهاتەکانی ڕستەکە ڕۆنراوە)، ئەوە بەهای ڕاستیەکەی بە هۆی زەرورەتی بیۆلۆجی و ڕەفتاری ئەو جۆرە گیانلەبەرەوە هاتووە، دیارە "ئەوەش بە پێی تێگەیشتنی ئەو کاتەی کەسەکانەوەیە کە سەرچاوەی خۆی لە

زەرورەتـی سروشـتی پێكهاتـەی ئـەو گیانلەبـەرەوە هـەڵگرتووە" لـە ڕاسـتیدا، زانایـانی زمـان ئـەو ڕاستیە وەك سەرەنجامی كردەوەی شیكاری دەزانن. لـە بـواری لێكۆڵینـەوە و پیشانداني جیـاوازی لە نێوان دوو دیاردەدا، كەواتە، زەرورەتی سروشتی و پێویستی بە هۆی واتاوە دەبێ نمونەیـەكی وەك (١) لەبەر چاو بگیرێ. ئەوە لە لایەكەوە لە لایەكی تریشەوە دەشێ ئـەو نمونانـەی سـەرەوە كـە وەك دیاردەی "واگەیاندن" دەهێنرێنەوە جێگەی شك و گومان بن، ئـەوەش لـەو كاتانـەدا ڕودەدات ئەگەر پەیوەندی بە واتای تەسكی واگەیاندنەوە هەبێت و بەس، بۆ نمونە،

(٢) X ئاوسە ~~(سكی پڕە)~~◄ X مێینەیە.

هەردوو قسەكەر و خوێنـەر دەیانـەوێ تاكید لـە سـەر ئـەوە بكەنـەوە كـە (٢) ڕاسـتە، ڕاستیەكەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕۆڵـی واتـای زاراوەكـانی ئـافرەت، مێینـە و ئاوسـی، كـە تاكیـد لـە سـەر هاوتـایی هاوكێشەكە دەكەنـەوە، واتـە ڕاسـتی بەشـی دووەم بـەهای خـۆی لـە سـەر ڕاسـتی بەشـی یەكـەم وەردەگرێ، ئەگەر ڕاست بێ X مێینەبێ ئەوەش ڕاستە كە X سكی پڕە. بە چاو پۆشین لەوەی كە دەشێ نێرینەش هەمان ئەركی مێینە ببینێ یان نا. بە هـەر حاڵ هـەر چۆنێ بیر بكەیتـەوە ئاوسـی یان سك پڕی بەشێكە لە توانای سروشتی یان ڕەفتاری مێینـە، یـان مێینـە بەشـێكە لـە واتـای سك پڕی، باری بیۆلۆجی ئافرەت تاكید لەسەر ئەو ڕاستیە دەكاتەوە، لە كاتێكدا كەسەكان زۆر جار بیر لەو وردەكاریە ناكەنەوە، تـەنها ئـەوە بەسـە كـە بەشـێوەیەكی هۆشـەكی عـەقڵی ئەگـەری(ئیحتمـالی) ئەوە لە بەر چاو دەگرن كە هەندێ جار دەشێ نێرینەكانیش وەزیفەی مێینە وەك ئاوسی ببین.

### 1.2 بەهای ڕاستیەكان سەرچاوەی خۆیان لە بارودۆخەكانەوە وەردەگرن

بـارودۆخی ڕاسـتیەكان (كـە دەشـێ وەك كـات و شـوێنی ڕوداوەكـان لـە دونیـای دەوروبـەری كەسەكانەوە مامەڵەی لە گەڵدا بكرێت) بەهای ڕاستی ڕستەكان دیاری دەكات. ئەوەش ناكرێ تەنها وەك بەهای ڕاستی، بەڵكو دەبێ وەك هەر دوو بەهای ڕاستی و درۆ مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت لەوەدا كە سەرەنجامی باسەكان هەمیشە ڕاست نابن. ئـەو بەهایانـە بـە هـۆی پەیوەنـدی لـە نێـوان ڕسـتە و دونیـای دەوروبـەر و ڕاسـتیەكانیش وەك ڕاسـتیەكی ئـەزمونی empirical لـە ئـەنجامی تاقیكردنـەوەی كەسـەكانەوە لـە دونیـای دەوروبـەرەوە بەرزدەبنـەوە و دەخرێنـە بـەر چـاو. بـەلای Jaszczolt (2005:54-5) ەوە هەندێ ڕستە بە هۆی فۆڕمەكانیانەوەیە كە ڕاستن، بـۆ نمونـە، (١) و (٣)، و هەنـدێكی تـری لـەو بابەتـە پێویـست بـە پـشكنینی بـە هاكانیـان ناكـات بەرانبـەر بـە بارودۆخەكان، بۆ نمونە،

(١) پیرەمێردی شاعیر پیرەمێردی شاعیرە.

(٢) باپیر دێت (یان) نایەت.

(٣) (هەموو) بێوەژنەكان بێ مێردن.

ڕستەكانی (١) و (٣) دووبارەن، واتای بەشـی دووەم تاكیـد لەسـەر واتـای بەشـی یەكـەم دەكاتـەوە بۆیە دەشێ وەك ئاخاوتنێكی ڕاست مامەڵـەیان لـە گەڵدا بكرێت، بـەڵام لـە ڕوی گەیانـدنی زانیـاری تازەوە بێ كەڵك و وەك ڕستـەی بـەتاڵ مامەڵـەیان لـە گەڵدا دەكرێت. بە پێچەوانەوە ئـەو ڕسـتانـەی

بەشی دووەمیان وەك بەرپەرچ و ناكۆك بۆ بەشی یەكەمەكانیان ڕەفتار دەكەن، هەمیشە بەهای درۆ بە خۆوە دەگرن.

(٤) باپیر هەفتەی ڕابردوو سەفەری كرد بەڵام هێشتا هەرلێرەیە.

(٥) باپیر كار دەكات و (باپیر) كارناكات.

ڕاستی ڕستەگەلێكی وەك (١) و (٣) و درۆیەتی (٢) و (٥) بەلای (2002:55) Jaszczolt ەوە دەكرێ پێیان بوترێ ڕاستی پێشینە priori، واتە پێش هەر بەسەرهات یان شارەزاییەك سەبارەت بەوەی دەبێ لە كاتی ئاخاوتندا، سەرنج لە دەور و بەر بدرێ كە خۆی لە واقیعدا دەبینێتەوە، بۆ نمونە، دەبێ ئەو واقیع یان دەوروبەرە لە چی بكات یان چۆن بێت. ڕاستی پێشتری، ڕاستیەكی پێویستە، هەقیقەتێكە كە ڕاستی و چەوتیەكەی بە حاڵەت یان بارودۆخی دونیاوە بەندە(وەك ئەوەی بەرانبەر بە دواتری، ڕاستی ئەزمونی بوەستێتەوە)، دیارە زانایانی زمان ئەو جۆرە تێڕوانین و لێكدانەوانانە وەك شیكاری ڕستەكان analytic [1]truth لە بواری سیمانتیكیدا مامەڵە دەكەن. ڕاستی و درۆی ڕستەكان لە دوو سەرچاوەوەوە هەڵدەهێنجرێن: یەكەم لە چۆنیەتی بنیاتی ڕستەكان (فۆڕمی لۆجیكی یان نا؟)، دووەم، لە پەیوەندی (ڕستەكان) لە گەڵ دونیا( واتە دونیای دەرەوە یان واقیع كە دەبێ ڕستەكە لە وەسفی ڕوداوێكدا وترابێ كە بە ڕاستی ڕویدابێ و بەشێك بێ لە ڕەفتار و ئەزمونی قسەكەر؟)، جۆرێكی تر لە ڕستە جیادەكرێتەوە كە پێی دەگوترێ ڕاستی تەولیفی–synthetic. دەتوانرێ ڕاستی ڕستەی شیتەڵی لە خودی فۆڕمی ڕستەكەوە هەڵبهێنجرێ و پێشبینی بكرێ كە پێی دەگوترێ فۆڕمی لۆجیكی. بۆ نمونە، بە شێوەیەكی زگماكی و لە خۆوە كەسەكان ئەوە دەزانن كە چۆن فۆڕمی ڕستەیەكی وەك (٦) یارمەتی بڕیاری لێكدانەوەی شیكاری دەدات.

(٦) هەموو كچە ڕەش پۆشەكان كچن.

بە مەبەستی دیاریكردنی جیاوازی و پەیوەندی لە نێوان زمانی سروشتی و زمانی لۆجیكیدا دەتوانرێ ڕستەیەكی دیاریكراو لە زمانی سروشتیەوە وەربگێڕدرێتە سەر فۆڕمی لۆجیكی، ئەو كردەوەیە یارمەتی كەسەكان دەدات تا بزانن لە ژێر چ مەرج گەلێكدا ئەو ڕستەیە ڕاستە. زیاتریش

---

[1] Analytic language or analytic truth لە زماندا پێی دەگوترێت لغە تحلیلیە(زمانی شیكاری) یان حقیقە تحلیلیە(ڕاستی شیكاری)، لە زماندا پەیوەندی ڕێزمانی لە بەر چاو دەگیرێت و بە هەند وەردەگیرێت ، دیارە ئەوەش بە هۆی ئەرك و وەزیفەی وشەكان و جۆری ڕێكخستنیانەوەیە لە چوارچێوەی ڕستەدا بەرهەم دێت، نەك بە هۆی پێشگر و پاشگرەكانەوە. جگە لەوە مەبەست لە ڕستەی شیتەڵی– analytic sentences ئەوەیە كە ڕاستی و درۆی ڕستەی ژێر لێكۆڵینەوە پشت بە لێكۆڵینەوەی لۆجیكی دەبەستێت، بۆ نمونە، "(هەموو) كچەكان شویان نەكردووە"، ئەو ڕستەیە بە زەرورەت ڕاستە چونكە وشەی كچ لە كوردیدا خۆی لە خۆیدا مەبەست لە كەسێكە كە بێ هاوسەر و پەیوەندی ژن و مێردایەتی بە كەسێكەوە نەبێ، یان نمونەیەكی تر كانیەكە یان ڕوبارەكە ئاوی تیایە، كانی و ڕوبار واتا و بەهای ڕاستیەكانی خۆیان لە بوونی ئاوەوە وەردەگرن، دیارە بەرانبەر بەوە ڕستەی تەولیفی– synthetic sentence هەیە كە واتاكەی پشت بە ڕاستی و درۆیی لێكدانەوەی لۆجیكی نابەستێت. بەڵكو زیاتر پشت بە شارەزایی و پەیوەندی بە واقیعەوە دەبەستێت، بۆ نمونە، "ڕۆژ بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە" بۆ زیاتر زانیاری سەیری A dictionary of the retical Linguistics by Muhamed Ali Al Kuhli. 1982 بكە.

لەوە بە سەرنجدان لە فۆڕمی لۆجیکی ڕستەیەکی شیکاری، یارمەتی خوێنەر دەدات کە بۆیان ئاسانتر بێ بزانن کە ڕستەی ژێر لێکۆڵینەوە شیتەڵیە–analytic تەنها بە هۆی فۆڕمەکەیەوە بە بێ ئەوەی بیر لە مەبەستی ڕستەکە بکرێتەوە.

(٧) (ا) ئەگەر باپیر حەز لە ترێ و حەز لە هەنار بکات دوایئەوە باپیر حەز لە ترێ دەکات.

(ب) ئەگەر p و q پاشان p

**1.3 پەیوەندی لە نێوان پێشنیاری لۆجیکی و هەواڵی لۆجیکی:**

مەبەست لە زمانی لۆجیك (یان سەرەنجامی ڕاست) ئەوەیە کە: کردەوەی لێکۆڵینەوە و هەڵێنجان یان وەرگرتنی سەرەنجامە دەبێ لە گەڵ واقیعدا یەکسان بێت، بە واتایەکی تر لە گەڵ زانیاری سروشتی و کولتوری کەسەکان کوك و گونجاوبێت، بۆ نمونە، سەیری (١) بکە، کە تیایدا سەرەنجامەکان بەشوێن گریمانەکاندا دێن، واتە گریمانەکان سەرەنجامی لۆجیکی بەخۆوە دەگرن. کاتێ کەسەکان هەموو زانیاریەکانی خۆیان بە مەبەستی بڕیاردان سەبارەت بە ڕاستی بار و زروفەکان بەکار دەهێنن. بەلای زانایانی زمانەوە ئەو سەرەنجامانە لە لێکۆڵینەوەی زماندا پێیان دەگوترێ لۆجیکی بەئەنجام گەیشتن–deductive logic، بۆ نمونە.

(١) (ا) گریمانەی یەکەم: ئەگەر باپیر لە ماڵەوە نەبێ، (ئەوا) لە دوکانە. P پاشان q

(ب) گریمانەی دووەم: باپیر لە ماڵەوە نیە. p

―――――――――――――――

(ج) پوختەی قسە: باپیر لە دوکانە. ←――――― q

ئەوەی شایانی باسە ڕاستی لۆجیکی زیاتر لە ڕستە هەواڵیە نا–سادەکاندا ڕودەدات، بۆ نمونە، ئەگەر (p و q)، ئەو کات دەتوانرێ ئەوە بگوترێ کە ئەگەر هەر دوو p و q ڕاست بن پاشان بە زەرورەت ڕستە نا–سادەکە ڕاستە و بەهایەکی لۆجیکی بەخۆوە دەگرێت، بۆ نمونە،

(٢) ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزە و هەمووومان لە سەیرانین.

(٢) وەك ڕستەیەکی هەواڵی مامەڵە دەکرێت کە دوو هەواڵمان پێ ڕادەگەیەنێ، (ا) پێمان دەڵێ کات، واتە ڕۆژەکە ڕۆژی نەورۆزە، (ب) هەموو لا لە مەراسیمی زیندوکردنەوەی ئەو ڕۆژەدا، لە دەرەوەی ماڵەکانی خۆمان لە سەیرانین، کەواتە بۆ ئەوەی ڕستە کە وەك ڕاست مامەڵە بکرێت، دەبێ هەردوو بەشەکانی (٢) کە بە هۆی "و" ەوە گرێدراون ڕاست بن، واتە دەبێ ئەمڕۆ جەژنی نەورۆز(٣\٢١) بێت و ئێمەش هەموو لە سەیران بین. هەر بۆیە لە ڕستەی یەکەم جەژنی نەورۆز و لە ڕستەی دووەم سەیران دوو کەرەستەی سەرەکی ڕستە لێکدراوەکەن و تەواوکەری یەکترین، بۆیە بە گۆڕینی جەژنی نەورۆز (٣\٢١) بە ٢١ \ ١٢ یان سەیران بە فێربوونی زمانی سویدی دەشێ ڕستەکە وەك ڕاست مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت. بۆیە باشتر وایە واتاکە لە ڕوی ڕاستی و درۆییەوە لە بەر چاو بگیرێت چونکە ئەگەر ڕستەیەك درۆ و یەکێکی تر ڕاست بێ ئەوا هەر دوو بەشی ڕستەکە دەشێ دوو لێکدانەوە یان دوو پێشنیاری جیاواز هەڵبگرن. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە

بۆ ئەوەی کە گریمانە یا پێشنیار وەك ناوەرۆکی ڕستە مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت.

بەلای Gottlob Frege وە (لە Jaszczolt 2002:59 وە) "واتای ڕستە بە هۆی واتای وشەکانی و بنیاتی ڕێزمانی ( واتە، چۆنیەتی ڕیزکردنی وشەکانەوە دیاری دەکرێت). جگە لەوە وتووێــژیش لــە ســەر ئــەوە کــراوە کــە ڕەگــەزەکانی بنیــاتی ئــەو ڕســتانە وەك ڕیزکردنــی بەشەکانی(ڕستەلێکدراوەکان) دەتوانن کار بکەنە سەر واتای ڕستەکان". بۆ نمونە، واتای (٣) جیاوازە لە واتای (٤).

(٣) ئەوان بونە هاوسەری یەکتری و منداڵێکیان هەیە.

(٤) ئەوان منداڵێکیان هەیە و بوونە هاوسەری یەکتری. (Jaszczolt 2002:50)

"و" لە زمانی کوردی دا هەروەك "and" لە زمانی ئینگلیزیدا تا ڕادەیەك چەند تایبەتمەندیەکی سیمانتیکی تایبەت لە خۆ دەگرێت، زیاتر لە هەندێ ڕەگەزی سادەی تری وەك ٥–٣= ٢. لە هەردوو زمانەکەدا ڕستە سادەکان بە هۆی ئامرازی لێکدەرەوە لێکدەدرێن کە هاوسانن بە هێمای لۆجیکی & و واتایەکی دیاریکراویان هەیە، بۆ نمونە، p & q ڕاستە ئەگەر هاتوو هەر دوو p و q ڕاست بن.

لە ڕاستیدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تێڕوانینەکانی Russell کە دەڵێ ڕستە (وەك گەورەترین بەشی دەربڕین کە واتای هەیە) دەبێ ڕاست، درۆ یان بێ واتا بێت. سەبارەت بەو بابەتە دەبێ سەرنج لەو ڕستە باوە بدرێتەوە کە دەڵێ :

(٥) مەلیکی فەڕەنسا کەچەڵە.

دیارە هەڵسەنگاندنی ڕستەیەکی دیاریکراو لە دونیای واقیعدا لە سێ شت تێناپەڕێ، بۆ نمونە، وەك ئەوەی دەبێ هەڵە–false، ڕاست–true یان بێ واتا–meaningless بێ، واتە ڕستە دەبێ لە وەسفی هەقیقەتێکدا وترابێ وەك (ڕاست) یان نەیان توانیبێ وەسفی کەسێ شتێ بکەن وەك هەیە لە واقیعدا (وەك درۆ) یان نە ڕاست نە درۆ، واتە بێ واتا و لەباریدا نەبێ زانیاری تازە بخاتە سەر تاقیکردنەوە کۆنەکانمان. لە لایەکی ترەوە ڕستەکان وەك بەندێك یان ئەوەتا دەبێ گریمانە بکەن یان گریمانە کرابن. بەو جۆرە (٥) بێ واتا نیە، بە شێوەیەکی لۆجیکی ڕاست نیە، لێکدانەوەکەی Russell لە سەر ئەوەیە کە درۆیەتی ئەو ڕستەیە بە هۆی فۆڕمەکەیەوەیە، وا دەگەیەنی کە لەویانە یەك و تەنها یەك مەلیك هەیە کە ئەویش کەچەڵە، جا لەبەر ئەوەی ئەو ئیدیعایەی کە دەڵێ لەویانە(لەوێ) مەلیکی فەڕەنسا هەیە درۆیە، کەواتە هەموو ڕستەکە لە بنەڕەتەوە هەڵەیە(فەڕەنسا هەر لە بنەڕەتەوە مەلیکی نیە).

### 1.4 جیهانی چاوەڕوانکراو-possible world

بە شێوەیەکی گشتی ناتوانرێ بارودۆخە چاوەڕوانکراوەکان–possible world وەك جۆرێك لە بارودۆخی هەقیقی مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، بارودۆخەکان هەر ئەوەنین کە هەنوکەیی دەربارەیان دەدوێین لە دەوروبەرماندا هەستیان پێدەکەین و لە گەڵیاندا دەژین، بە ڵکو زۆر شتی تر هەن کە دوای کاتی قسەکردن دەشێ ڕوبدەن یان نا، هەندێکیان قسەکەرەکان خۆیان بە ئاواتیان دەخوازن ڕوبدەن و هەندێکی تریان لە دەرەوەی ئارەزوەکانیانەوەن، تەنها گریمانە و پێشنیار

دەکرێن، کەواتە دەتوانرێ ئەوە بگوترێ کە ڕێبازێکی تری لە سەر ڕاستی دامەزراو سەبارەت بە واتای زمانی دانەیەکە لەوانە کە تیایدا ڕستەکان بە شێوەیەکی جوت ڕستە ڕودەدەن نەك سەبارەت بە کێشەیەك لە کێشەکان بەڵکو سەبارەت بە جیهانە چاوەڕوانکراوەکان. بە واتایەکی تر واتای ڕستەیەکی زمانی سروشتی بە هۆی دەستەیەك لە دونیای چاوەڕوانکراوەوە بە دەست دێن کە تیایدا ڕستە و بەندە فەرهەنگیەکان وا مامەڵە دەکرێن وەك ئەوەی هێما بۆ ڕوخسارێکی واقیع بکەن، واتە بە شێك لە واقیع بە ئێمە بناسێنن. لە لایەکی ترەوە دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگیرێ کە پیاو کوژێکی هەر بە ناو alleged murder ناتوانرێ وەك پیاو کوژێکی هەقیقی سەیر بکرێ، هەر وەك چۆن باران بارینێکی هەنوکەیی بەرچاو لە گەڵ چاوەڕوانی باران بارین لە ئەنجامی بوونی هەور بە ئاسمانەوە بە شێوەیەکی لۆجیکی بەراورد ناکرێن، واتە ئەوەی هەنوکەیی لەبەر چاوت ڕودەدات زۆر جیاوازە لەوەی چاوەڕوانی دەکەیت کە لە ئایندەیەکی دوور یان نزیکدا ڕوبدات، بۆیە لە یەکەمیاندا خوێندنەوەی هۆکاری بابەتی و لە دووەمیاندا کەسی هەڵدەگرن. لێرەدا دەبێ سەرنج لە پەیوەندی لە نێوان "بیر و بوون" بدەین، لەو بوارەدا، زانسنی بوون ontology گرنکی بە پەیوەندی لە نێوان وشە و بیرکردنەوەدا دەدات، بۆ نمونە، وشەکان دەبێ شتێ، ڕوداوێ لە دونیای واقیعدا پیشان بدەن یان ئاماژەی بۆ بکەن، ئەمە لە لایەك و لە لایەکەی ترەوە دەبێ پەیوەندی لە نێوان بیر و واقیعیشدا پیشان بدرێ، زانستی بوون لە واقیعدا لقێکی فەلسەفەیە کە مامەڵە لە گەڵ جەوهەر و سروشتی بوون و بنیاتی ڕاستی–reality دا دەکات. لە ڕاستیدا هەر ئەو بوونەیە وا لە کەسەکان دەکات وەسفیان بکەن، لێکیان بدەنەوە و گریمانەیان بکەن بە پێی ئەو زانیاریە فەرهەنگی و کولتوریەی هەیانە سەبارەت بە دەوروبەر و خودی جەوهەری شتەکانیش وەك هەن لە دونیای واقیعدا، دیارە هەموو ئەوانە بە مەبەستی ئەوەی تا لایەنی بابەتی بە سەر لێکۆڵینەوەکاندا زاڵ بێ... زانیاری ڕاستی knowledge of reality لە لایەن کەسەکانەوە بە دەست دێت لە ئەنجامی، (١) بونی زانیاریەکی پێشینە، واتە المعرفە، (٢) وەبیر هێنانەوەی زانیاریە پێشینەکان بەمەبەستی بیناکردنەوە و گەشەپێدانیان بە هۆی موتوربەکردنیان بە زانیاری تازە، (٣) تێگەیشتن لە ناوەڕۆك و جەوهەری بابەتەکان و (٤) دواتر لەبەر ڕۆشنای ئەو تێگەیشتە پێشنیار و گریمانە کردنیان، بەخەیاڵی کردن و پۆلینکردنی دونیای دەوروبەر کە خۆی لە هەقیقەتدا دەبینێتەوە. (Saeed (2004:44 بەو بارودۆخ و لایەنانە دەڵێت تیۆری بابەتێتی–objectivism، لە کاتێکدا ئەو لێکۆڵینەوانەی کە خەیاڵ و ئارەزوی بکەر یان قسەکەر تیایاندا ڕەنگ دەداتەوە دەتوانین پێیان بڵێین تیۆری کەسێتی -subjectivism. یاسای هەڵێنجانی لۆجیکی laws of logical inference سەر بەخۆن لە ناوەڕۆکی ئەو ڕستانەی وەك پێشنیار یان گریمانە هاوبەشی دەکەن.

بۆ نمونە،

(1) (ا) پێشنیاری ١ : ئەگەر چۆلەکە باڵندەبێ ئەوا مار(یش) خشۆکە. P ئەوسا q

(ب) پێشنیاری ٢: چۆلەکە باڵندەیە q

.________________

(ج) سەرەنجام : مار خشۆکە. q

لێرەدا لە کاتی لێکدانەوەی سیمانتیکی دەربڕینەکاندا دەبێ دیاردەیەکی زمانی تریش لە بەر چاو بگیرێت، بۆ نمونە، "مەرجی ڕاستی-truth conditional"، کە بریتیە لەو مەرجانەی کە دەبێ هەبن لە هەر بارودۆخێك یان جیهانێکی چاوەڕوانکراو کە تیایدا پێشنیار یان گریمانە و واتاکان خوێندنەوەی ڕاست، واتە هەقیقی هەڵ دەگرن، بەو جۆرە دەبێ بۆ هەر پێشنیارێك دەستەیەك لە بارودۆخی چاوەڕانکراو هەبن کە تیایدا گریمانەکان ڕاست ( یان هەندێ جار درۆ) دەرچن. کەواتە، بۆ ئەوەی مەرجی ڕاستی ڕستەیەك بدەیت دەبێ دەستەیەك لە جیهانی چاوەڕوانکراو بدەیت کە تیایدا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە ئەو پێشنیارە وەك هەقیقەت لە دونیای دەوروبەر ڕوبدات. دونیای چاوەڕوانکراو بەشێوەیەکی حسی دیاریدەکرێت کاتێ قسەکەرەکان بیر لە دەربڕینێکی وەك "ئەگەر پارێزەر بوومایە"، ئەو کات چاوەڕوانی چیت دەکرد؟، یان ئەگەر باران نەبارییایە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە دەچووم بۆ X، "ئەگەر A نەیەت" دیارە ئەوسا ناتوانین هیچ قەرارێك بدەین بە بێ ئەو، و هەروەها، ئەوانە ئەو پێشنیار و گریمانە چاوەڕوان کراوانەن کە دەتوانرێ ببن یان نەبن. بەو جۆرە دەتوانرێ گریمانە وەك ئامرازی پەیوەندی لە نێوان جیهان و دەستەیەکی دوو بەهای وەك "ڕاست" یان "درۆ" مامەڵە بکرێت، لە لایەکی ترەوە پێشنیارەکان جیهانەکان دەکەن بە دوو بەشەوە ئەوانەی کە ڕاستن و ئەوانەی کە درۆن. بەلای .(Jaszczolt 2002:65 "پێشبینیەکان (گریمانەیە–proposition) ئامرازی پەیوەندین لە نێوان جیهانەکان و بەهای ڕستیدا: بۆ نمونە، دەتوانرێ گریمانەکان وەك بێژنگێك بچوێنرێن کە بە هۆیانەوە جیهانە چاوەڕوانکراوەکان پۆل پۆك دەکرێن بۆ ئەوانەی کە بێژنگەکە دەیانهێڵێتەوە و ئەوانەش کە فڕێیان دەداتە دەرەوە" واتە، گریمانەکان جیهانەکان دەکەن بە دوو بەشەوە ئەوانەی ڕاستن و لە دونیای واقیعدا ڕوودەن و ئەوانەش درۆو توانای ڕودانیان نیە، تا دەگاتە سەر ئەوەی بڵێ "بە واتایەکی تر –گریمانە (پێشنیار) ئەرکێکە لە دونیای چاوەڕوانکراوەوە بۆ بەهای ڕاستی. بۆ نمونە، گریمانەکان ئەو بارودۆخە چاوەڕوانکراوانە هەڵدەبژێرن کە تیایدا قووەکان سپین و لە گەڵ بەهای "ڕاستیدا" دەیان گونجێنن".

(٤) هەموو قوەکان سپین.

## 2.0 گریمانەکاری لە زماندا

### 2.1 پێناسە و ناساندنی گریمانەی پێشەکی

گریمانەی پێشەکی لە بواری زانستی زماندا بریتیە لە پەیوەندی لۆجیکی لە نێوان فۆڕمی دەربڕینێکی زمانی و ئەو واتا شاراوەیەی دەربڕینە زمانیەکە هەڵی دەگرێت. دیارە، گوێگر و خوێنەر دەگەنە ئەو واتا شاراوانە بە هۆی پراگماتیك وەك بەکار هێنانی زمان یان ئاماژەکردن–reference، و گەڕانەوە بۆ واتاکان لە ڕێگەی واتا فەرهەنگی و نا–فەرهەنگی وشەکانەوە. بەلای (Verschueren (1999:30 ەوە جگە لەوانە "ئاماژەکردن و پراگماتیك وەك پرۆسێسی هەڵێنجانی واتا بە ڕێگەیەك کە ناتوانرێ بەخەیالی خۆتیا بیهێنی بە بێ ئەوەی زانیاری دەقی لە بەرچاو بگری"، هەروەها دەتوانی سود لە جۆرەکانی پرۆسێسی ئەنجام دەرهێنان لە نێوان فۆڕم و

واتای ژێرخانی دەمەتەقێی – "conversational implicature" [2] وەر بگری.

بە شێوەیەکی گشتی گریمانەی پێشەکی وەك ڕوخسارێکی تری واتایی، گرنگی دەدات بەو دونیایەی کە دەوری قسەکەر و گوێگرەکانی داوە. واتە قسەکەر بیرەکانی خۆی بەرەو بەرانبەر ڕەوانەدەکات کاتێ باش دەزانێ کە بەلای بەرانبەرەکەیەوە ئاساییێن، بۆ نموونە، لە ڕستەیکی وەك ئەوەی خوارەوە کە ئامرازی شوناسی تیادا بەکار هاتووە،

(١) مەرحەبا، چۆنی تکایە پێم نالێی(ئایا) ئەمڕۆ تەماتە فرۆشەکە بێرەدا گوزەری کردووە؟

ئەگەر قسەکەر زۆر دڵنیا نەبێ لەوەی کە گوێگر زانیاری هەیە سەبارەت بە تەماتە فرۆشەکە کە دەشێ ڕۆژانە بە گوزەرەکە یان هەندێ شوێنی تر لە دەوروبەری ئەو شوێنەی دەمەتەقێکەی تیادا ڕودەدات، تێپەڕ بکات، پرساری وا ناکات. بە پێچەوانەوە کاتێ نیشانەی نەناسیاوی "ێك" بە کار دەهێنرێ، ئەو کات نە قسەکەر نە گوێگر دڵنیا نابن لە شتێکی تایبەت کاتێ قسە، یان گریمانە دەکەن، بۆیە لە هەردوو بارەکاندا بە ئاگایی و بە بێ ئاگاییەوە کاتێ گوێگر ڕۆڵی سلبی دەبینێ لە هەڵێنجانی گریمانە و سەرەنجامەکان مەبەستەکان بە ئاراستەی پێچەوانەدا دەڕۆن. بەئاگایی هەر دوو قسەکەر و گوێگر لەو زانیاریەی کە کەرەستەکانی دەربڕینێکی دیاریکراو پێشکەشی دەکەن زۆر جار تایبەمەندێتی خۆی هەیە لە هەڵێنجانی دیاردەیەکی سیمانتیکی پڕاگماتیکی زمانی کە پێی دەگوترێ گریمانەی پێشەکی. بۆ نموونە، دەبێ هەر دوو قسەکەر و گوێگر لەو زانیاریەی (١) و (٢) دەریدەبڕن بە ئاگابن تا زانیاریەکە وەك هەیە لە واقیعدا شوێنی خۆی بگرێ و بەهاکەی لە دەست نەدات، بە ئاگای هەردوولا و تێگەیشتنیان لە واتاو ڕۆڵی جێگۆڕکێی وشەکانی (١) و (٢) دا گرنگی خۆی هەیە و بە باشی بەدەر دەکەوێت، بۆ نموونە،

(٢) تەنانەت باپیریش دەتوانێ بەسەر ئەو چاڵەی لای ماڵی ئێوەدا بازبدات.

(٣) باپیر دەتوانێ تەنانەت بەسەر ئەو چاڵەی لای ماڵی ئێوەشدا باز بدات.

ئەگەر چی کەرەستەکانی (١) و (٢) هەمان شتن بەڵام واتای ڕستەکان چون یەك نین، لەو ڕووەوە کاریگەری جۆری ڕیزکردنی(word order) وشەکان کاریگەری خۆی هەیە ، بۆ نموونە، لە (١) گریمانەی ئەوە دەکەین کە باپیر زۆر باش نیە لە بازبازێندا، لە لایەکی تریشەوە گریمانەی ئەوە دەکەین کە چاڵەکە زۆر قوڵ و درێژ نیە. بەڵام لە لایەکی ترەوە (٢) گریمانەی ئەوە دەکات کە باپیر وەرزشکارێکی زۆر باشە و دەتوانێ بە سەر چاڵەکەدا باز بدات، هەر وەك چۆن گریمانەی ئەوەش دەکرێ کە چاڵەکە زیاد لە پێویست قوڵە.

وەك وترا ئارەزو تێڕوانینی قسەکەرەکان بۆ ژیان دەتوانرێ وەك بنەمای سەرەکی لە بنیاتی جۆر و چۆنیەتی گریمانەکاندا مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، بۆ نموونە، قسەکەر دەتوانێ خوێندنەوەیەکی تر بدات بە (١) و (٢) کاتێ بواری ڕستەکە زیاتر فراوان دەکات و مەبەستێکی تر دەخاتە دووتوێی

---

[2] زاراوەی implicature لە لایەن فەیلەسوفی زمان Paul Grice ەوە بەکار هاتووە، بە مەبەستی داپۆشین یان ئاماژەکردن بۆ چەندان (جۆر لە) واتای شاراوە. بۆ نموونە، پێشنیازکردن–suggestions ، واگەیاندن-implications و جۆرەکانی تری لەو بابەتە. هەندێکیان نەریتین–convertional بۆ نموونە، نا–نەریتیەکان بە فۆڕمی زمانیەوە دەبەستنەوە، ئەوانەی تر دەمەتەقێین–conversational.

دەربڕینەکە کە بە هۆیەوە ئەو گریمانەیەی گوێگرەکان لە (١) و (٢) دا وەری دەگرن کاڵ دەبنـەوە و ڕستە وابەستەکە زانیاری پێچەوانە دەگەیەنێ، بۆیە دەبێ هـەردوو قسەکەر و گـوێگر لـەو باسـە بـە ئاگابن، بۆ نمونە،

(٤) تەنانـەت بـاپیریش "کـە وەرزشـکاری هەڵبـژاردەی کوردسـتانە" دەتـوانێ بـە سـەر ئـەو چاڵەدا بازبدات.

(٥) تەنانەت باپیریش "کە بە هۆی قاچیەوە پەکی کەوتووە" دەتوانێ بەسەر ئەو چاڵەدا بازبدات.

لە ڕاستیدا لێکدانەوەی ڕوخساری سیمانتیکی ڕستە وەك سەنتەر و پڕۆسەی گەشەکردنی ڕستە و دەربڕینـەکان سـەیر دەکرێت. بـەو جـۆرە، لێکدانـەوەی هـەر دوو دیـاردەی گریمانـەی پێشەکی و واگەیاندن وەك بەشێکی گرنگ لە لێکدانەوەی پڕۆسەی ئەو گەشـەکردنە لـە قەڵـەم دەدرێن. کەواتـە دەتوانرێ هەر دوو گریمانەی پێشەکی و واگەیاندن وەك سەنتەری واتـای رسـتەی ژێـر لێکـۆڵینـەوە لێکبدرێنەوە، بەو مانایەی کە هەر دووکیان لە واتای وشەگەلێکی تایبەت و داڕشتنی ڕێزمانی ئەو وشانەوە دێنە بەرهەم.

بەلای چۆمسکی یەوە گریمانەی پێشەکی لێکدانـەوەی گواسـتنەوەی سیمانتیکی بـاری سـەرەوەی دەربڕینەکان وەردەگرێت. .(Seuren (2004:185 لە سەرجەم تێروانینەکانی چۆمسکی دا چوار جۆر لە گریمانەی پێشەکی جیادەکاتەوە:

جۆری i : گریمانـەی پێشەکی وجـودی existential presupposition (بوونی) کە بـە هـۆی کاری سەرەکی لـە دەربڕینـە دیاریکراوەکانـدا دەردەبڕدرێت، بـۆ نمونـە، مـەلیکی فەڕەنسا کەچەڵە فەڕەنسا مەلیکی هەیە.

جۆری ii : گریمانەی پێشەکی یەقینی factive presuppositions : کە بە هۆی کاری سەرەکی لـە کلـۆژە یەقینیەکانـەوە دەردەبڕدرێـت، بـۆ نمونـە، ئـازاد دەزانـێ کـە بـاپیر ژنـی هێنـاوە. باپیر ژنی هێناوە.

جۆری iii : گریمانەی پێشەکی بابەتی categorical presupposition، واتە ئـەو گریمانەیـەی کـە بـە هـۆی دەربڕینێکـی دیـاریکراوەوە دەردەبڕێـت بـە تـەواوی ڕاسـتە، دیـارە لـەو بارانـەدا کـاری سەرەکی ڕستەکە ڕۆڵی سەرەکی دەبینی لە دەربڕینی وەها گریمانەیەکدا. لەو بارانـەدا لێکـۆڵینـەوە لە گریمانـەی پێشەکی لـە سـەر بنـەڕەتی چڕ کردنـەوەی لێکۆڵینـەوە لەسـەر ڕسـتە و بـە تایبـەتیش کاری سەرەکی ڕستەکە بنیات دەنرێ.

بۆ نمونە، باپیر چی تر لە ژنەکەی نادات. ←——— باپیر پێشتر لە ژنەکەی داوە.

جۆری iv : بابەت و جۆرەکانی تر کە ماونەتەوە–remained category کە بە هۆی هێز، بنیاتی لێکترازان– cleft category دەردەبڕدرێن، ئەو جۆرە چەندان نمونە لە خۆ دەگرێت، بۆ نمونە،

(ا) تەنها باپیر پژمی. "باپیر پژمیووە"

(ب) باپیر نەپژمی. "کەسێکی تر پژمیوە"

(ج) ئەوە باپیر نەبوو کە پژمی کەسێك پژمیووە.

بەلای چۆمسکی یـەوە جۆرەکـانی یەکـەم و دووەم وەچـە کلاسـی سـێیەمن، لـە کاتێکـدا گریمانـەی

وجودی لە درێژبونەوەی ڕەفتاری تەواوکەری (کارەکەوە) وەردەگیرێت، دیارە ئەوەش واتای ئەوەیە کە هەقیقەتی ڕەفتاری ئەو زاراوەیە پێویستە بۆ بە ڕاست وەرگرتنی ئەو ڕستەیەی کە تیایدا بەکار دەهێنرێت. کەچەڵی سیفات یان ڕەفتارێکی مرۆڤ یان زیندەوەرە. هەروەك چۆن بە لای چۆمسکیەوە ڕستەی یەکەم بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵەیە، واتە نا-ڕاستە لەکاتێکدا فەڕەنسا مەلیکی نیە.

(Strawson: 1950\1970 پێناسەی گریمانەی پێشەکی دەکات لە ڕێگەی ڕون کردنەوەی پەیوەندی لە نێوان دانەپاڵی NP یێکی دیاریکراو لەگەڵ مانای پەنجە بۆ درێژکراوەکەیدا.

(Katz (1972, 1977 لە (Spender ( 2002 91) ەوە، دوو پێناسە بۆ گریمانەی پێش کات دیاری دەکات: یەکەمیان، گریمانەی پێشەکی ڕستەیەکی دیاری کراو لە سەر بنەمای لێکدانەوی واتاکەی، دووەمیان، ئەوەی پلەی لۆجیکی گریمانەی پێشەکی لێکدەداتەوە، هەروەها باوەڕی وایە کە لێرەدا دەربڕین، واتە، پرینسپڵی دەربڕینی گۆترەکاری statement of the projection principle هەن کە لە سەر لێکدانەوەی سیمانتیکی بابەتە فەرهەنگیەکان لە ڕستەدا بە ئەنجام دەگەیەنرێن، (واتە، پەیڕەو دەکرێن) و لە گەڵ بنیاتی سینتاکتیکیدا لێکدەدرێن بە مەبەستی پیشاندان و لێکدانەوەی واتای ڕستەکان. ئەوانە هەموو ئەوە پیشان دەدەن کە ئەو پەیڕەوانەی دیاریکراون دەبێ واتای سیمانتیکی پێکبهێنن کە بە هۆیانەوە پێشبینی گریمانەی پێشەکی هەر واتایەکی ڕستە دەکەن لە سەر بنەمای پێناسەی گریمانەی پێشەکی.

هەر لەو بارەیەوە (Frege 1960:15 باوەڕی وایە کە زمانی سروشتی مرۆڤ ئامێرێکی ناتەواوە بۆ بیرکردنەوە، پڕە لە هەموو جۆرە کەم و کوڕی و داوە لۆجیکیەکان logical pitfalls، (بۆ نمونە، لێڵی-ambiguity، نا-دیاری vagueness، و هەندێ جاریش پچر پچڕی و ناتەبایی incoherence، لە بەر ئەوە باوەڕی وایە دەبێ بە زمانی دەستکرد جێگەی بگیرێتەوە چەندی قسەکەرەکان بۆیان بلوێ، چونکە ئەوە ئامێرێکی زۆر گونجاوترە بۆ بیرکردنەوە. بەرانبەر بەو ڕایە، ڕای Katz ە، کە باوەڕی وایە زمانی سروشتی ئامێرێکی ناتەواو نیە، بۆیە پێویستی بە وەها دووبارە بیناکردنەوەیەك نیە، لەبەر ئەوە زمانی دەستکرد artificial زیاتر بۆ ماتماتیك، زانستی کۆمپیوتەر، و شتی تری لەو بابەتە باشە. لە ڕاستیدا لە زماندا ئەوەی گرنگە، یەکەم واتاکەی، و دووەم بەکارهێنانی لە ژیانی واقیعدایە، بۆیە ڕستەکان دەبێ لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بەکار بێن تا هەندێ شت دەربڕن، باس بکەن، ڕاست یان درۆ. بەلای Strawson ەوە جیابوونەوە، بە زۆری، جەوهەری جیاوازی بیری ئەو واتایانەیە کە دەتوانن ئەو چوارچێوەیە پێکبهێنن کە تیایدا هەردوو لا، قسەکەر و گوێگر لە گریمانەی پێشەکی دەگەن. بە واتایەکی تر جیاوازی لە واتاکاندا سەرچاوەی دروستکردنی ئەو چوارچێوانەیە کە تیایدا گریمانەکان دەزانرێن، بۆیە بەلای نوسەرەوە لە زماندا واتا (سیمانتیك) گرنگترە وەك لە بە کارهێنان(پڕاگماتیك). (Strawson (1950\1971 p. 184 باوەڕی وایە کە "هەقیقەتی ئەوەی کە ڕستەیەك دەتوانرێ لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بەکاربهێنرێ تا هەندێ شت بڵێ درۆ یان ڕاست"

و گرنگی یان پڕواتای دەربڕینێك كە لە ژیانی واقیعدا ڕوودەدات ئەوەیە كە "دەربڕینەكە دەتوانرێ بەكار بهێنرێ، لە هەلومەرجێكی دیاریكراودا، بەمەبەستی ئەوەی ناوی كەسێكی تایبەت بەرێ".

بەلای (Katz (1979:95 ەوە تایبەتێتی گریمانەی پێشەكیەكان لەوەدایە كە بە زۆری لە ڕستە هەواڵیەكاندا ڕوودەدەن و بەدەست دێن. ئەو واتایانەش -sense كە لە ڕستە هەواڵیەكانەوە بەرز دەبنەوە وەك گریمانە و پێشنیازی ڕاست و دروست، واتە جەخت لە سەر كراو سەیردەكات، دیارە ئەو گریمانە یان پێشنیازانەی نوسەر لێیانەوە دەدوێ بە هۆی زنجیرەیەك لە زاراوەوە term كە لە دەربڕین و ڕستەكاندا بەكار دەهێنرێن و بە دەست دێن، دواتر مەبەستێك یان زنجیرەیەك لە مەبەست دەردەبڕن كە پێشنیاز یان گریمانەكان لە بارەیانەوەن.

Russell 1905:25 و زانایانی سەر بە ڕێبازەكەی، باوەڕیان وایە كە وەها گریمانە یان پێشنیازێك، دەربڕین یان ڕونكردنەوەی هەڵە بەرهەمدەهێنن، چونكە ئەو ڕستەیەی ئەو ڕونكردنەوەیە بەرهەم دێنێ پڕواتایە و دەربڕین یان ڕاگەیاندنەكە statement هەڵەیە چونكە تاكید لە سەر مەبەست یان دەستەیەك لە مەبەست دەكاتەوە كە وجودیان نیە. هەر لەو بارەیەوە دەتوانین ئەو دەربڕینە باوانە جارێكی تر بەرینەوە ژێر لێكۆڵینەوە كە لە لایەن زۆر لە زانایانەوە ئاسایی بەكار دەهێنرێن، بۆ نمونە ،

(١) قسەكەری A " چی تر لە ژنەكەم نادەم"

(٢) قسەكەری A بۆ B " ئایا كۆڵتدا چی تر لە ژنەكەت بدەیت"؟

لە لێكدانەوەی ڕستەكانی (١) و (٢) ئەوە پێشبینی دەكرێ كە قسەكەری A پێشتر لە ژنەكەی داوە، لە سەر ئاستی سەرەوە، لە (٢) دا سەبارەت بە قسە لە گەڵ كراو دووبارە، پێشبینی ئەوە دەكرێ كە لە ژنەكەی داوە. لە ڕاستی دا (٢) مامەڵەیەكی تایبەت لەخۆ دەگرێت، بۆ نمونە، هیچ كام لە وەڵامەكانی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ بۆ (٢ ) لە شوێنی خۆیدا نابینرێ، ئەگەر هاتوو هیچ كام لە وەڵامەكانی ئەوانەی سەرەوە نەبوو، لێرەدا بیرەكان بۆ بەرەو ئاراستەیەكی تر دەچێ، بۆ نمونە، ئەگەر كەسی B هەر لە بنەڕەتدا لە ژنەكەی خۆی نەدابوو، واتە وا دەزانێ كە ئەویش وەك خۆیەتی، بۆیە ئەوانە وەك گریمانەی ڕەسەن لە قەڵەم نادرێن، بەڵكو زیاتر وەك دوبارە دان پێدانانێك لە قەڵەم دەدرێن، چونكە دەشێ پرسیارەكەی A بۆ B لە بێ ئاگاییەوەبێ.

(Katz (1979:99 باوەڕی وایە كە "گریمانەكان تایبەتێتی و پەیوەندی لە نێوان دەربڕینەكان لێكدەدەنەوە لە سەر بناغەی داڕشتن و بنیاتكردنەوە كە بە شێوەكراون و لە سەر ئاستی سیمانتیكی پیشان دەدرێن. بەڵام تایبەتێتی پەیوەندیەكان بۆ خۆیان دەشێ تایبەتێتی و پەیوەندی چەندان شتی جیاوازبن، بۆ نمونە، دەربڕینە زمانیەكان، واتاكانیان، یان پەیوەندیەكانیان لە گەڵ مەبەستەكان لە دونیا(ی واقیعدا)دا". نوسەر پێناسەكان دەكات بە دوو بەشەوە، (١) پێناسەی سیمانتیكی ناوێزەیی وەك نەبوونی خوێندنەوە، لێڵیی، بۆ نمونە، دیاریكردنی دوو یان زیاتر لە خوێندنەوە، واتە لێكدانەوە، (٢) پێناسەی هاو واتایی لە بواری دیاریكردنی هەمان خوێندنەوە بۆ دەربڕینە زمانیە جیاوازەكان، واتە بۆ زیاتر لە دەربڕینێك كە پێی دەڵێن پێناسەی واتایی–meaning definition، لە كاتێكدا ئەو پێناسانەی كە تایبەتێتی

سیمانتیکی و پەیوەندی مەبەست و بار و زروفەکان لێکدەدەنەوە، بۆ نمونە، هەبوونی سەرچاوە ، ڕاستی، و هی تریش، ئەوە پێی دەگوترێ پێناسەی سەرچاوە– reference definition یان پێناسەی ئاماژەیی کە پەیوەندی لە نێوان دەربڕینە زمانیەکان و هەندێ بەشی دونیا(ی واقیع)پیشان دەدات. .

Cross ئەوانەی سەرەوە پۆلێن دەکات بۆ جۆرەکانی وەك پێناسەی بنیاتی\داڕشتنی structural definition و پێناسەی لێکدانەوەیی interpretive definition، یەکەمیان واتای پەیوەندیەکان لێکدەداتەوە، دووەمیان بە شێوەیەکی لۆجیکی نمونەی تایبەتێتی سیمانتیکی یان پەیوەندی لێکدەداتەوە.

(1979:235) Derek Bickeron: باوەڕی وایە کە پێناسەی لۆجیکی لە لایەن keenan (1971)ەوە کراوە و پێشناری ئەوە دەکات کە ڕستەی S گریمانەی پێشنیارێکی وەك P دەکات ئەگەر هەردووك S و S– بە شێوەیەکی لۆجیکی p بگەیەنن. ئەگەر q درۆ بێت، پاشان P بە شێوەیەکی گشتی بەردەوام بەهای ڕاستی نابێ یان وەرناگرێ.

(1991:473-6) Stalnaker باوەڕی وایە کە گریمانەکاری وەك بناغەی هاوبەشی پێشنیارەکان بەلانی کەمەوە دەتوانن لە دوو ڕێگەوە سەهەڵبدەن:

(١) ئەوانەی کە سیمانتیکن، دیارە گریمانەی سیمانتیکی زیاتر لە واتای نەریتی وشەکانەوە سەرهەڵدەدات، بۆ نمونە، قسەکەر بە ئاگایە لە واتای فەرهەنگی کارێکی وەك "وێران"، بۆیە لە باروزروفێکدا بەکاری دەهێنێ کە بۆ بکەر هەندێ ئازایەتی و لەخۆبوردنی بووێ تا بە کارێ هەڵسێ یان شتێ دەربڕێ، بۆ نمونە، "X وێرای کە Y"[٣].

(٢) ئەوانەی کە بەتەواوی پراگماتیکن: ئەوە لەو بارانەدا ڕوودەدات کە قسەکەر لە بەئاگاییەوە بە باشی نازانێ ڕستەیەك دەربڕێ پێشنیاری p بکات ئەگەر گریمانەی q نەکات. دیارە دەتوانین ئەو بۆچونەی نوسەر بە هۆی ڕەفتاری کارێکی وەك "زانین"ەوە ڕون بکەینەوە، بۆ نمونە، "X دەزانێ کە p"، (Iten (2005: 42)، باوەڕی وایە کە قسەکەر ئەو ڕستەیە لە دەقێکدا دەردەبڕێ کاتێ کە ڕاستی p لە گومان و موناقەشەدابێ، واتە قسەکەر دەیەوێ هەندێ شت بڵێ کە لە دوو لاوە تەحەدی بکرێ، یەکەمیان: دەشێ زۆر ڕون و ئاشکرا نەبێ کە ئایا خاڵی سەرەکی لە دەربڕینەکەی ئەدیعا بێ سەبارەت بە ڕاستی p یان باروودۆخی زانیاری X. جارێکی تر Stalnaker (1991:476) باوەڕی وایە کە بە کارێکی ناماقوڵ لەقەڵەم دەدرێ کە قسەکەر ڕستەیەکی وەك ئەوەی سەرەوە لە دەقێکدا دەربڕێ کاتێ ڕاستی p لەلای بە باشی دانەمەزرابێ، کەواتە" زانین" دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێ، یەکەمیان، بە پێی تێڕوانین و بۆچونەکانی قسەکەر کە لە مێشکی خۆیدا سەرهەڵدەدات و دەشێ هاوتا بێ بەو زانین و زانیاریەی کە لەواقیعدا هەیە یان نا، دووەمیان، ئەو زانینەی کە دەشێ هەم لە مێشکی قسەکەر و هەم لە واقیعدا بە دوو دڵی بوونی

---

[3] لێرەدا Y لە بری سەرجەم بەشی کاری بەکار هاتووە، واتە Y بکا یان بڵێ، بۆ نمونە، X وێرای قسە بکا، یان خۆی دەربخات.

هەبێ، کەواتە لە هەر دوو بارەکاندا زۆر ناوازە دەردەچێ کە لە "باپیر زانی کە دزرکە گیراوە" پاشکۆیەکی وەك "بەڵام لە دوایدا دەرکەوت کە کە ڕای کردووە"ی بۆ زیاد بکەیت.

**2.2 دیاریکردنی گریمانەی پێش کات:**

دیارە، کردەوەی گریمانەکاری دەتوانرێ وەك زانیاری یا خود هەواڵێکی تایبەت a special kind information کە بە هۆی بەندێکی فەرهەنگی یان بنیاتێکی ڕێزمانیەوە بە دەست بهینرێت و پێناسە بکرێت. بۆ نمونە، دەربڕینی (١) زیاتر لە دوو گریمانە کە چەند بنیاتێکی لێ دەکەوێتەوە لە خۆ دەگرێت. بە شوێن(Katz (1979:99-100 ئەو ڕونکردنەوەیە پێشکەش دەکەین:

(١) (ا) کراسەکەی باپیر تازەیە، (و) خۆشحاڵە (بەوەی) کە کراسەکەی سورە.

یەکەم بنیات لە شێوەی (ن–ف)ی خۆیەتی یا خاوەنێتی دایە، بۆ نمونە، "کراسەکەی باپیر" کە گریمانەی "باپیر کراسی هەیە"ی لێ دەکەوێتەوە، بنیاتی دووەم لە بەشی دووەم لە شێوەی ئاوەڵناوێکی هەقیقی دایە کە وەك تەواوکەرێکی ڕستە لە شێوەی پاڕستەدا، بە دوای خۆیدا دەهێنێت، ئەرکی ئەو ئاوەڵناوە لە وەدا کورت دەبێتەوە کە پێشبینی ڕاستی تەواوکەرەکەی ڕادەگەیەنێت واتە وەڵامی پرسیارێکی وەك "خۆش حاڵە بەچی؟ دەداتەوە، کە دەبێ بەوەی کە هەم کراسەکە بوونی هەیە و هەم کراسەکە "سورە". لێرەدا دەبێ دوو دیاردەی ناوبەند بە یەك پەیوەست و واتا بەخشی جیاواز لە یەك هەڵاوێردرێن، واتە جیابکرێنەوە، یەکەم: وەك زانیاری پێشبینیکراو، دووەم: وەك زانیاری تەئکید لە سەر کراوە، لە ڕستەیەکدا کە دەشێ مل کەچی تاقیکردنەوەیەك بێت کە پێی دەگوترێ "تاقیکردنەوەی نەرێیەتی-negation test" (Spenader 2002:6). بۆ نمونە، دەتوانرێ (١) بخرێتە ژێر ئەو تاقی کردنەوەیە:

(٢) کراسەکەی باپیر سورنیە، گرنگ نیە کە باپیر خۆش حاڵە بەوەی کە کراسەکەی سوورە(یان نا).

لە گەڵ ئەوەشدا کە هەر دوو بەشەکانی ڕستەکە نەفی کراون کەچی بە ئاشکرا دەبینی کە هەر دوو "باپیر کراسی هەیە"، و "کراسەکە سورە" خوێندنەوەی گریمانە یا پێشبینی پێش کات بە خۆوە دەگرن. دیارە، ئەو کردەوەیە ئەوە دەگەیەنێت کە کردەوەی "نەرێ" هاریکارە لە دیاریکردن و جیاکردنەوەی دوو دیاردە لە ڕستەی ژێر لێکۆڵینەوەدا، بۆ نمونە، گریمانەی زانیاری پێش بینیکرا و زانیاری تاکید لەسەر کراو.

**2.3 سیمانتیك و پڕاگماتیك لە گریمانەکاریدا**

**2.3.1** گریمانەی پێشەکی لە ئەدەبدا پەیوەندی بە بابەتێکی فەرهەنگی و سینتاکتیکیەوە هەیە دەتوانرێ دوو دیاردەی لە یەك نزیك و ناوبەند پەیوەند لە زماندا جیابکرێنەوە، دیارە هەردوو دیاردەکە لە یەك ئاستدا نین، واتە هەمان ئەرك و ڕۆڵیان نیە، بۆ نمونە، دیاردەی گریمانەکاری و واگەیاندن، ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێت کە کەسەکان یەکەم گریمانە دەکەن و دواتر لەو گریمانانە سەرەنجامی لۆجیکی (و هەندێ جاریش نا–لۆجیکی کەسی) لە شێوەی واگەیەندا هەڵدەهێنجن. **Weischedel (1979:156)** هەر دوو زاراوەی واگەیاندن و گریمانەی پێشەکی بەکار

دەهێنێت بە مەبەستی هێماکردن و گەڕانەوە بۆ ئەو نمونانەی کە پەیوەستن بە بابەتێکی فەرهەنگی دیاریکراو و داڕشتنێکی construction سینتاکتیکی. هەر وەك چۆن دەق-context بەکار دەهێنێ بە مەبەستی دەقی وتەی نوسەر-text ، دەستوور، یاسای گشتی و ... هەموو ئەو دیاردانەی کە توانای هاوبەشی کاریگەرییان هەیە لە سەر دەق، هەر وەك چۆن هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی سەبارەت بە دروستکرن، بەرهەم هێنان و لێکدانەوەی نمونەی وەك ئەو دیاردانە بە پراگماتیك ناو دەبات.

بە لای نوسەرەوە، مەبەست لە ئامانجی سەرەکی لە زمانی سروشتی خۆی لە وەرگێڕانی ڕستەکانی زمانەکەوە بۆ لێکدانەوەی (لۆجیکی) سیمانتیکی ئەو ڕستانەوە دەبینێتەوە. دواتر دەتوانرێ ئەوە بگوترێ کە لێکدانەوەکان لەو بارەیەوە وا پێشبینی دەکرێن وەك ئەوەی لێکدانەوەی سیمانتیکی وەچە-پۆلی دەقی-زمانی ئازاد context-Free language بن. بۆ نمونە، دەکرێ S و s وەك دوو ڕستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، دواتر هەردوو ڕستەکان لێکدانەوەی سیمانتیکی X و x هەڵدەگرن، بەرانبەر بەو مامەڵەیە دەتوانرێ s وەك وەچە-شێوەیەك کە لە S ەوە وەرگیراوە سەیر بکرێت، واتە ڕستەی S شێوە و واتای ڕستەی s لە خۆی دەگرێت و لەو فراوانترە چونکە لەوەوە وەرگیراوە.

دەتوانین لەو بارەیەوە نمونەیەکی تێکەڵاو لە لێکۆڵینەوەی دەق پیشان بدەین، بۆ نمونە، زانستی واتاسازی، پراگماتیك، نا-ڕونی، پارافرێز، پێچەوانە، گریمانەی پێش کاتی و گفتوگۆ بە سودن چونکە تێڕوانینی پراگماتیکی سەبارەت بە گریمانەی پێش کاتی لە خۆدەگرن کە دەشێ داوای ئەوە بکات کە گریمانەی پێشەکی دەبێ ئەرزیەتێکی هاوبەشی هەبێ لە نێوان هەردوو قسەکەر و گوێگرەکانیەوە لە بەرژەوەندی ئەوەی کە ڕستە و دەربڕینەکان دەبێ بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە دەربڕدرێن، واتە کاتێ گریمانەکان سەرکەوتوانە بنیات دەنرێت کە هەردوو قسەکەر و گوێگر بە تەواوی لە مەسەلەکە دەگەن و هەمان باکگراوند و تێگەیشتنیان هەبێ سەبارەت بە دەوروبەر کە وەك سەرچاوەی گریمانەکان سەیر دەکرێت. لە بەر ڕۆشنایی بۆچونەکانی Weischeda (1979: 157) ئەو بۆچوونانەی سەرەوە بە هۆی ڕستەیەکی وەك (١) ڕوندەکەینەوە، بۆ نمونە، لە (١) دا

(١) داوای لێ بوردن دەکەین کە فڕێدانی پاشماوەی خواردن و جگەرە لێرە ڕێگەی پێ نەدراوە.

کاری "داوای لێبوردن-کردن" وەك "زانین و پەشێمان بوونەوە"، دەخوازێ تەواوکەرەکەی زانیاری ڕاست بدا بە بەرانبەر. واتە "داوای لێبوردن کردن" دەبێ لە لایەکەوە بۆ ئاگادار کردنەوەی بەرانبەر بێ بە مەبەستی پێشکەش کردنی زانیاری تازە کە گوێگرەکەی دەشێ پێشتر نەیزانبێ کە جگەرە کێشان و فڕێدانی پاشماوەی خواردن لەویانە قەدەغەیە، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە گریمانەکاری بە لانی کەمەوە سێ پرۆسە لە خۆ دەگرێت، بۆ نمونە، پرۆسەی یەکەم: گریمانەکاری لە سروشتدا پرۆسەیەکی سیمانتیکیە، بۆیە هەردوو واتای فەرهەنگی و سینتاکتیکی گرنگن لەو

بارەیــەوە، دووەم گریمانــەکاری هەمیــشە لــە خزمــەتی وەڵــام دانــەوەی پرســیارێکە کــە وا چاوەڕواندەکرێ لە لایەن کەسەکانەوە بەرەوڕومان بێتەوە، بۆ نمونە، دەبێ ئەو گریمانەیەی لە دەقی ژێرلێکۆڵینەوە دێتە بەرهەم, ڕاست بێ یان نا، ئەوەش خۆی لە خۆیدا واتای گرنگیدانە بە پەیوەندی لە نێوان ڕستە و جهانی دەوروبەر. هەر کات ئەو هەل ومەرجانە بۆ ڕستەیەك ڕەخسان وەك "مـەرجی ڕاسـتی" دەشـێ بگـوترێ ڕاسـتە، بۆیـە لـەو بارانـەدا ڕەنگدانـەوەی ڕوخـساری پڕاگمـاتیکی گریمانـەکاری پـێش کـاتی دیـار و ئاشـکرایە. پرۆسـەی سـێیەم، دەتـوانرێ داوای گریمانەی بنیاتی قسەکەر بکات، کە دەشێ لە ژیانی واقیعدا هەندێ شت ڕێگەی پێنەدرابێ، بەڵام قسەکەر دەریدەبڕێ و بەرپرس بێ لێی.

### 2.3.2 زانستی سیمانتیك لە پەیوەندی نێوان وشە و هێمابۆکراو دەدوێ

لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی لە واتای دەربڕینە زمانیەکان بدوێین و واتاکانیان بە شێوەیەکی زانستیانە لێکبدەینـەوە دەبـێ لـە پـێش هـەموو شـتێکدا پێناسـەیەکت هـەبێت بـۆ واتـای وشـە و کەرەسـتەی دەربڕینەکان لە زماندا، ئەوەش بە دوو ڕێگەوە، ڕونتر سەرچاوەی خۆی لە (١) واتـای فەرهـەنگ و (٢) واتای سینتاکتیکیەوە هەڵدەگرێت.

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر بەکار هێنانی زمان، بۆ ئەو مەبەستەش دەشێ سەرنج لـەو بیر و ڕایانـە بدەینـەوە کـە جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە بەشـێك لـە واتـای هـەر وشـە و دەربڕینێك خوازراوە و مەبەستی ئەرکی کۆمەڵایەتیەکەیەتی بەدەر لە واتا فەرهەنگیەکەی. Saeed (2004:219-20) جیـــاوازی لـــە نێـــوان ســـیمانتیك و پڕاگماتیکـــدا دەکـــات، بـــۆ نمونـــە، conversational [4]implicature واتە ئەو دەمەتەقێیانەی واتای ژێرخانی لەخۆ دەگرن دەکەونە ژێر بابەتی پڕاگماتیکەوە لـە کاتێکدا هەندێکی تر، بۆ نمونە، ئاماژەکردن –reference، وشـەی ئامـاژە و ئیـشارەت (deictic word)- deixis[5] دەکەونـە نێوەنـدی هـەردوو لایەنـەکانی سیمانتیك–پڕاگماتیك ەوە.

---

[4] ئەم وشەیە لە زاراوەی فەیلەسوف H.P. Grace ەوە وەرگیراوە و لەم سەردەمانەشدا لە زانستی زماندا وەك بەشێك لە لێکۆڵینەوە لـە بنیاتیـە ئاخاوتنیەکاندا بەکار دەهێنرێت. ئەو زاراوەیـە لـە راسـتیدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەو پوختـە–هەڵێنجراوانەی کە دەتوانرێ لە سەرجەم واتای دەربڕینێکەوە وەربگیرێت، دیـارە ئـەوەش لەسـەر بنـەمای پرینسیبە هاریکاریـەکان بینـاکراوە co-operative کـە حـوکمی بەسـایەتی و قـایلبونێتی efficiency and acceptability ئاخاوتنەکان دەکات، بۆ نمونە لـە ڕستەیەکی وەك "گەرمایـە" واتـای ئـەوە دەدات دەرگاکە بکەرەوە یـان "پاندانەکە کەوتە سەر ئەرز" واتای ئەوە دەدات کە تکایە یان پێویستە هەڵی بگیریتەوە". واتا ژێرخانیـەکان هـەموو چـون یـەك نین، بـە شـێوەیەکی گشتی ئـەو خوازانـە (واتـا خوازراوانـە) پـۆلێن دەکـرێن بـۆ جۆرەکـانی وەك بـە گشتیکراوەکان و تایبـەتێتیکراوەکان. ئـەوەی پێشەوە لـە دەقـە تایبەتیەکانـدا دیارینـاکرێ ، ئـەوەی دواییـان دەقـی تایبـەتی گەرەکـە سەیری Krystal (1992:172) بکە.

[5] ئەو زاراوەیە deictic world لە تیۆری زماندا بەکار دەهێنرێت بە مەبەستی هێماکردن یان دیاریکردنی کەسێکی یان شوێنێکی دیاریکراو لە نێوەندی کۆمەڵێکی موتەجانیس لـە کـەس و شـوێن، بۆ نمونـە، ئێـرە، تـۆ، –ەکە، ئەمـە، دیارە دەشێ ئەو وشانە بەکار بهێنرێن وەك ئـەوەی ئاوەڵنـاو، ئـامراز، ڕانـاو، یـان ئاوەڵکـار بـن. وشـەی deixis بـەکار

Saeed (2003:17-18) لە دیاری کردنی سیمانتیك و پڕاگماتیکدا پشت بە تێڕوانینەکانی Charles 1938 and Morris's 1955 دەبەستێت و پێی وایە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو دیاردەیەدا کارێکی ئاسان نیە، لە گەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی هەر یەك لە وانە گەیاندنی واتایە لە نێوان کەسەکاندا. سیمانتیك وەك پەیوەندی نیشانەکان بە بابەتەکەوە دەناسێنێ، نیشانە وەك هەر کەرەستەیەکی زمانی کە لە لایەن قسەکەرەکانەوە دەردەبڕدرێت توانای بەکار هێنانی هەیە تا لە دونیای واقیعدا ئاماژە بۆ شتێ، کەسێ یان ڕوداوێ بکات، بە واتایەکی تر زانستی سیمانتیکی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیەکان لە نێوان دەربڕینە زمانیەکان و ئەو شتەی لە دونیای واقیعدا باسی لێوە دەکرێ یان بۆی دەگەڕێتەوە، دەدات، بەڵام پڕاگماتیك گرنکی بە پەیوەندی لە نێوان کەرەستەکانی زمان و قسەکەرەکان دەدات، بە کورتی:

پڕاگماتیك: گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان نیشانە و لێکۆڵەرەکان دەدات، زیاتریش لەوە زۆر لە زانایان باوەڕیان وایە کە پڕاگماتیك بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە لێکدانەوەکانی زمانی قسەکەر و گوێگر. بۆیە ئەگەر لە توێژینەوەیەکدا ئاماژەیەکی دیار و ڕوون بۆ قسەکەر کرابوو، یان زیاتر لە سەر زاراوە زۆر گشتیەکان، سەبارەت بەکارهێنەری زمانێك بوو، وا ئەو لێکۆڵینەوەیە دەدەینە پاڵ کێڵگەی (زانستی) پڕاگماتیك، ئەگەر ئەو لێکۆڵیەوەیە موجەڕەد کرا لە بەکار هێنەری زمانەوە و تەنها دەربڕین و ئاماژە بۆ کراوەکانیان لێکدایەوە، وا ئێمە لە کێڵگەی سیمانتیکداین، و ئەگەر لە کۆتایدا، ئەو لێکۆڵینەوەیە کورتکرایەوە لە سەر لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی لە نێوان دەربڕینەکان خۆیاندا، واتە لێکۆڵینەوەکان کورت کرانەوە لە سەر پەیوەندی لە نێوان کەرەستەکانی دەربڕین و ڕستەکان خۆیاندا، وا ئەوکات ئێمە لە کێڵگەی ڕستەسازی و لۆجیکداین.

(ئەگەر) واتا سەبارەت بە قسەکەرەکان باسکرا = پڕاگماتیك و گوێگرەکان.

(ئەگەر) واتا موجەڕەد کرا دور لە بەکارهێنەرەکانی = سیمانتیك.

بە مەبەستی ڕونکردنەوەی ئەوانەی سەرەوە Saeed (2003:17) نمونەیەکی وەك ئەوەی خوارەوە دەخاتە پێش چاو، بۆ نمونە،

(١) **شوێنەکە دادەخرێ.** (the place is closing)

لە ڕاستیدا، دەشێ ڕستەی (١) لە دەمە تەقێیەکی سادە و ساکار بەولاوە کە دەشێ لە نێوان دوکاندارێك و موشتەریەکانیدا ڕوبدات هیچی تر نەبێ. بەڵام لە لایەکی ترەوە دەشێ لە بواری سیمانتیك و پڕاگماتیکدا لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرێ، بۆ نمونە، ئەو دەربڕینە یان ئەوەتا بەکار دەهێنرێ بۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵکەکان بە مەبەستی پەلەکردن و کڕینی ئەوەی دەیانەوێ لە ماوەیەکی کورتدا، (ئەگەر سوپەرمارکێت بێ)، یان شتێکی تر بخۆنەوە گەر بیانەوێ (ئەگەر باڕ یان چایخانە بێت)، جگە لەوانە دەشێ بە مەبەستی چۆڵ کردن و پاڵ پێوەنانی خەڵکەکە بێت. ئەو لێکدانەوانانە ئەوە دەگەیەنن کە قسەپێکەرانی زمانەکە دەشێ زنجیرەیەك لە بە کارهێنانی جیاواز

---

دەهێنرێ بە شێوەیەك کە پەیوەست بێ بە کات و شوێنی قسەکردن، بۆ نمونە، ئێستا، ئەمە، ئەوێ. بۆ زانیاری زیاتر سەیری (Al Khuli 1981:67) بکە.

بۆ دەربڕینێکی وەك ئەوەی سەرەوە بەکار بهێنن. دیارە لێکدانەوەکانیش بەهەمان شێوە دەشێ ملکەچی چەندان مەرج و بارو زروف بن کە تیایدا کەسەکان چەند خوێندنەوەیەك بە بیری خۆیاندا بهێنن، ئەوەش لە خۆوە نابێ بەڵکو دەشێ پەیوەندی بە چەند شتێکەوە هەبێت لەوانە ئارەزوی قسەکەر، ئەو بارو دۆخەی ڕستەکەی تیادا دەردەبڕدرێت و هاوبەشەکان خۆیانی تێ دا دەبیننەوە، زانایانی سیمانتیکی لە سەر ئەوە کۆکن کە لە وەها بار و زروفێکدا دەشێ چەند واتایەکی هاوبەش بۆ هەموو ئەو بەکارهێنەرانە دیاریبکرێت. سەرەڕای ئەوانە جۆری دەقەکە و دەربڕینی کاریگەری خۆی هەیە کە ئەویش دەبێتە بابەتێکی لێکۆڵینەوەی پڕاگماتیکی. زانایانی سیمانتیکی باوەڕیان وایە کە دەبێ واتای ڕستەکە و واتای قسەکەر لێك هەڵاوێردرێت و جیابکرێنەوە، دیارە ئەوەش بە شێوەیەکی گشتی ئەوە پێشنیار دەکرێت کە وشە و ڕستەکانی زمان واتایەکی سەربەخۆ (دور لە واتای قسەکەر) بەخۆوە دەگرن بۆ هەر دەربڕینێکی دیاریکراو. بۆیە دەتوانرێ دوو لێکدانەوە بۆ ئەو ڕستەیەی سەرەوە جیابکرێنەوە، یەکەم: لێکدانەوەی سیمانتیکی لۆجیکی کاتێ سەرجەم ڕستەکە لە وەسفی خودی پڕۆسێسی داخستنەدا گوترابێ وەك ئەوەی کە دەشێ لە دونیای واقیعدا ڕوبدات، دووەم: لێکدانەوەی پڕاگماتی کاتێ ڕستەکە لە خزمەت تێڕوانین و مەبەستەکانی قسەکەرەوە وەك لە سەرەوە هێمایان بۆکراوە گوترابێ.

### 2.3.3 تیۆری پڕاگماتیکی و گریمانەی پێش کاتی

زانایانی زمان هاوڕا نین سەبارەت بە هەندێ لایەنی گریمانەی پێش کاتی، بۆ نمونە، (1981) Leech دوو جۆر لە گریمانەی پێش کات دیاری دەکات، (١) گریمانەی پێش کاتی سیمانتیکی و (٢) گریمانەی پێش کاتی پڕاگماتیکی، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر دوو جۆرەکە ناوبەند پەیوەست و تێکەڵاون و جۆرێك لە کار لێك لێککردن لە نێوان ئەو دوو جۆرەدا بەرچاودەکەوێت. بە پێچەوانەی Leech ەوە کەسێکی وەك (Stalnaker (1974:29 لە (Iten (2005:41 ەوە باوەڕی وایە کە گریمانەکاری لە جەوهەردا دیاردەیەکی پڕاگماتیکیە و بەس، هەر وەك چۆن تاکید لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە گریمانەکاری هەندێ شت نیە کە ڕستە یان پێشنیاز دەی کات بەڵکو هەندێ شتە کە قسەکەر دەیکات یان دەریدەبڕێ بە پێی بۆچوون و ئارەزووەکانی خۆی. ئێمە لە سەرجەم تێڕوانینەکان، و ڕەفتاری خودی گریمانەی پێشکاتەوە ئەوە بەدی دەکەین کە گریمانەکاری (باوەڕ و بۆچونێکە دەشێ هێشتا تاقی نەکرابێتەوە) کە بەلای قسەکەرەوە ڕاستە (هەر وەك چۆن بە هەمان شێوە دەشێ بە لای گوێگریشەوە ڕاست بێ). دواتر (1991:473) Stalnaker سەبارەت بە گریمانەی پڕاگماتیکی باوەڕێ وەیە کە

> پێشنیاری p گریمانەی پڕاگماتیکی قسەکەرە لە دەقێکی دیاریکراودا تەنها لەو بارەدا کە قسەکەر پێشبینی یان باوەڕی وابێ کە p، پێشبینی یان باوەڕ بکات کە وەرگرەکەی ئەوە لێکدەداتەوە کە ئەو ئەو پێشنیارەی کردووە.

با سەرنج لە ڕستەکانی کۆمەڵەی (ب) بدەین کە وەك سەرەنجام بۆ ڕستەکانی کۆمەڵەی (ا) دێنە بەر چاو،

(١) (ا) باپیر لە تاقی کردنەوەی ماتماتیکدا دەرچوو. واگەیاندن: (ب) باپیر ڕاسب نەبووە.

(٢)	(ا) باپیر ژنەکەی خۆی دەرمانخواردوو کرد.    واگەیاندن:  (ب) باپیر ژنەکەی خۆی کوشت

( ٣)	(ا) هەموو کەس حەز لە شانۆ ناکات.	واگەیاندن	(ب) هەندێ کەس حەز لە شانۆ دەکەن.

(٤)	(ا) هەموو هاتوون	واکەیاندن:	(ب) کەس غایب نیە

سیمانتیك بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە واتای گەیەنراو بە هۆی کەرەستە و دەربڕینە زمانیەکانەوە. (Saeed: 2003:1) باوەڕی وایە کە "توانای زمانی کەسەکان لە سەر ئەو زانیاریە بیناکراوە کە دەیزانن". بۆیە لێکۆڵەر لە بواری لێکۆڵینەوەی سیمانتکی زمانیدا، لێکۆڵینەوەکانی خۆی بۆ لێکدانەوەی ئەو زانیاریە تەرخان دەکات کە کەسەکان دەیزانن. لە ڕاستیدا زانیاری زمانی کەسەکان (کە خۆی لە چۆنیەتی بەکار هێنانی وشە و ڕستەکاندا دەبینێتەوە) چوون یەك نیە، بەڵام گرنگی تەواو لە بواری سیمانتیکیدا بە واتای وشە تاك و ڕستەکان دەدرێ. هەر لە بەر ئەوەشە کە لێکۆڵینەوە لە وەسفی زمانیدا دەبێ چەند ئاستێك بە خۆوە بگرێت، بۆنمونە، گریمانەی پێش کات وەك دیاردەیەکی (زمانی) پراگماتیکی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە ئەو پێشنیارانەی لە ڕستەیەکی نا–سادەوە دەکەوێتەوە مەرج نیە هەمان هەندی ئەو پێشبینیانە بێت کە لە لایەن ڕستە سادەکانی ئەو ڕستە نا–سادانەوە بە دەست دێت. دیارە  ئەوەش ئەو گریمانەیەیە کە لە پشت پەردەی ئەو زانیاریەوەیە کە قسەکەرەکە هاوبەشی لە دەربڕینیدا دەکات، بەرهەم دێت. بۆیە دەبێ کاریگەری دەق لە دەربڕینی گریمانە و بچووك کردنەوە و فراوانکردنی واتای دەربڕاو لە پێش چاو بگیرێ.

دەتوانرێ دوو جۆر زانیاری لە ڕستە نا–سادەکان جیا بکرێنەوە، بۆ نمونە، یەکەم: ئەو زانیاری یان هەواڵەی کە لە بەشی یەکەمی ڕستە لێکدراوەکەوەدا تاکیدی لە سەردەکرێتەوە و بە هۆی بەشی دووەمی ڕستەکەوە لە شێوەی گریمانەی پێشەکیەوە پێشکەش دەکرێن، دووەم: ئەوانەی کە قسەکەر لە دەربڕینە تازەکەدا تاکیدیان لە سەر دەکاتەوە و بە گریمانەی قسەکەر دەناسرێن. کەواتە ئەو زانیاریەی بە هۆی بەشی یەکەمی ڕستە نا–سادەکەوە دەردەبڕدرێت، زانیاریەکی سروشتی و بابەتیە لە شێوەی گریمانەدا دەردەبڕدرێت، ئەوەی بەشی دووەم دەری دەبڕێ زیاتر بە گریمانە و تێڕوانینەکانی قسەکەر مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت، بۆ نمونە، قسەکەر دەتوانرێ تەواوکەری کارێکی وەك "پەشێمان بوونەوە" دیاری بکات، A  پەشێمانە لە چی؟ دەبێ کارێك ڕوداوێك لە ئارادا بێ یان بووبێ، بۆیە پەشێمانی کێشان دەبێ لە سەر بنەمای ڕوداوێك بێ کە دەشێ پێش دەمی دەربڕینی ڕستەکە ڕوویدابێ. جارێکی تر  با سەرنج لە (٥) بدەین، کە بە ڕای (1974) stalnaker  قسەکەر گریمانەی ئەوە ناکات کە لەویانە مەلیکی فەرەنسا هەیە بە هۆی دەربڕینی ڕستەیەکی تەواوەوە چونکە قسەکەر لە بەشی یەکەمی لێکدراوەکەدا تاکیدی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، لە کاتێکدا stalnaker لە (٦) دەیەوێ ئەوە بڵێ کە قسەکەر گریمانەی ئەوە دەکات کە لەویانە مەلیکێکی فەرەنسا هەیە کاتێ ڕستەی دووەم دەردەبڕێت:

(٥)	لەویانە مەلیکێکی فەرەنسا هەیە و مەلیکی فەرەنسا سەر ڕووتاوەیە.

(٦)	لەویانە مەلیکێکی فەرەنسا هەیە. مەلیکی فەرەنسا سەر ڕووتاوەیە.

لێکدانەوەکەی stalnaker ڕێگە بە هەر دوو ڕستەکە دەدا تا بە هۆی ئامرازی پەیوەندیەوە بە

یەکەوە ببەسترێنەوە تا بە شێوەیەکی سیمانتیکی هاوتا بن. بەڵام بە شێوەیەکی پراگماتیکی هاوتایەتی لەوەدایە کە ئەو زانیاریە زانراوەی بە دەست دێ ئەوەیە کە بە هۆی قسەکەرەوە پێشکەش کراوە . بەلای Russell (1905) کاتێ باسکردنێکی دیاریکراو لە ڕستەدا ڕوودەدات، بۆ نمونە، "مەلیکی فەرەنسا سەر ڕوتاوەیە"، دەشێ بەو شێوەیەی لای خوارەوە ڕونبکرێتەوە، یان سێ شت بگەیەنێت، (١) لێرەدا هەندێك x هەن کە دەشێ وەك نیشانەی بوون بە مەلیکی فەرەنسا ئەرك ببینن، (٢) لێرەدا هیچ x یێکی تر نیە وەك نیشانەی بوون بە مەلیکی فەرەنسا مامەڵە بکرێت، (٣) x پلەو پایە یا سیفاتی سەرڕوتاوەیی هەیە.

بە لای (Atla: (:1975: pp. G1-G2 ەوە قسەکەر و گوێگر هەر دوو لەوە بە ئاگان کە دەتوانرێ لە رستەیەکی وەك "مەلیکی فەرەنسا سەر ڕوتاوە نیە" بەلانی کەمەوە لە دوو ڕێگاوە تێی بگەن: (١) خوێندنەوەی ئەوەی کە "مەلیکی فەرەنسا کەچەڵ نیە" درۆیە، بەڵام بۆ ئەوەی پێم بڵێی کە ئەوە درۆیە (ڕاست نیە) ئەوەیە کە (داوایەکی نا–هەواڵی پێکبهێنرێ [بۆ نمونە، نکولیەکی سادە کە مەلیکی گریمانەکراو، ماو، واتە، نەفەوتاو، تاك و کەچەڵە.) (چونکە دەربڕینەکە سەبارەت بە مەلیك و کەچەڵیەکەیە] ، ئەگەر نا قسەکەر هاوکار نابێ لەو دەمەتەقێیەدا، (واتە، ناوترێ ئەوەی کە دەیزانێ، پەیوەندیدار بە، هەواڵی و ڕونە بە). ، پێویستە مەبەستی هەندی شت زیاتر بێت کە ئەو دەزانێ و دەزانێ کە من دەزانم ئەو دەزانێ، بۆیە هیچ هۆکارێك لە بەردەستا نیە وا پێشبینی بکرێ کە قسەکەر گوێی بە پەندەکانی Grice 1975 نەداوە.

**2.3.4 پراگماتیگ بەشێك لە واتا و گریمانەی پێشەکی پێکدێنێ.**

لە لێکۆڵینەوەی زماندا پراگماتیك بریتیە لە توێژینەوەی ڕاستەوخۆی واتای زمانی ڕستەکان بە شێوەیەکی گونجاو. کەواتە پراگماتیك گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی ئەو ڕێبازانەی کە زمانی تیادا بەکار دەهێنرێت، لە ڕاستیدا، وشەکانی زمان هەمیشە نوێنەری تەنها واتا فەرهەنگیەکانیان نابن، بە تایبەت کاتێ لە ژیانی ڕۆژانەی کەسەکاندا بەکار دەهێنرێن زۆر جار مەبەست و واتای وشەکان زۆر زیاتر دەبێ لە واتا فەرهەنگیەکانیان. ئەوە سەبارەت بە نێرەرەکان، بەتایبەت کاتێ لە سەر ئاستی سەرەوە تێڕوانینەکانی خۆی تێکەڵ بە واتا فەرهەنگیەکانیان دەکات. لە لایەکی ترەوە وەرگرەکان بە شێوەیەك لە شێوەکان لەو "واتا زیادانە" دەگەن لە گەڵ ئەوەشدا کە شێوەی ژێرخانی و ناڕاستەوخۆ وەردەگرن، ئەوەش بەپێی جۆر و بارودۆخەکان دەگۆڕدرێن، بۆ نمونە،

(١) (ا) دەتوانی بەدوای خۆتدا دەرگاکە داخەی\پێوەدەی \جووت کەی، بە دوای خۆتدا ڕاکێشی؟

(ب) بەڵێ \ نەخێر.

(ج) دەرگاکە جووت کە!.

لە سەر ئاستی سەرەوە، واتە هەر کە فۆڕمی ڕستەکە بە خەیاڵی خۆتدا دێنی وای دەبینی کە (١) ڕستەیەکی پرسیاریە و وا چاوەڕوان دەکرێ کە بە بەڵێ یان نەخێر وەڵام بدرێتەوە، بەڵام لە واقیعدا، ڕستەکە دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، بۆ نمونە، ئەگەر لێکدانەوە و خوێندنەوەی واتای (١)

پابەند بکرێ بە سیمانتیکی خودی ڕستەکەوە، ئەوە بێ گومان قسەکەر لەو ئاستەدا دەوەستێ و بەشێوەیەك لە شێوەکان یاساکانی ڕستەی پرسیاری وەك پەیڕەو بەکار دەهێنێ و پەیڕەویان دەکات، بۆیە سەرەنجام (١ب) لێدەکەوێتەوە. بەڵام گرنگی دان و بەبەس زانینی (١ا) دەبێتە هۆی پاشگوێ خستنی لایەنێکی زۆر گرنگ لە ڕوخسار و لایەنە گرنگەکانی واتای (١ا)، بۆ نمونە، (١) دەشێ وەك ڕستەیەکی فەرمانی بێتە بەرچاو و (١ج) ی لێبکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بە شێوەیەکی سینتاکتیکی پرسیاریە و هیچ فۆڕمێکی فەرمانی بە خۆوە ناگرێ بە بەراورد لە گەڵ (٢) بە تایبەت کاتێ وشەی "دەتوانی" کە قسەکەر بە مەبەستی ڕێزگرتنی بەرانبەرەکەی بەکار دەهێنێ، لابرێت، بۆ نمونە،

(٢) دەرگاکە داخە!

دەشێ هەر دوو (١ا) و (٢) هەمان کار دانەوەیان لە لایەن وەرگرەوە هەبێ، واتە داخستنی دەرگاکەی بە دواوەبێ، بە پێچەوانەوە (٢) تەنها وەڵامی بەڵێ یان نەخێر ناخوازێ، بەڵکو داوای جێبەجێ کردنی کارێك لە بەرانبەر دەخوازێ، بۆیە کاتێ ڕستەکان بەو جۆرە لێکدەدرێنەوە، بە لە بەرچاو گرتنی دەربڕینێکی دیاریکراو یان واقیعی لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا کە هەر دوو هۆکارە پڕاگماتیك و سیمانتیکیەکان بگرێتەوە، قسەکەرەکان کردەوەیەکی دیار و بەرجەستە لە بەر چاو دەگرن.

(١) بەڵێن دەدەم لەکات و ساتی خۆیدا دەگەین. (خوا بکات وابێ)

(٢) پێت دەڵێم قارەمان . (سوپاس)

(٣) فەرمانت پێ دەدەم کە لە قسەی باوك و دایکت دەرنەچی. (بە چاوان)

ڕستەکانی سەرەوە پڕۆسێسی جێبەجێ کردنی کردەوەیەك دیاریدەکەن. بۆ نمونە، لە (١)دا قسەکەر بەڵێن دەدات، لە (٢)دا قسەکەر نازناو بۆ بەرانبەر دابین دەکات، و لە (٣)دا فەرمان دەدات ، هەندێ جاری تر دەشێ لەو چوارچێوەیەدا جێگەیان نە بێتەوە، بۆ نمونە، کاتێ قسەکەر لە جێبەجێ کردنی کردەوەیەك دڵنیا نابێ سیغەیەکی تر بەکار دەهێنێ، بۆ ئەو مەبەستە سەرنج لە (٤) بدە.

(٤) هەوڵ دەدەم لە کاتی خۆیدا نامەکە بگەیەنم.

دەبینی ڕەفتاری "هەوڵدان" لە کارەکانی "بەڵێن دان، نازناو دانان، فەرمان دان" ناکات، بۆیە لە (٤) دا قسەکەر هەوڵ دەدات بەڵام دیارە هەوڵدان واتای تەواوکردنی کارەکە نیە لە دونیای واقیعدا، بۆ نمونە، بە پێی Falk (1977:266) ئەو دەمەتەقێیانەی سەرەوە ئەو خاڵانەی لای خوارەوە لە خۆ دەگرن، (١) قسەکەر دەبێ دڵسۆز و ڕاست گۆ بێت، (٢) ئەوەی دەگوترێت دەبێ پەیوەندیدار بێ بە باس، بارودۆخ، پەیوەندی لە نێوان هاوبەشەکان و هەروەها، و (٣) دەبێ میقدارێك لە زانیاری ڕاستەوخۆی گونجاو بگوازێتەوە نە زیاد نەکەم بە مەبەستی پەیوەندی و دەمەتەقێ.

بە پێی لێکدانەوەکانی سەرەوە ئێمە لە واتای پڕاگماتیکی وا تێدەگەین کە قسەکەر دەبێ بەئاگا بێ، واتە، جەوهەری ئەو زانیاریە هاوبەشە بزانێ کە خۆی و گوێگرەکەی پێکەوە گرێدەدات تا دەربڕینەکان شوێنی شیاوی خۆیان لە دونیای واقیعدا وەر بگرن، ولە لایەکی ترەوە باوەڕەکانی بە

شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و نا-ڕاستەوخۆ بە بەرانبەرەکەی بگەیەنێ. بەلای Auwera ەوە باشی و خراپی ئەو بیرانە دەگەڕێتەوە بۆ پەیڕەوی بارنەگۆڕین-principle of inertia، دیارە ئەو بارنەگۆڕین و هاوبەشی زانیاریانەی قسەکەر بە گوێگرەوە دەبەستێتەوە وا دەکات کردەوەی قسەکردن ئاسانتر بێت. جاریَ بۆ جاریَ زانیاری تازە دێتە گۆڕیَ لە کردەوەی قسەکردندا، دواتریش هەر تۆزقاڵێك لەو زانیاریانە وەك تۆزقاڵێکی کۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و بەکار دەهێنرێن و هەروەها. واتە زانیاریەکان شێوەی کولتور وەردەگرن کاتیَ دەبنەوە کەرەستەیەك لە فەرهەنگی بیرەوەریەکانی هەمواندا، ئەو کات قسەکەر لێکدانەوە و شیکردنەوەیان بۆ جارێکی تر بە پێویست نازانیَ چونکە بە شێوەیەکی لۆجیکی ئەو زانیاریە هاوبەشانەی نێوان قسەکەر و گوێگر دەشیَ وەك کەرەستەیەکی کولتوری و فەرهەنگ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت چونکە بار ناگۆڕن. هەر بۆیە ئەگەر دەربڕینێك لە دەربڕینەکان زانیاری کۆن و بیری هاوبەشی لە خۆ نەگرت، وا دەبیَ لە دوو لایەنەوە سەیربکریَ بۆ نمونە، دەبیَ کەسەکان بکەونە گریمانە کردن بە ڕاست یان درۆ، یان ئەوەتا دەربڕینەکە توانای لیَ تێگەیشتنی نابیَ. دواتر ئەوە کردەوەی قسەکردنە وا دەکات کە قسەکەر باوەڕی لا دروست بێت لە بەر ڕۆشنایی ئەو جەوهەرە زانیاریە تازانە کە لە هەمان کاتدا گوێگریش باوەڕی پێیان بێت[6]. کەواتە گریمانەی پراگماتیکی گرنگی دەدات بە باوەڕی قسەکەر، و ئەوەش گرنگیدانە بە باوڕی گوێگر، گرنگیدانە بە باوەڕی قسەکەر- گوێگر، Auwera ئەو هاوگێشەیە بەو شێوەیەی لای خوارەوە پیشان دەدات:

باوەڕی قسەکەر ←——— دەربارەی--- باوەڕی گوێگر----- دەربارەی--- باوەڕی قسەکەر

زۆربەی زۆری نووسەران، بۆ نمونە، (1974، Karttunen و (1975) Peter هەوڵیان داوە ئەوە بڵێن کە ئەوەی بە شێوەیەکی پراگماتیکی گریمانە دەکریَ دەبیَ بەشێك پێکبهێنیَ لە زانیاری هاوبەش، بنچینەیەکی هاوبەش، دەستەیەکی هاوبەش لە گریمانەکاری، وا دانان یان دەستەیەك لە دەقی هاوبەش.

(٣) (ا) تەنانەت باپیریش لە ئاوەکەی خواردەوە.
(ب) باپیر لە نێو ئەوانەبوو کە ئاوەکەیان خواردەوە.
(ج) باپیر توانی لە ئاوەکە بخواتەوە.
(د) باپیر ئاوەکەی خواردەوە.

لە (١٣) دا تەنانەت گرنگی بە ڕوودانی کردەوەی ئاوخواردنەوەکە دەدات، دواتریش وا دێتە بەرچاو کە تەنانەت باپیریش دەخرێتە نێوەندی ئەو لیستەیەی کە ئاوەکەیان خواردۆتەوە. لە (٣ج) دا وا

---

[6] لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە ئاوڕێك لە تێڕوانینەکانی Auwera بدەینەوە سەبارەت بەوەی کە ئەو زیاتر "باوەڕی هاوبەش" بەکار دەهێنێت لە کردەوەی پەیوەندیکردندا لە نێوان هەر دوو قسەکەر و گوگر زیاتر لە "زانیاری هاوبەش" چونکە باوەڕی وایە کە زانیاری بەشێك یان جۆرێکی تایبەت و نا ئاسای-peculiar ە لە باوەڕ. بۆیە باوەڕی هاوبەش لە نێوان هەردوولا بە ڕاستتر دەزانیَ، دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لێرەدا باس لە هەڵێنجانی گریمانەیەکە کە دەشیَ ڕاستەوخۆ قسەکەر نەیدرکاندبیَ بۆیە باوەڕی هاوبەش بەو گریمانانە نەك زانیاریانە بۆ ئەم بابەتە بە باوەڕی ئێمە زیاتر لە شوێنی خۆیدایەتی.

دێتە بەر چاو کە گەرچی کردەوەی ئاوخواردنەکە زەحمەت بووە بۆ باپیر بەڵام لە کۆتایدا هەر توانیویەتی، بیری کاریگەری و بەردەوامی دەق، ناتوانرێ وەك بنیاتێکی سابیت واتە بەردەوام مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، بەڵکو وەك نمونەیەکی داینامیکی بنیاتی هاوکاری کەری دەمەتەقێ کردن لە نێوان کەسەکان سەیردەکرێت. بە لای نوسەرەوە تەقدیر و هەڵسەنگاندنی ئەو خاڵە بەو جۆرەی سەرەوە ڕێ لە بەهەڵە تێگەیشتن لە سروشتی گریمانەی پڕاگماتیکی دەگرێ، سەبارەت بە زانیاری هاوبەش وەك کولتور لە زانینی گریمانەکان با سەرنج لە تێڕوانینی (Burton-Roberts 12989:26 لە (Horn 1979:306) ەوە بدەین:

ئەگەر من بە تۆم بوتایە، "خوشکەکەم بەیانی بۆ (نانی)نیوەڕۆ دێت"، من گریمانەی ئەوە دەکەم کە خوشکم هەیە بەڵام لە پێشنیاری ئەوەدا زەروری نیە گریمانەی ئەوە بکەم کە تۆ پێشتر وایدادەنێی یان باوەڕت وایە کە من خوشکم هەیە"

بە پێی ئەو تێروانینەی سەرەوە گریمانەی پێشەکی ناتوانرێ ڕاستەوخۆ دیاریبکرێ لەبواری زانیاری هاوبەش یان دوولایی (لە نێوان قسەکر و گوێگردا)".

لە کاتێکدا بەلای کەسانێکی تری وەك (Stalnaker (1974: 198 ەوە گریمانەی پێشەکی ئەو شتەیە کە بە شێوەیەکی هەست پێکراو گریمانە کراوە یان دەکرێت، دەتوانرێ دەربڕێ وەك زانیاریەکی تازە لە لایەن قسەکەرەوە کە "هەندێ شت بە گوێگرەکانی دەڵێ .... بە هۆی وا پێشاندان کە گوێگرەکان لە پێشەوە ئەوە دەزانن[٧]" و دەڵێت ئەگەر

" پرسارم لێ کرا لەلایەن کەسێکەوە کە هەر ئێستا توشی بووم، "ئایا تۆ دەڕۆیت بۆ نیوەڕۆکردن؟" من وەڵام دەدەمەوە، "نەخێر، چووم لە دوی خوشکەکەم، لەویانە وا دەردەکەوێ من گریمانەی پێشەکی ئەوە بکەم کە من خوشکم هەیە لە گەڵ ئەوەشدا من وایدانانێم کە قسەکەر ئەوە دەزانێ: (Stalnaker 1974:202)

### 2.3.5 زانستی سیمانتیکی گریمانەی پێشەکی–Presuppositional Semantics

تیۆری سیمانتیکی گونجاو ئەوەیە کە بتوانێ هەردوو مەرجی–ڕاستی و بەهای–ڕاستی یان گریمانەی پێشەکی لەو ڕستانەی لێیان دەکۆڵرێتەوە جیابکاتەوە، هەر لەو بارەیەوە، Wilson (17-1975) باوەڕی وایە کە ئەو ڕستانەی لە سەر ڕێبازی گریمانەی پێشەکی شی دەکرێنەوە دەکەونە بواری سیمانتیکەوە و دەتوانرێ بە سەر دوو پۆلدا دابەش ببن، بۆ نمونە، ئەوانەی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە سیمانتیکین، بەڵام دەتوانرێ لە ڕوانگەی تیۆری بە مەرجی–ڕاستییەوە مامەڵیان لە گەڵدا بکرێ، دووەم ئەوانەی بە هیچ جۆر سیمانتیکی نین، واتە ناکەونە بواری سیمانتیکەوە بۆیە بە شێوەیەکی ڕاست دەتوانرێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت لە سەر ئاستی پڕاگماتیك یان کردەوی بنیاتی. سەبارەت بە دیاریکردنی گریمانەی لۆجیکی Wilson

---

[7] ئەگەر لە کاتی t دا هەندێ شت بگوترێ کە پێویستی بە گریمانەی پێشەکی p هەبێ تا پەسەند بێت، و ئەگەر p پێشنیار نەکرابێ تازە لە پێش t دا ،ئەوسا ––– لە نێوەندی سنور بۆ دانانێکی دیاریکراو –– گریمانەی پێشەکی p دێتە وجوود لە کاتی t دا. ((Lewis 1979:340)

(1975:17) باوەڕی وایە کە "ڕستەی S گریمانەی ڕستەیەکی تری p دەکات ئەگەر و تەنها ئەگەر S ڕاست بێ p یش دەبێ ڕاست بی، و ئەگەر نەرێی S- ڕاست بوو p پێویستە ڕاست بێ، و ئەگەر p هەڵەبوو یان بەهای-ڕاستی نەبوو(نوقسان بوو) هەر دوو S و نەرێکەشی S- پێویستە بەهای ڕاستیان کەم بێ.

سەبارەت بە بەهای-ڕاستی دەربڕینەکان، وتوویژی زۆری لەسەرە، بۆیە زانایانی زمان لەسەر هەموو لایەنەکان کۆك نین، بۆ نمونە، بەشێك لەوانە باوەڕیان وایە کە ڕستەکانی پرسیاری و فەرمانی ناتوانن بێنە ژێر ڕکێفی بابەتی دەمەتەقێی مەرجی ڕاستیەوە، واتە مەرجی-ڕاستی لەخۆ ناگرن. لێکدانەوە و دیاریکردنی گریمانەی پێشەکی لە لێکدانەوەی لایەنەکانی تری وەك مەرجی ڕاستی، .... ئاڵۆزترە ئەوەش دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە گریمانەی پێشەکی و واگەیەندنەکان چەندان لێکدانەوەی جیاواز هەڵ دەگرن بە تایبەت لە ڕستە نا-سادەکاندا. بەو پێیە، دوو میکانیزمی جیا سەبارەت بەو پۆلێن کردنە پێویستە لە پێش چاو بگیرێن تا دوو دابەشکردنی دیار و بەر چاو پێشبینی بکرێن، بۆ نمونە، سەرنج لەڕەفتاری ڕستەکانی خوارەوە بدە:

(١) باپیر لە خوێندنەوە کەوت.

(٢) باپیر لە خوێندنەوە نەکەوت.

(٣) باپیر دەیخوێندەوە.

بە مەبەستی لێکدانەوە و دیاریکردنی دوو دیاردەی زمانی جیا ڕستەکانی (١) بۆ (٣) شی دەکەینەوە بە پێی ئەو ڕێبازەی Wilson (1975) بە دروستی دەزانێ، بۆ نمونە، یەکەم: بە پێی ڕێبازی گریمانەی پێشەکی (١) و (٢) پێشبینی (٣) دەکەن، بۆیە ئەگەر (١) و (٢) ڕاست بن، بەزەرورەت (٣) یش دەبێ ڕاست بێ. و هەروەها ئەگەر (٣) هەڵەبێ، وا هەردوو (١) و (٢) پێویستە بەهای-ڕاستیان کەم بێ. دووەم: بەپێی ڕێبازی واگەیاندن دەتوانرێ ئەوە بگوترێ کە (١)، (٣) دەگەیەنێ. لێرەوە، ئەگەر (١) ڕاست بێ (٣) یش پێویستە ڕاست بێ، بەڵام ئەگەر (٣) هەڵە بوو (١) هەروەها هەڵە دەبێ، نەرێی (١) دەبێ ڕاست بێ. بەلای نوسەرەوە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ڕێبازەدا، لە (٣) دایە، بۆ نمونە، هەر کام لەو ڕێبازانە چی دەلێ لە دوای لە بێژینگ دان و تاقیکردنەوەوە ئەگەر (٣) هەڵە بێ: لەو بارەیەوە لێکدانەوەی واگەیاندن دەڵێت کە (١) ئاسایی دەبێ هەڵەبێ و (٢) ڕاست، لە کاتێکدا لێکدانەوەی گریمانەی پێشەکی پێمان دەڵێت کە بەهای ڕاستی (١) و (٢) کەم دەبێ. جیاوازی لەنێوان ئەو دوو ڕێبازەدا لە مامەڵەکردن لە جوت ڕستەکاندایە، بۆ نمونە، لە هەر دوو باری نەرێ-و بەڵێ، واتە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤدایە.

### 2.4 ڕۆڵی کەرەستەکانی زمان لە بنیاتی گریمانەی پێش کاتدا:

#### 2.4.1 ناوی کۆ(ئامرازی (شوناس):

ناوی کۆ خوێندنەوەی پێوانەی گشتی-universal quantifier ی وەردەگرێت، واتە کاتێ پۆلێك، دانەیەك لە کۆی گشتی ئەو ڕەگەزە دیاری دەکرێت، بۆ نمونە هەموو بزنەکان، گشت بزنەکان، هەریەك لە بزنەکان، وەك بەشێك لە بزن کە خوێندنەوەی توخمی خۆیی بۆ سەرجەم ڕەگەزی بزن هەڵدەگرێت، بۆ نمونە،

(١) بزنەکان شاخەوانن.

بـزن(ەکـان) وەك NP لـە (١)دا وابەسـتەی-دەقیـە، دەقەکـە پێمـان دەڵـێ کـە ئـەو NP -ە چ خوێندنەوەیەك هەڵدەگرێ. دیارە، وشە و ڕستە هەر هەموو واتا دەردەبڕن لەو دەقانەدا کە تیایدا بەکار دەهێنرێن، لەو بارانەدا هەم تێڕوانینەکانی قسەکەر هەم چوارچێوەی دەقی کاریگەری خۆیان هەیە لە سەر واتای کەرەستە فەرهەنگیەکان، جگە لەوەی کە خۆیان لە خۆیاندا واتای فەرهەنگی خۆیان هەیە، لێرەدا دەتوانرێ دەستەیەك لە کەرەستەی زمانی دیاریبکرێن کە واتاکانیان بە شێوەیەکی ڕون پشت بەو دەقانە دەبەستن کە تیایدا ڕوودەدەن. بۆ نمونە، من، تۆ، ئەمە, ئەوە، دوێنێ، ئەمڕۆ، ئێرە، وەرە، ئەوانە هەمووەك دەربڕینێکی ئیشاری لە زماندا ڕەفتار دەکەن، واتە ئەرکی نیشانەکردن یان دیاریکردنی کەسێك، شوێنێکی دیاریکراو دەبینن لە نێوان کۆمەڵەیەکی موتەجانیس لە کەس و شوێن دا، ئەوە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەگوترێ (.deictic(adj واتە ئامـاژەیی، بەرانبەر بەوە دەتوانرێ وشەیەکی تر کە واتای ئاماژەیی دەدات- (deixis(n بەکار بهێنرێت بە مەبەستی گەیاندنی واتایەك کە پەیوەندی بە کات و شوێنی قسەکردنەوە هەیە، وەك ئێستا، لەوێ، ئەمە. ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە بەهاو ڕەفتار و ڕۆڵی ئەو کەرەستانە لە گۆڕاندایە، بۆ نمونە، ئەوەی بە لای قسەکەرەوە "ئێرە" یە بەلای کەسێکی ترەوە دەبێ بە "ئەوێ" یان ئەوەی ئێستا پێی دەڵێن "ئێستا" لە کاتێکی تردا وەك ڕابردوو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەوەش لەوەوە هاتووە کە وشەکانی ئیشارە پەیوەستن بە کات و شوێنی دیاریکراوەوە. بۆیە ئەوانە واتاکانیان پەیوەستن بەو دەقانەی تیایاندا بەکار دەهێنرێن. ڕودانی NP -ەکان، بۆ نمونە، بزن(ەکان) لە (١)دا لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر یان لە گەڵ کارێکەوە بۆ یەکێکی تر لە ڕوی بەها و دەربڕینی گریمانەی پێشەکیەوە لە گۆڕاندایە، بۆ نمونە، لە کوردیدا دەتوانرێ دەستەیەك کاری وەك سەردان، ڕاونان، و کوشتن دیاریبکرێن کە بە پێچەوانەی کارە هەڵوێستە پێشنازیەکانەوە ڕەفتـار دەکـەن، دیـارە ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ پەیوەنـدی شـوێنی گفتوگۆکـە کـە بـە هـۆی پێشینەیەکەوە دەربڕاون و شوێنێکی سەرچاوەییان هەیە. جگە لەو کارانە کاری تریش هەن، کە دەشێ سەر بە هەمان گروپ یان گروپێکی تر بن، بۆ نمونە، کاری خواردن وەك کاری ڕاونان، کوشتن یان سەردان وایە، چونکە پەیوەندیەك دەردەبڕێت کە شوێنی گفتەگۆکەی هەڵوێستێکی سەرچاوەییە. واتە کاتێ بکەری کارەکە پلەی تاکی ناسراو وەردەگرێت دەتوانێ خوێندنەوەی هەبوونی بکەرەکەی بگەیەنێ، بۆ نمونە، (٤) گریمانەی پێشەکی بە بوونی بزنەکە دەکات.

(٤) بزنەکە گیا دەخوات. گریمانە: بزنەکە وجودی هەیە.

کاری "دەخوات" خوێندنەوەیەکی پێچەوانە هەڵدەگرێت کاتێ بکەری ڕستە وەك دانەیەکی گشتی- generic ڕەفتار دەکات لە ڕستەکەدا، لە بەر ئەوە شوێنی کەرەستەکانی کارەکە "دەخوات"، هەڵوێستێکی پێچەوانە وەردەگرن، بۆ نمونە، بۆ مەوقیعێکی ناسەرچاوەی نا-دیاریکراو، وەك لە (٥) دا بەدیار دەکەوێت،

(٥) بزن(ەکان) گیا دەخوات.

ناوی گشتی "بزن" هێما بۆ وجودی هیچ بزنێك ناكات له كاتی قسه یان له ژیانی واقیعدا، بەڵكو زیاتر پێ له سەر هەقیقەتێك دادەگرێ كه له سەر گیاخواردنی گیانلەبەرێكی وەك بزن بەندە، دیارە هەر له بەر ئەوەیه كاتێ بكەری ڕسته وەك نمونەی توخمی خۆی پیشان دەدرێت هەمیشه كارەكه فۆڕمی ڕانەبردوو وەردەگرێ، ئەو كات ئاسایی سەرجەم ڕستەكه له خزمەتی پیشان دانی ئەوەدایه كه ڕەگەزی "بزن" گیا خۆرە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كه كاری ڕانەبردوو هەمیشه بە مەبەستی وەسفی ڕاستی بەكار دەهێنرێت، بۆیه سیفاتی بكەرەكەی پیشان دەدات، هەر بۆیە (٥) خوێندنەوەی گریمانەی پێشەكی سەبارەت به بوونی بزن له كات و شوێنێكی دیاری كراودا بە خۆوە ناگرێ، زوربەی زانایانی زمان له سەر ئەوەن كه گریمانەكاری پەیوەندی به كات و شوێنی دیاریكراوەوە هەیه. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كه ڕستەكە زیاتر وەسفی ڕاستی "گیا خواردن" دەكات له لایەن ئاژەڵێكی وەك بزنەوە، تەنانەت ئەگەر بزن له كاتی دەربڕینی ڕستەكەدا بونیشی نەبێ، هەموو ئەوانه ڕۆڵی ئامرازی "شوناس" له پیشاندانی جیاوازی له نێوان ڕاستی گیاخواردنی ڕەگەزی بزن و گریمانەی هەبوونی تاكێك له سەرجەم ئەو ڕەگەزە له كات و شوێنی دیاریكراودا و سەرقاڵبوونی به گیاخواردنەوە پیشان دەدات. .

(٦) (تەنانەت) مرۆڤێكی زۆر پاكیش قوڵبڕ و درۆزنە كاتێ (قسه) هاتە سەر بەرژەوەندی خۆی.

به پێی Katiz (1979:113) ڕاستی ڕستەیەكی وەك (٦) بەند نیە له سەر بوونی پەیوەندی سەرچاوەیی چونكه ئەو جۆرە ڕستانە بەو ناوەڕۆك و ڕیزبوونی كەرەستانەوە سەبارەت به بابەتێكی تایبەت و دیاریكراو و نەگۆڕ وتراون له دونیای واقیعدا، واته ئاماژە بۆ كەسێكی دیاریكراو (به هۆی –ەكە)وە ناكەن.

(٧) ئەگەر (هەر) كەسێ مرۆڤێكی زۆر پاكیش بێ، كاتێ دێته سەر بەرژەوەندی خۆی درۆزنە.

دیارە، له زماندا، لێكدانەوەی ڕستەكان له هەمان ئاستدا نین و هەمان خوێندنەوە هەڵناگرن، ئەوە له گۆڕانكاریەكی بەردەوامدایه به پێی جۆر و چۆنیەتی ڕیزبوونی كەرەستەكان و پەیوەندی لۆجیكی له نێوان بكەر و كارەكەوە، بۆیه لەو بارەیەوە دەتوانرێ ئەوە بگوترێ كه بنیاتی ڕستەكانی سەرەوە جۆرێكی تایبەتن و پێویستیەكی تایبەت لەزماندا پڕ دەكەنەوە. وەك وترا، ڕستەكان دەبێ ناوەڕۆكێك به خۆوە بگرن یان بەلانی كەمەوە تاكید له سەر شتێ، كەسێ بكەنەوە كه له سەر بنەمای گونجاوێتی و شیاوی ئەوەی كه دەتوانرێ ئەو ناوەڕۆكانه ڕاست بن یان هەڵه له ژیانی واقیعدا، له لایەكی تریشەوە ناوەڕۆكەكان چوون یەك نین، دەشێ ناوەڕۆكێكی زانستی یان هەر مەبەستێكی تری ئاسایی هەڵبگرن، ئەوانەش به شێوەیەكی گشتی سەربەخۆن سەبارەت بەوەی كه ئایا بوونی ڕەمڵ لێدان و گۆترەكاری existential conjecture سەبارەت به سەلماندنی ئەو ناوەڕۆكانه له ژیاندا دەگەیەنن و پیشاندەدەن یان نا.

نوسەران كۆك نین له سەر ئەوەی كه دەبێ ڕستەیەك گریمانەیەكی تایبەت هەڵبگرێ یان نا؟ بۆ نمونه، Katiz (1979:113-4) سەبارەت بەو كێشەیه بیر و ڕای دوو نوسەر بۆ هەمان ڕسته دەخاتە ڕوو،

(٨) ئەگەر جاك منداڵی هەبن، پاشان هەموو{ منداڵەكانی جاك} سەر ڕوتاوەن.

{ ـیان }

بەلای Mrgan (1969) وە سەرەنجامی ڕستەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە منداڵ هەن و باوکیان "جاك"ە، لە کاتێکدا بەلای Langenden-Savin ەوە سەرجەم مەرجێتی ڕستەکە گریمانەی بوونی منداڵەکانی لێ ناکەوێتەوە. لە لێکدانەوەکانی نوسەران ئەوە هەڵدەهێنجرێ کە ڕستەی مەرجی (ئەگەر) و ڕستەی گشتی هەمان خوێندنەوە هەڵناگرن، ئەوەش بەوەدا دەردەکەوێ کە لە ڕستەی گشتی–generic دا گریمانەی پێشەکی دەسڕێتەوە بەڵام مەرجی ڕاستی– truth conditions دەمێنێتەوە، واتە هەمیشە جەخت لەسەر ڕاستی دەکەنەوە، بۆ نمونە، "بزن گیا دەخوات"، وەك لە (٦) دا خرایە ڕوو، بە پێچەوانەوە، لە ڕستەی مەرجیدا، مەرجی ڕاستی دەسڕێتەوە بەڵام گریمانەی پێشەکی دەمێنێتەوە. بۆ نمونە، دەگوترێ ئەگەر وابوو وادەبێ وەك لە ناوی "جاك" بکەری (٧)دا دەبینرێ، ئەوانە هەموو تاکید لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە لە گریمانەکاریدا زۆر جار لایەنی subjectivity زاڵە. دیارە، لە ڕستەی سەرەنجامدا جۆرێك لە پەیوەندی ئانەفۆرە واتە (وا) گرتنەوە و دووبارەبەنەوە بۆ ڕەگەزەکانی مەرجی ڕاستی کە سڕاونەتەوە بەدی دەکرێت وەك لە (٨) ڕوونکرایەوە.

### 2.4.2 ڕستەی وابەستە و گریمانەی پێش کاتی

لە زماندا، لە ئەنجامی بەکار هێنانی هەندێك کەرەستەی ترەوە لە سەر ئاستی سەرەوە کە بێشك تێڕوانینە کەسیەکانی قسەکەر بە ڕونی دەگرێتە خۆی، دەتوانن هاریکاری دەربڕینی گریمانەی پێش کات بکەن: بۆ نمونە، دەشێ دەستەواژە وابەستەکان گریمانەی پێش کات بەرهەم بهێنن، لەوانە ڕستەی وابەستە، کلۆزی ئاوەڵکاری کاتی، کلۆزی بەراوردی و هی تریش، بۆ نمونە،

(١) (ا) من کتێبم دەنوسی پێش ئەوەی ئێوە فێری خوێندەواری بن.

گریمانە: (ب) ئێوە فێری خوێندەواری بوون.

(٢) (ا) باپیر لە قادر توڕەترە.

گریمانە: (ب) قادر توڕەیە.

### 2.4.3 گریمانەی پێش کات و دەق

لە زماندا واتا و ڕەفتاری کار یان بارودۆخێکی تایبەت بە تەنها هەمیشە نابنە تاقە سەرچاوە بۆ بنیاتی گریمانەی پێش کاتی، بەڵکو زۆر جار واتای سەرجەم کەرەستەکانی دەربڕینێك یان دەقێکی تایبەت هاریکاری دەربڕینی گریمانەی پێش کات دەکەن، دیارە دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگیرێ کە زۆر جار ڕۆڵ و واتای تاقە وشەیەك ئەوەندە زاڵە بە گۆڕینی ئەو وشەیە بە وشەیەکی تر وا واتای پێشبینی کراو لە دەست دەدرێت. لە ڕاستیدا، زۆر جار ڕستەیەکی دیاریکراو دەشێ هەمان کۆمەڵە سەرەنجام بەرهەم بێنێ بەڵام ناتوانێ هەمان گریمانە بکات، بە شوێن (Levinson 1982)دا ، ئەو دیاردەیە ڕوندەکەینەوە کاتێ دەبینی جۆرێك لە پێشبینی پێش کات بە هۆی کلۆزێکی ئاوەڵکاریەوە بەرهەم دێت، بۆ نمونە، (١ا) پێشبینی (١ب) دەکات:

(١) (ا) باپیر هاواری کرد پێش ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی تەواوبکات.

(ب) باپیر لکۆڵینەوەکەی تەواو کردووە.

هاوار کردن دوایەمین چالاکی بکەر نیە بۆیە دەشێ چالاکی یان کردەوەی تری وەك تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکانیشی بەدواوە بێت، لە کاتێکدا ڕوداوێکی تری وەك "مردن" وەك لە (٢ب) پیشان دراوە واتای کۆتای هێنان و دانانی سنورە بۆ چالاکیەکانی مرۆڤ، ئەمە جگە لەو زانیاریە گشتیەی کە کەسەکان سەبارەت بە دونیای واقیع لە واتای سەرجەم ڕستەکەوە وەری دەگرن. لەبەر ئەوە ئاسایی لەوە بە ئاگا دەبین کە مردن مۆڵەتی تەواو کردنی لێکۆڵینەوەیەکی ناتەواو نادات، بۆیە ئەو دیاردەیە دەشێ پێی بگوترێ  توانای سڕینەوەی گریمانەی پێش کات، بۆیە (١ا) گریمانەی (٢ب) ناکات.

(٢) (ا) باپیر مرد پیش ئەوەی لێکۆڵینەوەکەی تەواوبکات.

(ب) باپیر لێکۆڵینەوەکەی تەواو نەکرد.

سەبارەت بە گریمانە، دەق، ڕستە و پێشنیار وتووێژی زۆری لەسەرە، بۆ نمونە، ڕستە لە زمانی سروشتیدا بە پێی زۆر لە پێناسەکان ئەوانەن کە بە تەواوی ڕاستی هەڵگرەکان دیاریدەکەن، کەواتە ڕاستی هەڵگرەکان بەشێکن لە ڕستە ....، بەو پێیە جیاوازی لە نێوان ڕستە و پێشنیارەکاندا نیە. لە کاتێکدا بەشێکی تر لە زانایانی زمان وای بۆ دەچن کە ڕستە و پێشنیارەکان دوو ڕێبازی لێك جیاوازی بەندێکی زمانین. بۆ نمونە، زمانەوانای سەر بە ڕێبازەکەی چۆمسکی لە (Iten 2005:6)ەوە باوەڕیان وایە کە هەر  دوو دیاردەکە، ڕستە و پێشنیار بەرهەمی سیستێمی زمانین، جیاوازی لە نێوان ڕستە و پێشنیازەکان لە وەدایە کە واتای ڕستە بە هۆی پێکهێنەر و بنیاتی ڕستەکانەوە دیاریدەکرێت. لە کاتێکدا پێشنیاز propositions لە لایەکەوە زیاتر لە ڕستە وەك بونێکی موجەڕەد–abstract پیشاندەدرێت، کەواتە پێشنیارەکان لەسەر بنەمای بیروڕایەکی گشتی یان پەیڕەوگەلێك بنیات نراوە نەك وەك نمونەگەلێکی تایبەت یان ڕوداوی هەقیقی، کەواتە پێشنیارەکان سەبارەت بە بیروڕایەکی ئاڵۆزن زیاتر لەو شتانەی کە لە ژیانی واقیعدا دەوری قسەکەرەکانیان داوە، کەواتە کە باسی پێشنیار دەکرێ بیرەکان لەسەر بیروڕا و چوچنیەتی شتەکان نەك ئەو شتانەی کە دەتوانی ببینی یان بە دەست بیگری، بۆ نمونە، جوانی. کەواتە دەتوانرێ پێشنیازەکان وەك پێشاندەر و پێشکەشکەری بارودۆخەکان کە پێویستیان بەوە نیە بە هیچ فۆڕمێکی زمانیەوە ببەسترێنەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. لە لایەکی ترەوە بەلای زوربەر زۆری زمانەوانەکانەوە پێشنیارەکان نە ڕاست و نە درۆن، لەبەرئەوە دانەپاڵی مەرجی ڕاستی بۆ ڕستەکان کارێکی مەحاڵە.

دەتوانرێ جیاوازی لە نێوان ڕستە و ڕاستی هەڵگرەکان، بۆ نمونە، پێشنیازەکان (کە وەك جەوهەری واتا سەیردەکرێن) وا لێك بدرێتەوە وەك ئەوەی ڕستەکان بە تەواوی لە سەر پێشنیازەکان بیناکرین. بە واتایەکی تر ڕستەکان خۆیان لە خۆیاندا پێشنیاز نین، بەڵکە دەشێ پێشنیازەکان دەربڕین سەربەخۆ لە دەق، کەواتە لێکۆڵینەوە لە ڕستە = لێکۆڵینەوە لە فۆڕم، لە کاتێکدا لێکۆڵینەوە لە پێشنیاز = لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆك،  واتاو بیروباوەڕە موجەڕەدەکان. بەو

جۆره، جیاوازی له نێوان ڕسته و پێشنیازەکان[8] ئەوه نین که ڕاسته و ڕاست و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یەك بۆیەك (واته لەسەر بنەمای one to one correspondence) بیناکرابن[9].

له ڕاستیدا، ئێمه له ژیانی واقیعدا مامەڵه لەگەڵ دوو دیاردەدا دەکەین، بۆ نمونه، هێما کەر و هێما بوکرا، کەواته له دەربڕینێکی وەك "ئێستا" یان "ئێره" دا وەك پێویست ناتوانرێ ئاماژەبۆکراو دیاری بکری ئەگەر مەبەستی قسەکەر له بەرچاو نەگیرێ. لەو بارەیەوه Iten (2005:9) چەند نمونەیەك له Carston (2002:22) وەردەگرێ، سەبارەت بەوەی که ناتوانرێ مەرجی زەروری و کافی ڕاستی نمونەکانی خوارەوه دیاریبکرێ بێ ئەوەی ئاماژه بۆ دەقی ئەو دەربڕینانه یان مەبەستی قسەکەر لەبەر چاو بگیرێ، بۆ نمونه،

(١) پاڕاسیتیمۆڵ باشتره. (له چی؟) (ڕاسته ئەگەر پاڕاسیتیمۆڵ باشتر بێ له ...)

(٢) ئەمه هەمان شت. (وەك چی؟) ڕاسته ئەگەر و تەنها ئەگەر ئەو شتەی به هۆی ئەوەوه هێمای بۆکراوه هەمان شت بێ.

(٣) ڕۆیشت. (کەی؟) ڕاسته ئەگەر و تەنها ئەگەر ئەو کەسەی به هۆی ئەوەوه هێمای بۆ کراوه ڕۆیشتبێ.

(٣) ئەو زۆر منداڵه. (بۆ چی؟) ڕاسته ئەگەر و تەنها ئەگەر ئەو کەسەی هێمای بۆ کراوه زۆرمنداڵ بێ.

(٤) باران دەبارێ. (له کوێ) ڕاسته ئەگەر باران بێ.

ئەوەی له ڕستەکانی سەرەوه پێشبینی دەکرێ ئەوەیه که واتای زمانی بەتەنها بەس نیه تا مەرجی ڕاستی قەناعەت پێکراو بنیات بنرێ، یان بتوانێ ئەو پێشنیارەی که قسەکەر دەیەوێ دەری ببڕێ. لەکاتێکدا بەلای کەسێکی وەك Cappelen and Lepore (2004) ڕستەکان دەتوانن مەرجی ڕاستی بەخۆوه بگرن له دەرەوەی دەقیشدا

### 2.4.4 هەروەها–too و گریمانەی پێش کاتی

به پێی(2002:11) :Spender ئەو پێشبینیانەی به هۆی too وه دەردەبڕدرێن دوو داواکاری یان مەرج دەخوازن، یەکەم، دەبێ بەندێکی هاوبەش هەبێ له نێوان ڕوداو یان ئەو بارودۆخەی که له دەربڕینەکەدا هێمای بۆ کراوه لەگەڵ لێکەوتنەوەی ڕوداوێکی تر، واته هەڵێنجانی واتایی، دووەم: زانیاری و هەواڵی پێشبینیکراو. جگه لەوانه "هەروەها" دەتوانرێ به مەبەستی تاکید کردنەوه بەکار بهێنرێ به شێوەیەك که دەشێ بەلالنی کەمەوه یەکێ له پێشنیارەکان ڕاست بن. Asher (1993) بەوه دەڵێت باس یان سەرباس theme و هەمان زاراوه له لایەن Spender ەوه بەکار دەهێنرێتەوه، بۆ نمونه، له (١) دا "لێکچون"، وەك سەرباس مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لێرەدا، دەبێ دوو بەندی هەمان جۆر بوونیان هەبێ، بەڵام لەگەڵ جیاوازیەکدا، که پێی دەگوترێت ناوچەق

---

[8] Proposition لەم نوسینەدا زیاتر به واتای پێشنیاز بەکار دەهێنرێت، لەکاتێکدا دەتوانرێ وەك دەمەتەقێیەك که تێڕوانین، بیروڕا و بڕیاردان لەخۆبگرێ، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

[9] بۆ زانیاری زیاتر سەیری (8-2005:6) Iten بکه.

یان ناوەڕاست focus. بۆ نمونە، قادر لە (١) دا وەك ناوچەق مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، سەرجەم ڕستەکە لێکدانەوەی ئەوە هەڵدەگرێت کە جگە لە باپیر هەندێ کەسی تر هەن کە حەز لە هەنار دەکەن دیارە ئەوەش وادەکات کە بە هۆی ڕستەی یەکەمەوە ڕەزامەندی لەسەر بدرێت.

(١) باپیر حەز لە هەنار دەکات. هەروەها قادریش (حەز لە هەنار دەکات).

Spender دوو گرفت لە وەها گریمانەیەکدا دەخاتە پێش چاو، یەکەمیان وەك گریمانەی زڕ، واتە ناسەرکەوتوو، ئەوەش لەوەدا خۆی دەنوێنێ کاتێ ڕستەیەکی دیاریکراو پێشنیار یان گریمانەی هەندێ شت دەکات کە ڕاست نیە، دووەم گرفتی گۆترەکاری یان پێشبینی ڕودان لە دواڕۆژدا.

(٢) ---- باپیر هەروەها زۆر نوستووە.

پێشبینی ئەوە دەکرێ کە لەویانە کەسێکی تریش جگە لە باپیر خەوتبێ.

(٣) (ا) -- هەروەها باپیر(یش) حەز لە ماشێنە دەکات. گریمانە: کەسێکی تریش حەزی لێ کردووە.

(ب) ئازاد حەز لە ماشێنە دەکات و گرنگ نیە کە باپیر هەروەها حەزی لێبکات.

### 2.4.5 کارە ستێیتیڤ و یەقینیەکان و گریمانەی پێش کات

Kiparsky هاوڕایە لە گەڵ Fillmore سەبارەت بە کارە یەقینیەکان، بۆ نمونە، باوەڕیان وایە کە (ا) کارە یەقینیەکان ڕاستی تەواوکەرەکانیان پیشان دەدەن، (ب) بە نەرێکردنی کارە یەقینیەکان دیاردەی ڕاستی گریمانەی پێشەکی لە نێو ناچێ بەڵام تاکید کردنەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری نەرێوە. بۆ نمونە، بە شوێن (Kiparsky دا ئەو دیاردانە ڕوندەکەینەوە،

(١) باپیر سەیارەکەی نەشت.

دەشێ ئەو لێکدانەوانانەی خوارەوە هەڵبگرێت:

(أ) دەشێ هەندێ کەس سەیارەکەی شتبێ، نەك باپیر.

(ب) دەشێ باپیر هەندێ کاری تری کردبێ، نەك سەیارە شتن.

(ت) باپیر دەشێ هەندێ شتی تری شتبێ، نەك سەیارە شتن.

(پ) باپیر دەشێ هەندێ شتی تری لە سەیارەکەدا کردبێ، نەك شتنی.

(ج) دەشێ باپیر ئەو کارەی کردبێ، بە ڵام سەیارەکە هەر پاك نەبووبێتەوە.

هەرچۆنێ بێ ڕستەکانی سەرەوە خوێندنەوەی ئەوە هەڵناگرن کە

(٢) باپیر سەیارەکەی نەشتبێ چونکە سەیارەکە پیس نەبوو.

واتە هۆکاری نەشتنی سەیارەکە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەیارەکە پیس نەبوو بۆیە نە شۆرا. بەڵکو لە سەر ئاستی سەرەوە کە ڕاستەوخۆ تێڕوانین، جۆری بیرکردنەوە ومەبەستەکانی قسەکەر ڕەنگدەداتەوە، دەکرێ گوێگر ئەو چەند بیرانەی ڕستەکانی (١ا) بۆ (١ج) دەری دەبڕن بە بیری خۆیدا بهێنێ و لە واقیعیشدا دەکرێ هەر یەك لەو بۆچونانە ڕاست بێت و مەبەستی قسەکەر بپێکێ. نمونەی لەو جۆرە زۆرن، بۆ نمونە، لە ڕستەیەکی وەك "کەسێك لەدەرگا دەدات" دا، دەکرێ دەیان بیری وەك "پۆلیسە و دەیەوێ ....، فەڕاشەکەیە و ئاوی هێناوە، کەسێکە و داوای یارمەتی دەکات، کەسێکە و ڕێگەی لێ هەڵە بووە دەیەوێ ...، قوتابیەکە و درەنگ کەوتووە و ...، دەیانی تر

بەبیری خۆیدا بهێنێ. لە کاتێدا هەریەك لەوانە ڕاستە، بۆ نمونە، کە (ئەو) پۆلیس بوو وا نابێ کەسێکی تری وەك قوتابی بێ.

ڕستەکانی (١١) بۆ (١ج) کە فۆڕمی نەرێ بەخۆوەدەگرن دەتوانرێ وەك نکولیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، بە پێچەوانەوە ڕستەکانی (١٢) و (٢ب) وەك نکولی گونجاوێتی وشەی "شتن یان پاك کردنەوە" سەیردەکرێت.

(٢) (ا) باپیر سەیارەکەی نەشت، کارەکەرەکە شتی

(ب) باپیر سەیارەکەی نەشت، (بەڵکو باپیر پیسی کرد).

ئەو لێکۆڵینەوە و لێدوانانەی سەبارەت بە چەند کارێك کە لە دەوری سیفاتە سیمانتیکی و سینتاکتیکیەکانیاندا دەسوڕێنەوە زانایانی زمان بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کارە یەقینیەکانیان ناویان دەبەن، کارە یەقینیەکان بریتین لەو کارانەی کە بە شێوەیەکی سیمانتیکی و وەزیفی چەند سیفاتێکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، بۆ نمونە، (ا) هەمیشە تاکید لە سەر ڕاستی تەواوکەرەکانیان دەکەنەوە، (٢) ناکەونە ژێرکاریگەری کردەوەی "نەرێ"وە، هەر بۆیەیە لەو ڕستانەدا نەرێی ئەو کارانە کە تیایدا ڕودەدەن دەتوانرێ وەك نەرێی تەواوکەرەکانیان لە بەر چاو بگیرێت نەك کارەکە خۆیان و (٣) زۆربەیان وەك کاری ستەیتیڤ ڕەفتار دەکەن بۆیە زۆرجار سیفاتی بکەرەکانیان پیشان دەدەن و هەروەها. ئەو کارانەش خەم خواردن، پەشێمان بوونەوە، توڕەبوون، زانین و زۆری تریش بۆ نمونە،

(٣) (ا) باپیر (هەر) زوو <u>زانی</u> کە نازە دڵسۆز نیە بۆ دایکی. (باشی بۆ چووە)

(ب) باپیر <u>هەستی کرد</u> زەخیرەکە بەرەو کەمی دەڕوات. (زۆر بە مشورە)

(ج) باپیر نەیدەزانی کە نازە دڵسۆز نیە بۆ دایکی. (ئاخر ئەو هەرخەریکی خۆیەتی).

لە (١٣)دا "زانین"گریمانەو تاکید لەسەر ڕاستی دڵسۆز نەبوونی نازە بۆ دایکی دەکاتەوە، و لە (٣ب)دا ئەوە ئاشکرا دەکا کە زەخیرەکە بەرەو کەمی دەڕوات، لە گەڵ ئەوەشدا کە کارەکان لە دوو فۆڕمی جیاوازدا بەکار هاتوون هەمان ڕەفتار دەنوێنن بۆیە هەمان خوێندنەوە هەڵدەگرن، لە (٣ج) دا نەرێی زانین لە ڕاستی دڵسۆز نەبوونی نازە بۆ دایکی کەم ناکاتەوە.

Kiparsky لە (Kimpson 1975:69) تێڕوانینێکی هەیە سەبارەت بە کارە یەقینیەکان و دەڵێت کە ڕستەیەك گریمانەی هەندێ ڕستەی تری وەك X دەکات و دەکرێتە پاڕستە لە هەندێ ڕستەی تری Y دا، پاشان Y گریمانەی X دەکات . هێشتا هەندێ شوێنەوار یان (دەوروبەر) هەن کە دەتوانرێ دیاریبکرێن، بەتایبەت لەو بارانەدا کە گریمانەکان لە پاڕستەکاندا نابنە بەشێك لە لێکدانەوەی سەرجەم ڕستەی ژێر لێکۆڵینەوەدا.

Kiparsky باوەڕی وایە کە ئەگەر کارە یەقینیەکان لە پاڕستەدا ڕوبدەن ئەو کات هیچ تاقیکردنەوەیەك لە نێوان لێکدانەوەی گریمانەی پێشەکی و واگەیاندنە کانیادا نابێت، چونکە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا ڕاستی ئەو ڕستەیەی تێدا ڕودەدەن (پاڕستە) وەك سەرەنجامێکی زەروری

ڕاستی ڕستەی سەرەکی لە قەلەم دەدرێن. بەو دەتوانین ئەوە بڵێین کە کارە یەقینیەکانی factive verbs[10] وەک زانین، پەشیمان بوونەوە، تێگەیشتن و هی تریش ....، ئەو کارانەن کە گریمانەی تەواوکەرەکانی خۆیان دەکەن و یەکێ لە تایبەت مەندیەکانیشیان ئەوەیە کە لە گەڵ هەردوو ڕستەی نەریێ و نا–نەرێکاندا تەباو گونجاون، بۆنمونە،

(١) باپیر زانی کە قادر کەچەڵە.

(٢) باپیر نەیزانی کە قادر کەچەڵە.

گریمانە: (٣) قادر کەچەڵە.

بە پێی بۆچوونەکانی Wilson (1975:21) ڕستەیەکی وەک (٣) بەشێك نیە لەو شتەی کە قسەکەر جەختی لە سەر دەکاتەوە، بەڵکو بەشێکە لەو شتەی کە گریمانەی دەکات، بەو پێیە گریمانە ئەو شتەیە کە لە مێشکی قسەکەرەکاندا وجودی هەیە، لەو بارەیەوە، بۆ نمونە، Lakkoff (1972)، Keenan (1970) و زۆری دیکەش جەخت لەسەر هەمان بیر و ڕا دەکەنەوە. تایبەتمەندێتی ئەو کارانە بە بەراورد لەگەڵ کارەکانی تردا ئەوەیە کە (زۆربەیان) تەواوکەر دەخوازن و لە لایەکی تریشەوە جەخت لە سەر ڕاستی تەواو کەرەکانیان دەکەنەوە، بۆیە هەردوو قسەکەر و گوێگرەکان تا ڕادەیەکی زۆر بە هەمان ئاست دەتوانن پێشبینی ڕاستی تەواوکەرەکانیان بکەن:

(٤) (ا) باپیر (هەر زوو) زانی کە قادر سبەینی دێتەوە. (ڕاست دەکات)

گریمانە: ( ب) قادر سبەینێ دێتەوە.

(٥) (ا) قادر پەشێمانە کە کتێبەکەی داوە بە باپیر. (با بخوا دەردی بێ)

گریمانە: (ب) قادر کتێبەکەی داوە بە باپیر.

لە ڕاستیدا تێنس، واتە فۆڕم و کاتی ئەو کارانە، بۆ نمونە، کارێکی وەک "زانین" کە وەک کارێکی ستێیتیڤ[11] ڕەفتار دەکات ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ سەبارەت بە تاکید کردنەوە لەسەر ئەو ڕاستی و هەقیقەتەی تەواوکەرەکەی دەریدەبڕێ، بۆ نمونە،

(٦) (١) باپیر وای زانی کە قادر سبەینێ زوو دەگەڕێتەوە. (بەڵام بە داخەوە)

(ب) قادر سبەینێ زوو نەگەڕایەوە.

لە کوردیدا مۆرفێمی "وا" دەشێ وەک نیشانەی "-ing" لە ئینگلیزیدا مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، بۆ نمونە، "زانین–to know" لە (٤) دا کارێکی ستێیتیڤە بۆیە جەخت لەسەر ڕاستی تەواوکەرەکەی

---

[10] Factive verbs ئەو کارانەن بە پێی پۆڵین کردنی کارەکان کە تەواوکەر لە شێوەی کلۆز واتە پارستەدا دەخوازن، لەو بارانەدا قسەکەرەکان پێشبینی ڕاستی و نا–ڕاستی ئەو واتا یان پێشنیارانە دەکەن کە بە هۆی ئەو تەواوکەرانەوە دەردەبڕدرێت، یان تەواوکەرەکان پێشبینی دەکات، بۆ نمونە، زانین، پەشیمانبوونەوە، داخ بۆ خواردن، "(ئەو) زانی کە باپیر لە سەفەرە" دتوانێ دەربڕینێکی وەک ( بۆیە وێرای ئەو کارە بکات) بۆ زیاد بکەیت.

[11] لە ڕاستیدا دەتوانرێ کارەکانی زمانی سروشتی بە سەر چەند پۆلێکدا دابەش بکرێن لەوانە، Stative, state, dynamic, event and action بەو هیوایەی دواتر لە باسێکی سەربەخۆدا بتوانم بە درێژی ئەو دیاردانە ڕون بکەمەوە.

دەکاتـەوە، بـەڵام کـاتێ مـۆرفێمی "وا"ی بـۆ زیـاد دەکـرێ، لـە گەڵیـدا جـۆر و ڕەفتـاری کارەکـەش دەگۆڕێ و سەرەنجامێکی پێچەوانە بەرهەم دێنێ، بۆ نمونە، دواتر وەك کارێکی "داینامیك" ڕەفتار دەکـات بۆیـە قـسەکەر و گـوێگر دەکەونـە گومانـەوە لـە سـەر ڕاسـتی گریمانـەی تەواوکەرەکـەی و سەرەنجام بە پێچەوانەوە دەکەوێتەوە، بۆ نمونە، لە " باپیر دەزانێ کە ...."، زانین دەبێتـە سیفاتی باپیر و ئەو زانینە کە بوو بە سیفاتی باپیر هیچ شتێ کاڵی ناکاتەوە و هەقیقەتێك لـە ژیانـدا پیـشان دەدات، بـەڵام "وای دەزانـی" لـە (٦) دا سـیفاتی بـاپیر پیـشان نـادات، زیـاتر زانیاریـەکی نـا-دڵنیاییکەرە و هیچ تاکید کردنەوەیەك لە سەر بە ڕاست دانانی ڕودانی گەڕانـەوەی قـادر ناکاتـەوە، بـە پێچەوانەوە "وای دەزانـی" گریمانـەی ڕونـەدانی "گەڕانەوەکـە" دەکـات. بۆیـە کـاری "وازانین" لـە(١٦) دا وەك کـارێکی داینامیـك[12] مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکرێـت و هـەرگیز گریمانـەی ڕاسـتی تەواوکەرەکەی ناکات.

سـەبارەت بـە کـاری "زانـین" و "وا بیرکردنـەوە"، Sacks (1968) لـە (Gazdar :64 1979)ەوە ئەو دەربڕینەی لای خوارەوە بەکار دەهێنێ، بۆ نمونە،

داڤید سیرلس گەڕایەوە بۆ شەقامەکە لە گەڵ کچەکەی و بینی کـە سـەیارەکەی ونـە، لە سەرەتادا وای بیرکردەوە thought کە دزراووە. پاشان زانی (بـۆی دەرکـەوت)-realize کە لەلایەن پۆلیسەوە دوورخراوەتەوە.

لەو دەقەدا دوو "کار" بەکار هاتوون لە لایەن نوسـەرەوە، یەکـەم: کـاری "(وا) بیرکردنـەوە" کـە خۆی لە خۆیدا نە گریمانەی پێش کاتی و نە هیچ تاکید کردنەوەیەکی ڕاستی تەواوکەرەکـەی پیشان نادات، هەر لە بەر ئەوەیە کە ڕاکێشانی سـەیارەکە لـە لایـەن پۆلیسەوە بـە پێچەوانـەی تێڕوانینەکەی داڤیدە کـە "دزران"ە، کەواتـە کەسـێ لـە پرۆسێسی بیرکردنـەوەدابێ مـەرج نیـە سەرەنجامی بیرکردنەوەکەی بێتە دی، لە کاتێکدا سەرەنجامی "زانین" یان "بـۆ دەرکـەوتن" بـە پێچەوانەوەیە، هـەر بۆیـە لێـرەدا واتـای "زانـین" و "بۆدەرکـەتن" هاوسـان دەبـن بـە کـردەوەی دورخستنەوەی سەیارەکە، بە واتایەکی تر هەم گریمانە و هـەم تاکیـد لەسـەر ڕاسـتی پرۆسـەی "ڕاکێشانی سەیارەکە لە لایەن پولیسەوە دەکەنەوە.

کارەکـانی "گلـەیکردن"و "بونـە هـۆ" هاوشـان بـە کـاری زانـین هـەم گریمانـە و هـەم تاکیـد لەسەر ڕاستی تەواو کەرەکانیان دەکەنەوە، بۆ نمونە،

---

[12] لە بەر ئەوەی کوردی نیشانەی پرۆگرێسڤی (بە ڕانبەر بە "-ing") نیـە دەتوانێ ئەو بۆشـاییە بـە هـۆی چـەندان کەرەسـتەی تـری وەك پێـشگر، پاشـگر، ئاوەڵکـاری کـاتی ئێـستا، وا و ..... پـڕ بکاتـەوە، بۆیـە ئـەو کەرەسـتانە لـە کوردیدا دەتوانن تا ڕادەیەکی زۆر بەکار بهێنرێت بە مەبەستی لادانی تەم ومژی و نادیاری، بۆ نمونە، دەربڕینێکـی وەك "بـاپیر جگـەرە دەکێـشێت، سـێ خۆێندنـەوە هەڵـدەگرێت ئەگـەر بتـەوەێ بـە ئینگلیـزی تـەعبیری لـێ بدەیتـەوە، یەکـەم: he is smoking (progressive-non-habitual)، دووەم: he will smoke (future-non-habitual)l ، سێیەم: he smokes (present-habitual) کوردی تـەنها یـەك دەربڕینی هەیـە، بەڵام بـە هـۆی زیـادکردنی چـەند مـۆرفێمێکی تـری وەك "وا" یـان "ئێـستا" و چـەندانی تـر دەتـوانێ ئـەو کەلێنـە پڕبکاتـەوە، بـەو هیوایەی دواتر لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا بتوانم ئەو دیاردەیە ڕون بکەمەوە.

(٧) (ا) باپیر گلەیی کرد کە سێوەکەم خواردووە.

گریمانە: (ب) سێوەکەم خواردووە.

(ج) قادر بوو بە هۆی ئەوەی هەواڵەکە بگەیەنم.

گریمانە: (د) هەواڵەکەم گەیاندووە.

سنوری ئەو کارانەی کە هەم گریمانە و هەم تاکید لە سەر ڕاستی تەواوکەرەکانیان دەکەنەوە فراوانتر دەبێ تا چەند کارێکی دیکەی وەك ڕاگەیاندن، وادانان، گریمانەکردن، ئاگاداربوون، ترسان، دڵخۆشبوون، دڵگران بوون، خەفەت خواردن، و هەروەها بگرێتە خۆی، بۆ نمونە،

(٨) "خۆشحاڵ" وەك ئاوەڵناوی یەقین لە گەڵ تەواوکەری ڕستەدا.

(ا) باپیر خۆشحاڵە کە باوکی بووە بە بەڕێوەبەر.

(ب) باوەڕم وایە باپیر خۆشحاڵە کە باوکی بووە بە بەڕێوەبەر.

گریمانە (ج) باوکی بووە بە بەڕێوەبەر.

(٩) ئەوە–کە (ا ) ئەوە ئازاد بوو کە یارمەتی دام.

(ب) ئەگەر درۆم نەکردبێ ئەوە ئازاد بوو کە یارمەتی دام.

گریمانە (ج) کەسێك یارمەتی داوم.

(١٠) ن–ف دیاریکراو: (ا) نامەکە دەبێ پێش سەری مانگ بگەیەنرێتە شوێنی خۆی.

(ب) ئەگەر نامەکە لە پێش سەری مانگدا بگەیەنرێتە شوێنی خۆی من خۆشحاڵ دەبم.

گریمانە (ج) نامەیەك هەیە کە دەشێ کێشەی گەیاندنی هەبێ.

(١١) توڕە بوون (ا) باپیر توڕەبوو چونکە قادر شوشەکەی شکاند.

گریمانە (ب) شوشەکە شکاوە.

(١٢) ئامرازی بەراورد: (ا) باپیر لە قادر درێژترە

گریمانە (ب) قادر لە باپیر کورتترە.

دەتوانرێ لێکدانەوەکانی سەرەوە بەهۆی ئەو دیاگرامەی لای خوارەوە پیشان بدرێت، بۆ نمونە،

NPi دەزانێ ڕستەی–ناسەرەکی

ف–ن ------- کار -------- کە ------------ ڕستە(ی نا–سەرەکی).

بەسەرنجدا لە واتای فەرهەنگی و گولتوری ئەو کارانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە خۆیان لەخۆیاندا تاکید لەسەر ڕاستی ڕودان و گریمانەی "تەواوکەرەکانیان" دەکەنەوە، لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەش لە بەر چاو بگیرێ کە بە نەرێ کردنی کارەکانیش کار ناکاتە سەر گریمانە و ڕاستی ڕودانی تەواوکەرەکانیان هەر بەرقەرارە.

**2.4.5.1** ئەو کارانەی لە نێوان یەقینی و نایەقینیدا ڕەفتاردەکەن وسیفاتی یەقینی بەخۆوە دەگرن Kiparsky لە (Kimpson 1975:70) وە، سێ جۆر کار جیادەکاتەوە (١) کارەکانی بەربەستن– plugs predicates کە ڕێگە لە گریمانەی تەواوکەری هەموو ڕستەکان دەگرن، (٢) کارەکانی کون(بۆشایی)–holes predicates کە ڕێگە دەدەن بە هەموو گریمانەی ڕستە ناسەرەکیەکان تا

گریمانە بکرێن، و (٣) کارە پاڵاوتنەکان–filters-predicate کە لە ژێر بارودۆخێکی تایبەتدا، هەندێ گریمانەی پێشەکی تەواوکەرەکان(یان) دەسڕنەوە. نمونەشی بۆ گروپی یەکەم کە دەتوانرێ وەك سەنتەری کارەکانی بەربەستن مامەڵە بکرێن، کارەکانی "وتنن–verbs of saying کە تایبەتیەتێکی سیمانتیکی زگماکی لە خۆ دەگرن، دیارە تایبەتێتی ئەو گروپە کارانە لەوەدایە کە بکەری ڕستە تەنها ڕاپۆرت دەدات و دەربڕینی ڕاستی سەبارەت بەو شتەی لێوەی دەدێ یان دەیڵێ بە خودی خۆی ناسپێرێ. بە واتایەکی تر بکەر بەرپرس نابێ لەوەی ئەوەی دەیڵێ ڕاست بێ یان درۆ، بۆیە تەواوکەری ئەو جۆرە کارانە بەهای ڕاستیەکی سەربەخۆ لەخۆ دەگرن کە سەر بەخۆن لە بەهای ڕاستی ئەو ڕستەیەی ئەو جۆرە کارانەی تێدا ڕودەدەن. دیارە نوسەر باوەڕی وایە کە ئەو تایبەتیانەی باسی لێوە دەکات دەتوانرێ دەربڕێن لە سیستێمی دوو–بەها یان سێ–بەها و کارەکانی وتنیش هیچ بەڵگەیەك پێشکەش ناکەن بۆ یان دژ بە لێکدانەوەی گریمانەی پێشەکی. کارەکانی بەشی دووەم، جۆرێکی تایبەتن لە کارەکانی زمان، بۆ نمونە، کارە یەقینیەکان بەوە لە کارەکانی تر جیا دەکرێنەوە کە ڕاستی تەواوکەرەکانیان ڕادەگەیەنن، بە واتای ئەوەی کە گریمانەی تەواوکەرەکانیان دەکەن. لە کاتێکدا کارەکانی بەشی سێیەم دوو گرفتی سەرەکی دەخەنە پێش چاو: یەکەم گریمانەی پێشەکی بۆ پارستە دوادەخرێ، گرفتی دووەم، بەهۆی کاری "وا خۆپیشاندان–pretend ەوە دەخرێتە پێش چاو، بۆ نمونە: گرفتی کاری "وا خۆپیشاندان" بە پێچەوانەی کارە یەقینیەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی نا–ڕاستی یان هەڵەیەتی تەواوکەرەکانیان پیشان دەدات. دیارە ئەو تایبەتیەش لە سەر بناغەی پەیوەندی واگەیاندنی دامەزراوە لە نێوان هەر تاکید کردنەوەیەك کە "کاری وا خۆپیشاندان" و تەواوکەری کارەکە لە خۆ دەگرێت، بۆ نمونە،

(١) (ا) باپیر وا خۆی پیشاندا دڵگرانە کە دڵنیا گیراوە. (سەیرە!، نەماندەزانی کە ڕای کردووە).

(ب) باپیر وا خۆی پیشاندا کە دڵخۆشە. (بەڵام لە ڕاستیدا نەخۆشە و هەزار و یەك غەمی هەن)

دەتوانرێ بۆ هەر یەك لە (١ا) و (اب) زیادەیە وەك لە سەرەوە پیشاندراوە زیادبکرێ، بۆ نمونە، لە (١ا) دا پەیوەندی لە نێوان دەربڕینی "دڵگرانبوون بە گیران" و "ڕاکردن" لە سەر بنەمای لۆجیکی دانەمەزراوە، بەڵکو هەردوو لا زیاتر لە بەرژەوەندی و لە ژێر کاری گەری واتای کاری "واخۆدەرخستن"–دا کە هەردەم تاکید لە سەر نا–ڕاستی تەواوکەرەکەی دەکاتەوە، ڕویانداوە. دیارە لە (١ب) دا ئاوەڵناوی (دڵ خۆشە) لە "کە–ڕستەکەدا" ئەوە پیشان دەدات کە پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو بەشەدا ئەو بەهێزە نیە کە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤی یەك واتای ئەوی تر تەواو بکات تا گریمانەیەکی لۆجیکی بنیات بنرێ. دواتر ئەوە هەڵدەهێنجین کە تەواوکەری کاری "واخۆپیشاندان" وانابینرێ کە لە ژیانی واقیعدا ڕویدابێ. سەبارەت بە کارە یەقینیەکان دەتوانرێ ئەوە بگوترێ کە ئەگەر ڕستەکانی قسەکەر ئەو کارانە، بۆ نمونە، "زانین" لەخۆ بگرێت، واتە کاتێ یەقینیەکان بکەونە بەشی ڕستە نا–سەرەکیەکانەوە وەك تەواوکەری کاری "وا خۆپیشاندان"، ئەو

تەواوکەرە (وەك پاڕستە) وا مامەڵە دەکریّ وەك ئەوەی هەڵە بیّ. دیارە لە سەر بنەمای ئەو گریمانەیەی کە ئەگەر ڕستەیەك کاری یەقینی لەخۆ بگریّ وا ڕاستی تەواوکەرەکانیان گریمانە دەکات ئەوە دەگەیەنیّ کە تەواوکەری کارە یەقینیەکان بەردەوام دەبیّ لە سەر پیشاندان و تاکیدکردنەوەی ڕاستیدا، تەنانەت لەو بارانەشدا کە ڕستەکە کاری نا-یەقینی لەخۆ بگریّت، بۆ نمونە، ئەگەر بە تەنها بەشی دووەمی (١١) وەربگرین، خۆی لە خۆیدا وا پیّشبینی دەکریّ وەك ئەوەی نەریّی زانین (وەك نەریّکەی) جەخت لەسەر ڕاستی کردەوەی "ڕاکردن" دەکاتەوە. بە واتایەکی تر کاری "واخۆپیشاندان" پیّویستە کونیّك بیّ، بەڵام بە پیّی گریمانەیەك کە ڕستە ئەریّ و نەریّی کارە یەقینیەکان لە خۆدەگریّ ڕاستی تەواوکەرەکانیان پیشان دەدا. بۆیە لەو ڕستانەی خوارەوەدا کە هاوشیّوەی ڕستەکانی Kimpson نن، دەتوانریّ بە هۆی یەکیّ لەو دوو ڕیّگایانەوە لیّکبدریّنەوە، یان ئەوەتا تەواوکەری کارە یەقینیەکان وەك ڕاست یان وەك درۆ وەربگیریّن:

(١) من وا خۆم پیشاندا دڵگرانم کە باپیر سەفەردەکات، کاتیّ زانیم کە ئەو هیچ بیریّکی لەو جۆرەی لە میّشکدا نیە.

(٢) من وا خۆم پیشاندا دڵگرانم کە باپیر سەفەر دەکات چونکە نەم دەویست کەس بزانیّ کە چۆن باسکراوم. .

(٣) باپیر وای خۆپیشاندا کە باوکی دەزانیّ سیّ شەهادەی هەیە، وا بزانە کە لە ڕاستیدا باوکی نازانیّ ئەو چەند زیرەکە.

بە پیّی ئەو تیّڕوانینانەی سەرەوە ئەوە ئاشکرا دەبیّ کە پەیوەندی لە نیّوان ڕستەکانی نەریّ کە کارە یەقینیەکان لەخۆ دەگرن و تەواوکەرەی ئەو کارانەش دانەیەك نین لە گریمانەی پیّشەکی، بەڵکو دانەیەکن لە پەیوەندی واگەیاندن.

(Peterson (1979:341 دەستەیەکی تر لە کار دیاریدەکات، بۆ نمونە، کارە فزولیەکان کە بکەرەکانیان خویّندنەوەی ئەوە هەڵدەگرن کە دەیانەوی شت بزانن و زانیاری زیاتریان هەبیّ سەبارەت بە ڕوداوەکان بۆ نمونە، پرسیارکردن-ask، سەیرلیّ هاتن، بەگومانبوون- wonder و هەروەها، بۆیە دەبیّ وەك کاری یەقینی مامەڵە بکریّن چونکە وەرگرتنی نا-ڕاستەوخۆ وەردەگرن. هەروەها نوسەر باوەڕی وایە کە جیاوازیەك نابینریّ لە نیّوان کارە نیوە یەقینی و کارە نا-یەقینیەکاندا، بۆ نمونە، لە ڕستەیەکی وەك "ئەگەر باوکم باوەڕی وابیّ باپیر پیّشنیارەکەی ڕەفزکردبیّ"، ئەوسا "باپیر پیّشنیارەکەی ڕەفزکرد" نە ڕاست و نە درۆیە.

(١) کاکم باوەڕی نەکرد کە باپیر پیّشنیارەکەی ڕەفز کردووە. (پیّشنیارەکە ڕەفز کراوە)

(٢) کاکم نەی وت(پیّی نەوتم) کە باپیر پیّشنیارەکەی ڕەفزکردووە. (پیّشنیارەکە ڕەفز کراوە)

لە بەکار هیّنانیّکی نا-یەقینیدا، (١) و (٢) دەتوانن نە درۆ نە ڕاست بن کە باپیر پیّشنیارەکەی ڕەفزکردووە. هیّشتا، (٢) گریمانەی ئەوە دەکات کە باپیر پیّشنیارەکەی ڕەفزکردووە، لە کاتیّکدا، لە (١)دا لەوە ناچیّ هەمان بەکار هیّنانی هەبیّ چونکە جۆریّك لە دوو دڵی کە لە سروشتی کاری "باوەڕکردنەوە" هاتووە بەدی دەکریّ.

ئەو گروپە کارانەی کە لە ژیّر ناونیشانی کاری وتن-saying جیّگەیان دەبیّتەوە، بۆ نمونە،

پرسیارکردن–ask ، وتن–say، پێ وتن–tell ، و هەروەها، لە ناو خۆیاندا سیفاتێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە نە سەرەنجام نە گریمانەی تەواوکەرەکانیان ناگەیەنن. ئەو کارانەی ڕاستی تەواوکەرەکانیان ناگەیەنن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی بارودۆخەکان دەکەن، کاری گریمانەی هەڵوێست کە کارەکانی وەك "بیرلێکردنەوە-think، ئاوات خواستن–hope" لە خۆ دەگرێ. ئەو گریمانانەی بە هۆی ئەو گروپە کارەوە ڕوودەدەن دەبنە گریمانەی لێکدراو. بەڵام لە ژێر کاریگەری داواکردندا، ئیدیعای(بانگەشەی) قسەکەر–speaker's claim، یان باوەڕی بکەرن–actor's beliefs، بەو جۆرە لە دەمەتەقێی ناڕاستەوخۆدا کاتێ بکەر لە زمانی کەسێکی دیکەوە قسەدەکات، گریمانەی پێش کات تەواو کاڵ دەبێتەوە، بۆ نمونە،

(١) باپیر وتی قارەمان پەشێمان بوو کە ڕۆیشت. (کێ دەڵێ ڕاست دەکا)

(٢) باپیر ئیدیعای ئەوە دەکات کە قارەمان ڕۆیشتووە. (خوا بکا وابێ بەڵام...زز)

(٣) قارەمان ڕۆیشت.

لە (١) دا ڕستە سادەکە هەمان لێکدانەوە هەڵناگرێ، بۆ نمونە، باپیر وتی قارەمان ڕۆیشت، دەشێ گریمانەی "قارەمان ڕۆیشت"ی لێ نەکەوێتەوە، لەکاتێکدا کاری "پەشێمان بوونەوە" ئەگەری ڕوودانی کردەوەی "ڕۆیشتنەکە" بەهێزتر دەکات، بۆیە دەشێ ئەوە بگوترێ کە (١) پێشبینی (٢) دەکات نەك (٣). کەواتە بە پێی(Weischedel 1979:169) گریمانەی هەر پاڕستەیەك لە ژێر (کاریگەری) کردەوەی قسەکردندا دەبێتە پاڕستە لە ژێر کاریگەری کاری وا وتن– claim" دا کە واتایەکی سەرەتاییە و بکەری لۆجیکی کردەوەی قسەکردن"فعل کلامی"، تەواوکەرێکی زیادەی کاری "وا وتن–claim"، ە،

### 2.4.5.2 دیاری کردنی کارە یەقینیەکان:

لەبەر ڕۆشنایی لێکدانەوەکانی سەرەوە و بۆچوونەکانی(Peterson (1979:338 دا، دەتوانین کارە یەقینیەکان لە نا یەقینیەکان جیا بکەینەوە، بۆ نمونە، کارێك، کارێ یەقینیە ئەگەر و تەنها ئەگەر ئەو کارە کلۆزێکی یەقینی لە حاڵەتی بکەری یان بەرکاریدا وەربگرێت. دواتر کارێك دەتوانرێ وەك کاری یەقینی لە قەڵەم بدرێت ئەگەر و تەنها ئەگەر ڕاستی ئەو پێشنیارەی بە هۆی کارێکی لەو جۆرەوە دەردەبڕێت هەروەك خۆی مایەوە کاتێ کە کارەکەش نەرێ بکرێ، بەو جۆرە، تاقی کردنەوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە پاڕستەی ڕوداوی تەواو بە شێوەیەکی ڕێزمانی و سیمانتیکی جیاوازە لە پاڕستەی یەقینی (هەقیقی) و پاڕستەی پێشنیار. باشترین تاقی کردنەوەش بۆ وەها جیاکردنەوەیەك دیارە تاقیکردنەوەی سیمانتیکیە. بۆ نمونە، ڕستەیەکی وەك "مەلیکی فەڕەنسا کەچەڵە" دەتوانرێ بە شێوەیەکی سیمانتیکی لێکبدرێتەوە بە هۆی گواستنەوەی بۆ سیغەیەکی دەست ئەنقەستی لۆجیکی، بۆ نمونە، "تایبەتێتی کەچەڵبوون ئەندامی دەستەیەك لە تایبەتێتی بوونێك و مەلیکە بێ هاوتاو تاکەکەی فەڕەنسایە" (Peterson 1979:352)، بە هەمان شێوە دەتوانرێ ڕستەیەکی تری وەك "باپیر دوای نیوەڕۆ پێشنیارەکەی ڕەفز کرد" ئاوا لێك بدرێتەوە، "ڕەفز کردنەکەی باپیر سەبارەت بە پێشنیارەکە کە دوا نیوەڕۆ

ڕویدا"، دەکرێ پەیوەندی ئەندامێتی دەربڕێت، بۆ نمونە، "تایبەتێتی ڕودان–لە–دوای–نیوەڕۆ، ئەنــدامی دەســتەی تایبەتمەنــدێتی ڕوداوی ڕەفزکردنــی پێــشنیارەکەی بــاپیرە"، لــەو تــاقی کردنەوانــەدا دەردەکــەوێ کــە ئــەو هەقیقەتــەی گریمانــەی پێــشەکی پــێ دەردەبڕدرێــت بــە هــۆی بــەکارهێنانی ڕســتەیەکی ســادەی ناســەرەکیەوە کــە یــەقین–factive لــە خۆدەگرێــت، گریمانــە دەپــارێزرێ هــەتا لــە کــاتی نەرێــشدا. بــەوجۆرە لەبــەر ڕۆشــنایی بۆچــوونەکانی Peterson (1970:354) دەتوانرێ فۆڕمێکی لۆجیکی وەك ئەوەی لای خوارەوە وەر بگرێ:

> ئەگەر $S_1$ گریمانەی $S_2$ بکات ئەوا ڕاستی $S_2$ لە $S_1$ ەوە سەر چاوەی خۆی دەگرێت. دیارە لەو بارانەشدا ئەوە گرنك نیە کە $S_1$ ڕاست بێت یان نا، $S_2$ ڕاستە. ئەگەر $S_2$ هەڵە بێ، ئەوسا $S_1$ بەهای ڕاستی وەرناگرێت. هەروەها ئەگەر $S_1$ نەرێکرا وا لە سەرەنجامی ڕاستی $S_2$ کەم ناکاتەوە.

بە پێچەوانەوە، تاقیکردنەوەی نەرێ لە گەڵ ئەو کارانەی ئەرکی پێکەوە بەستن دەبینن، بۆ نمونە، (هەڵهێنان–guess، پێشبینیکردن–predict، قەبڵاندن–estimate، ...، کارە ڕاگەیاندنەکان و هەروەها تەماوین لە نێوان بەکار هێنانی یەقینی و نا–یەقینی دا، بۆ نمونە کارێکی وەك "وتن"، ئەگەر کاری "وتن" وەرگرتنی قسەی کەسێکی دیکەی بەشوێندا نەهات ئەوسا ئەوە نــا–دیــار و تەمومژاویــە لــە نێــوان وەرگرتنێکــی واتــای–sense نــا–یــەقینی(نــا–ڕاستەوخۆ) و یەقینیــدا. بــۆ نمونە،

(٤) باوکم وتی کە باپیر پێشنیارەکەی ڕەفزکردووە.

ڕستەی (٤) خوێندنــەوەی نــا–ڕاســتەوخۆ وەردەگرێت، ڕاســت بــێ یــان درۆ، زۆر ڕون نیــە، چونکە قسەکەر قسەی کەسێکی دیکەی وەك باوکی دەگوێزێتەوە سەبارەت بە ڕەفزکردنی پێشنیارەکە لە لایەن باپیرەوە. لە کاتێکدا گۆڕینی سیغەی ڕستەکە بۆ نەرێ بەهۆی دانانی "نەی وت– didn't say"، لە بری "وتـی"، ئەو کات گریمانـەی ئـەوە دەکرێت کە باپیر پێشنیارەکەی ڕەفز کـردووە. ئــەوەش جۆرێکــە لــە ڕەفتــاری نــەرێ هــەتا لــە گــەڵ ئــەو کارانەشــدا کــە Grice پێیــان دەڵــێ illucatuinary force و هەواڵەکان نا ڕاستەوخۆ دەگەیەنن.

### 2.4.5.3 سیمانتیکی کارە لۆجیکی و یەقینیەکان

بیر و ڕایەکی بەجێ سەبارەت بە کارە لۆجیکیەکان کە لە سەر بنەمای پێناسەی Tarskh سـەبارەت بــە ڕاســتی–truth بینــا کــراوە دەڵێــت "بــۆ ئــەوەی واتــای ڕســتەیەکی هــەواڵی بزانــی دەبــێ بزانــی جیهانی ئەو ڕستەیە دەبێ چۆن بێ یان لە چی بکات تا (ڕستەکە) ڕاست دەرچێ" لە (2002:11 Jaszczolt)ەوە، بە واتایـەکی تـر بـۆ ئـەوەی لـە واتـای ئـەو ڕسـتەیە تێبگـەیت دەبـێ قسەکەرەکان بزانن کە چۆن هەر یەك لە وشەکانی ڕستەی ژێر لێکۆڵینەوە پەیوەندیان بە جیهانی دەوروبــەرەوە دەبێت، بۆ نمونە، کاتێ کە دەڵێین هەندێ شت پێشبینی هەندێ شتی تر دەکات، وا دانراوە کە بڵێین هەندێ شت هەندێ شـتی تـر دەگەیـەنێ، لـە ڕاستیدا تیـۆری سیمانتیکی پشت بـە زانیـاری سروشــتی زگمــاکی intuition ی لێکۆڵــەرەکان ســەبارەت بــە واقیــع دەبەســتێت. دیــارە وەهــا لێکۆڵینەوەیـەك سـەبارەت بـە لێکۆڵیینـەوەی سیمانتیکی سـەرەتاکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ جیـاوازی لـە

نێوان ڕۆڵی هەر یەك لە زانستی زمانی پەنامەکی، (واتە توانستی سروشتی زمانی قسەکەر competence) و زانستی پێکهێنان و داڕشتن performance (وەك بەکار هێنانی زمان لە ژیانی واقیعدا) جیاوازی لە نێوان ئەو دوو دیاردەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکان کە لە لایەن چۆمسکیەوە هاتنە ناوەوە، ئەو دوو دیاردەیە یەکەم گریمانەی دووەم دەکات و بە پێچەوانەشەوە، بۆنمونە، کە وترا A زمانی کوردی دەزانێ، ئەوە دەخوێنیتەوە کە ناوبراو توانای بەکارهێنانی کودی هەیە و لێی تێدەگات وەك هەیە لە ژیانی واقیعدا، خۆ ئەگەر کەسێکیش کوردی بەکار هێنا وا ئەوە دەگەیەنێ کە دەیزانێ و لێی تێدەگا.

وەك وترا دەتوانرێ دەستەیەکی تر لە کار لە ژێر ناوی کارە یەقینیەکان جگە لەوانەی باسکران جیابکرێنەوە، بۆ نمونە، پارێزگاری گردن، بانگ کردن، دۆزینەوە، بڕیاردان، ناونان، تاقی کرنەوە، بیرکردنەوە، ناو لێنان– label ، سەلماندن–prove، ئەوانە پێیان دەگوترێت کاری یەقینی بەڵام لەواقیعدا، و بە شێوەیەکی سیمانتیکی ئەوە دەبینین کە هەندێکیان دەلالەت لە یەقین ناکەن. بۆ نمونە، بە سود وەرگرتن لە بۆچوونەکانی(Jaszczolt 2002:11 دەتوانین لێکدانەوەکانی سەرەوە بەو شێوەیەی لای خوارەوە پیشان بدەین، بۆ نمونە، لە X دەزانێ کە p، ئەوە دەگەیەنێ کە "X باوەڕی وایە کە p "، بەواتایەکی تر "X باوەڕی وایە کە p دەبێ ڕاست بێ". لێرەدا دەبێ سەرنج لە ڕەفتاری "باوەڕکردن" و " زانین" بدرێتەوە تا جیاوازی لە نێواننیاندا دیاریبکرێ، بۆ نمونە، لە دەربڕینی "X دەزانێ کە p" ئەوە بە گوێگر دەسپێرێ باوەڕ بکات کە p ڕاستە، لە کاتێکدا " X باوەڕی وایە کە p " بە شێوەیەکی سیمانتیکی هەمان لێکدانەوە هەڵناگرێت. لەبەر ئەوەی ڕاستی p مەرجێکی زەروریە، نەك تەنها ڕاستی "X دەزانێ کە p" بەڵکو هەروەها ڕاستی نەرێکەشی "X نازانێ کە p" ڕاستە، لە نمونەیەکی وەك "باپیر نازانێ کە هەولێر پایتەختی کوردستانە"، بە شێوەیەکی سیمانتیکی لە ڕاستی بوونی هەولێر وەك پایتەختی کوردستان کەم ناکاتەوە، چونکە هەردوو نەرێ و ئەرێی ڕستەکە هەمان سەرەنجام وەردەگرن، بۆ نمونە، "ئەو دەزانێ کە هەولێر پایتەختی کوردستانە"، لە هەردوو ڕستەکەدا تاکید لە سەر بوونی هەولێر بە پایتەختی کوردستان دەکرێتەوە.

ئەو کارانەی کە واتاکانیان بەرز دەبێتەوە بۆ ڕادەی ئەوەی کە لە ڕستە نا–سادەکاندا بەشی یەکەم دووەم بگەیەنێ، کۆمەڵێ کار لە خۆ دەگرن کە لە ژێر ناو نیشانی کارە هەڵوێستە پێشنیار یا گریمانەییەکان جێگەیان دەبێتەوە، بۆ نمونە، باوەڕ کردن–belive، بیرکردنەوە–think، هیواخواستن–hope، خەوبینین–dream، و هی تریش، سەبارەت بە ڕەفتاری کاری "باوەڕکردن" بە بەراورد لە گەڵ کارە یەقینیەکان وتووێژی زۆری لە سەرە، بۆ نمونە، با سەرنج لە ڕەفتاری کاری "باوەڕکردن" لە (١)دا بدەین.

(٤) (ا) مەڕی ژمارە ١٨ نەخۆشە هەڵامەتی گرتووە. (دەزانم، بە تەمام دەرمانی بکەم)

(ب) باپیر باوەڕی وایە مەڕی ژمارە ١٨ نەخۆشە هەڵامەتی گرتووە. (دەبێ .... هەواکەی زۆر ساردە)

(ج) باپیر باوەڕی وایە کە مەڕی ژمارە ١٨ هەیە (وجودی هەیە).

ڕەفتاری کارەکانی زمان هەموو چوونیەك نین، بۆ نمونە، خوێندنەوەی واتای

(سیمانتیکی) فەرهەنگی کارێکی وەك "باوەڕکردن" جیاوازە لە خوێندنەوەی واتای فەرهەنگی کارێکی تر، چونکە خوێندنەوەی "باوەڕکردن " تایبەت کراوە بە خوێندنەوەی (واتای) بەشە پێکهێنەرەکانی تەواوکەری ڕستەکە. واتە تەواوکەری کارەکە حوکمی واتای ئەو کارە دەدات کە دەبێ ڕاست بێ یان درۆ. هەر بۆیەیە تەواوکەر دەبێ لە وەڵامی پرسیارێکی وەك "A باوەڕی بە چیە"دا بێ،بە مەبەستی خوێندنەوەی واتای فەرهەنگی کاری "باوەڕکردن"، دەبێ خوێندنەوەی واتای ڕستەیەکی وەك (٢ب) دیاری بکرێ. کاتێ ئەو فۆڕمە دیاریدەکرێ دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەردوو قسەکەر و گوێگر بتوانن دوو پێشنیاز لە شێوەی گریمانە دەستنیشان بکەن، بۆ نمونە، ئەوە دەخوێنینەوە کە بکەری ڕستەی (١٢) لە دونیای واقیعدا بوونی هەیە. لە لایەکی ترەوە، واتای (١٢) هەر دوو ڕستەکانی (٢ب)، (٢ج) دەگرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە لە ڕستەکەدا پێشنیازێك هەیە گرنگی بەوە دەدات کە وشە هێما بۆ کراوەکە خاوەنی تایبەتمەندیەکی کاتی لە خۆدەگرێت کە "هەڵامەت گرتنە".

بەو جۆرە (١٢) پێمان دەڵێ کە تەنها گریمانەیەك بۆ (ب) ئەوەیە کە بکەرەکەی خاوەنی فۆڕمێکی گونجاوە لە دونیای واقیعدا. لەلایەکی ترەوە سیغەی تاکید کردنەوەی ڕستەکە لە سەر بوونی مەڕەکە بەندە. واتە مەڕ هەیە، جارێکی تر ڕستەکە دەتوانێ خوێندنەوەی ئەوە وەربگرێ کە باوەڕ پێکراو، واتە (مەڕەکە) لە بارو دۆخێکدایە، بۆیە ناتوانرێ وەك بکەر سەیر بکرێت. دیارە ئەوەش لەوەوە هاتووە کە "پێناسەی خوێندنەوەی بکەر agent" نیشانەیەکی سیمانتیکی لەخۆ دەگرێ– contains، وەك چالاکی نەك بارودۆخ" واتە دەبێ بەچالاکیەك هەڵسێ نەك لە بارودۆخێکی تایبەت دابێ" (Katz 1979:109).

بە شێوەیەکی_سەرەکی تەواوکەری کارە یەقینیەکانی وەك "پەشێمان بوونەوە" دەبینی کە بنچینەی خۆی لە سەر ڕاستی هەڵدەهێنجێ، لە کاتێکدا تەواوکەری "باوەڕکردن" دەشێ دوو لێکدانەوە هەڵبگرێت، یەکەم ڕاست، دووەم درۆ چونکە لە سەر ئەوە بنیات نراوە کە قسەکەر باوەڕی وایە کە گوێگر پێی وایە زانیاریەك کە لە لایەن قسەکەرەوە دەربڕاووە بە شێوەیەکی پراگماتیکی گریمانەکراوە. Auwera باوەڕی وایە ئەو پێناسەیەی لە لایەن نوسەرانی سەرەوە کراوە ناتوانرێ بە شێوەیەکی پراگماتیکی گریمانە بکرێ:

(٥) پەشێمانین لەوەی ئاگادارمانکردی کە باپیر نەخۆشە.

Palmer باوەڕی وایە کە ڕستە هەواڵیەکان زیاتر لە بەر چاو دەگیرێن و گرنگیان پێدەدرێت لەو بارەیەوە کە قسەکەرەکان چی دەزانن یان باوەڕیان بە چیە، ئەمە لە لایەکەوە و لەلایەکەی ترەوە ناکرێ هەردوو زانین و زانیاری و باوەڕبوون بە شتێك یان مەسەلەیەك بە هەمان چاو یان تێڕوانینەوە مامەڵە بکرێن "، (Danaldson (1980: 254-5) لە (Palmer 1986:83) باوەڕی وایە کە لە هەندێ زماندا "زانیاری" بەهێزترە وەك لە "باوەڕ" ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە وەك زاراوەیەك سەیردەکرێت کە هاوتابێت بە هەواڵی. ڕستەیەکی هەواڵی کە "باوەڕ" دەردەبڕێت، نەك زانیاری.

**2.4.5.4 لێکدانەوەیەکی پڕاگماتیکی تەواوکەری یەقینەکان:**

یەکێ لە بەڵگە ڕێزمانیەکان کە بنیاتی ڕێزمانێکیی دیاریکراو بۆ ئەو تەواوکەرە یەقینیانەی وەك Kimpson 1975:185 بۆی دەچێت قەرار دەدات ئەوەیە کە دەبێ ناوێکی سەرەی دیاریکراوی ئاشکرا لە خۆ بگرێت، بۆ نمونە، ڕستەکانی وەك "مەلیك لەو هەقیقەتە دڵگرانە کە مەلیکە نەخۆشە"و" مەلیك دڵگران بوو کە مەلیەکە نەخۆش بوو" گریمانەی هەمان ئاستی خوارەوە دەکەن.

هەر لەو بارەیەوە هەندێ کاری تر هەن کە ڕاستی تەواوکەرەکانیان دەگەیەنن بەڵام هاوبەشی هەموو تایبەتمەندێتی کارە یەقینیەکان ناکەن. بۆ نمونە سەبارەت بە کاری "سەلماندن–prove"، Jaszczolt (2002:24) لە دوو ڕستەدا ئەوە بەراورد دەکات:

(١) "جۆن دڵگرانە کە ئەنیشتاین ڕاست بوو."

(٢) "جۆن سەلماندی کە ئەنیشتاین ڕاست بوو"،

بە سەرنجدان، یەکەم لە باری خوارەوەی ناوی سەرەی دیاریکراو، کەسەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەوە پێشبینی دەکەن کە ڕەفتاری پڕاگماتیکی هەردوو کارەکانی "دڵگرانبوون" و "سەلماندن" دەبێ تەواو جیاواز بن. چونکە ئەوە شەقڵی (+ دیاریکراو) لە سەر ناوی تەواوکەری ڕستەکە کە دەبێتە هۆی لێکدانەوەی پڕاگماتیکی یەقینیەکان پیشان دەدات.

بە لای Kimpson (1975:187) ەوە دوو تایبەتێتی کاری "سەلماندن"، لە دەستەی کارە یەقینیەکان جیادەکاتەوە، یەکەم: بە پێچەوانەی کارە یەقینیەکانەوە تەواوکەری کاری سەلماندن بە شێوەیەکی سادە وا دەبینرێ و لێکدەدرێتەوە وەك ئەوەی بکەوێتە مەودای نەرێ ئەگەر کارەکە خۆی بوو. بۆ نمونە، لە ڕستەی "باپیر نەی سەلماند کە باوکی سەفەری کردووە" ئەوە پیشان دەدات کە باوکی سەرفەری کردووە، نەك هەمان لێکدانەوەی ڕستەکەی سەرەوە کە ڕاستیەکی هاوسان نیە لە گەڵ (٣)

(٣) باپیر نەی سەلماند کە ئاو لە O2 + H2 پێکنایەت.

لێرەدا تاکید کردنێك لە سەر ڕاستی ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە نیە.

دووەم: تەواوکەری کاری "سەلماندن" هیچ واتایەکی ژێر خانی گریمانەی ڕاستیەکان بە لای گوێگرەکانیانەوە هەڵناگرن یان ناگەیەنن. بۆ نمونە، ڕستەی "جۆن نەی سەلماند کە ئەنیشتاین هەڵەیە" لە گەڵ "جۆن سەلماندی کە ئەنیشتاین هەڵەیە"، ڕستەی دووەم واتایەکی ژێر خانی ئەوە ناگەیەنێ کە گوێگرەکانی باپیر پێشتر زانیبێتیان کە ئەنیشتاین هەڵەیە.

**2.4.6 گریمانەی پێشەکی بە هۆی وشە فەرهەنگیەکانەوە**

لە ڕاستیدا، وشەکانی هەر زمانێك لە فەرهەنگی نەتەوایەتیاندا خاوەنی واتای تایبەتی خۆیانن، زۆر لە واتاکان شێوەی کولتوری وەردەگرن و خەڵکەکان نەوە لە دوای نەوە دەیان پارێزن، ئەمە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە واتای فەرهەنگیەکە وا دەکات کە پەیوەندیەکی توند و تۆڵ لە نێوان کار و بکەری لۆجیکی ڕستەکاندا هەبێ، و تا ڕادەیەکی زۆر واتای تازە پێش کەش ناکەن، بەڵکو زیاتر ئەو گریمانانە شێوەیەکی کولتوری وەردەگرن بە شێوەیەك کە هەردوو قسەکەر و گوێگر

کۆکن لەسەر ئەو گریمانەیەی لەو جۆرە کارانە دەکەوێتەوە. بۆ نمونە،

(١) (ا) Y پێدەکەنێ و وەختە لە خۆشیاندا ببورێتەوە. گریمانە: Y مرۆڤە.

(ب) X لە سەر گردەکەی ئەو بەر دەوەڕێ. گریمانە: X سەگە.

(پ) A لە سەر کارەکەی خۆی نەما. گریمانە: A فەرمانبەرە.

(٢) (ا) B لە بن دارەکە کاوێژی دەکرد. گریمانە: B ئاژەڵە (گایە).

(ب) X ماستاو چیە. گریمانە: X مرۆڤێکی دوو ڕووە.

هەر یەك لەو کارە سەرەکیانەی لە ڕستەکانی سەرەوەدا ڕویانداوە بەهایەکی فەرهەنگی وەردەگرن کە لە ڕوانگەیانەوە ڕێگە بە قسەکەر و گوێگر دەدەن کە هەندێ پێشبینی و گریمانە بکەن، بۆنمونە، بکەری پێکەنین یان ناڕەزایی دەربڕین، ماستاو کردن و ... بکەری لۆجیکی مرۆڤیان بۆ تۆمارکراوە لە فەرهەنگدا، دیارە لە زۆر باردا جۆری داڕشتنی دەربڕینەکان و ویستی قسەکەر کاریگەرەرە لە سەر واتای فەرهەنگی کارەکان، بۆیە گریمانەکان هەمان جۆر نابن و دەشێ دوو لێکدانەوە هەڵبگرن، بۆنمونە، "ماستاو دەکات"، دووگریمانە هەڵدەگرێ: (١) بۆ میوانەکان، و (٢) مامە حەمەیی دەکات. یان "لە قەی لێدا"، دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێ: یەکەم، مانگاکە لە قەی لە x دا و دووەم، y وەك "ئاژەڵ" ڕەفتاری کرد، بۆیە بێ لێکدانەوە کارەکەی لەدەست خۆی دا. کەواتە: دەکرێ ئەوە بگوترێ کە بۆ هەر کارێك لەو کارانەی سەرەوە بۆ نمونە، پێکەنین دەستەیەك لە لێکدانەوەیان بۆ تۆمار کراوە.

{ + مرۆڤ (نێر و مێ)، −ئاژەل، + بکەری لۆجیکی، +سادە}.

### 2.4.7 کارە ئەسپێکتەکان[13] و گریمانەی پێش وەقت

لە فەرهەنگی زمانی نەتەوەکاندا دەستەیەك کار بە ناوی کارە ئەسپێکتیەکان جیادەکرێنەوە کە ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە و ڕەفتاریان لە ڕەفتاری کارەکانی دی جیاوازە، بۆ نمونە، گریمانەی سەرەتا، بەردەوامی و کۆتایی بارودۆخەکان دەکەن.

(١) باپیر وازی لە ئارەق خواردنەوە هێنا.

(٢) باپیر ئارەق ناخواتەوە.

(٣) باپیر دەستی کرد بە ئارەق خواردنەوە.

(٤) باپیر لە سەر ئارەق خواردنەوە بەردەوامە.

ڕستەکانی سەرەوە خوێندنەوەی جیاواز جیاواز هەڵدەگرن، بۆ نمونە، (١) لێکدانەوەی ئەوە هەڵدەگرێ کە باپیر پێشتر لە هەندێ کاتی نادیاردا ئارەقی خواردۆتەوە و دەشێ ئەو کارە نەبووبێتە خوو بۆیە لەکاتی ئێستادا ناخواتەوە. (٢) گریمانەی ئەوە دەکات کە باپیر ئارەق خۆر نیە، واتە هەر ئەوەمان پێدەڵێ کە هەنووکە ئارەق ناخواتەوە و زانیاری ترمان ناداتێ سەبارەت بەوەی کۆنتر خواردویەتیەوە یان لە دواڕۆژدا هەروا دەمێنێتەوە یان چی؟ (٣) و (٤) هەمان ناوەرۆك هەڵدەگرن، واتە لەم کاتەدا دەخواتەوە، بۆیە هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرن لە ڕوی واتا و لە

---

[13] بەو هیوایەی بتوانین دواتر بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ لەو کارانە بدوێین کە بەهای ئەسپێکتان هەیە بە بەراورد لە گەڵ هەمان جۆر کاری ئەسپێکتی لە زمانی ئینگلیزی و فارسیدا.

سەر ئاستی سەرەوەدا، بەڵام لە سەر ئاستی خوارەوە جیاوازن و لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستی دەقیە، بۆ نمونە، بەوەدا لێك جیادەکرێنەوە کە تەنها دەقی یەکەم ناوەرۆکی پێشنیاری ئەوە هەڵدەگرێ کە باپیر لە پێش کاتی ئێستادا ئارەقی نەخواردۆتەو و دەشێ ئەوە سەرەتای چوونە ناو بار و دۆخێکی نوێی بێ، (٤) هەر ئەوەمان پێ دەڵێت کە باپیر ئارەق خۆرە و بەردەوامی هەمان بارودۆخ ڕادەگەیەنێ، بۆیە رستەکانی خوارەوە لە (١أ) بۆ (١ت) دەتوانرێ وەك لێکدانەوەی لۆجیکی بۆ ڕستەکانی سەرەوە مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت،

(أ) بەڵام پێشتر خواردوویەتیەوە: کەواتە باپیر ئارەق خۆر بووە.

(ب) بەڵام هیچ زانیاریەکمان نیە سەبارەت بە پێشینەی ئارەق خواردنەوەکەی، دەشێ ئارەق خۆر نەبووبێ.

(ت) ئەم خوە تازە فێری بووە و ناشزانین داخوا دەبێتە ئارەق خۆر یان نا.

(م) ئارەق خواردنەوە خویەکی ئەنتیکە و نالەبارە و دەشێ ئەو خوە قەت بەرنەدات.

(Keenan (1971:47 لە (Wilson 1975:21) ەوە، دەستەیەك لە کار، بۆ نمونە، ئەسپێکتە دیاریکرا و بێگومانەکان کە لە نێویاندا کاری "وەستانیش" دەگرێتەوە دیاری دەکات، و باوەڕی وایە کە کاری "وەستان" لە پاڵ تایبەتێتی خۆیدا کە وەك کارێکی ئەسپێکتی هەقیقی دەزانرێ خوێندنەوەی گریمانەی لۆجیکیش وەردەگرێت، بۆ نمونە،

(٧) باپیر {وازی هێنا–(وازی نەهێنا)

{ بەردەوام بوو–(بەردەوام نەبوو) } لە\بە قسەکردن

{ دەستی پێ کردەوە–(دەستی (بە قسە) نەکردەوە)

گریمانی (٨) دەکەن

(٨) باپیر قسەی دەکرد.

بەو جۆرە، کارە ئەسپێکتیەکان، وەك کارە یەقینیەکان تەواوکەریان دەوێت و تەواوکەرەکانیشیان زانیاری ڕاست دەگەیەنن، واتە بەهای–ڕاستی بەخۆوە دەگرن و گریمانەی ڕاستی تەواوکەرەکانیان دەکەن.

لەو بارەیەوە (Chomsky (1971: 205 لە Wilson 1975:21) ەوە باوەڕی وایە کە ڕستەیەکی وەك (٩)، گریمانەی (١٠) دەکات، بۆ نمونە،

(١) ئەوە "جۆن" بوو کە لێرە بوو.

(١٠) کەسێك لیرە بوو.

"بەو واتایەی کە ڕاستی ئەوەی دوابیان مەرجی پێشەکیە بۆ دەربڕینێك کە بەهای ڕاستی هەبێ":

لە کوردیدا، هەروەك چۆن لە زمانی ئینگلیزیدا، دەتوانرێ دەستەیەك لە کار لە ژێر ناو نیشانی کارە ئەسپێکتەکاندا دیاریبکرێن، ئەرك و ڕەفتاری ئەو کارانە لەوەدا بەدەردەکەوێ کە گرنگی بە سەرەتا، کۆتای و بەردەوامی ڕوداوەکان دەدەن. واتای فەرهەنگی ئەو کارانە تاکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بارودۆخەکان لە بارێکەوە، بۆ نمونە، لە دونیای ئارامیەوە بۆ بارێکی تری

نائارامی یان بە پێچەوانەوە دەگوێزرێنەوە، بۆ نمونە، هاتە کولْ، کەوتە گەڕ و .....، دەیان کاری تر ئەوە پیشان دەدەن کە چ ئاوەکە و چ مەکینەکە لە دونیای خامۆشی و ئارامیەوە چونە دونیایەکی تری نائارامی کە بریتیە لە دینامیکیەتی کولْین و کارکردن، بۆیە لە زۆر باردا وەك کارە "گۆڕانکەرە-بارودۆخەکان" دەناسرێن، واتە گۆڕانکاری داینامی ستەیتیڤ بۆ داینامیك و بە پێچەوانەوە، بۆ نمونە،

(١) (ا) باپیر دەستی کرد بە لێدانی ژنەکەی. (سەرەتای بارودۆخێکی نویٚ)

گریمانە: (ب) باپیر لە ژنەکەی دەدا.

(ت) باپیر دەستی لە لێدانی ژنەکەی هەڵگرت. (کۆتای بارودۆخەکە)

گریمانە: (پ) باپیر لە ژنەکەی داوە.

(٢) (ا) باپیر بەردەوام دەتوانیٚ ڕۆژی چەند کیلۆمەتر ڕابکات. (ناوەڕاستی بارودۆخەکە)

(ب) باپیر ناتوانیٚ بەردەوام ڕۆژی چەند کیلۆ مەتر ڕابکات.

گریمانە: (ج) باپیر تا پێش ئێستاش توانیویەتی ڕۆژانە چەند کیلۆ مەتر ڕابکات. (کۆتایی ..)

لێکدانەوەکانی سەرەوە تاکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کارە ئەسپێکتیەکان، وەك کارە یەقینیەکان تەواوکەریان دەوێت و زانیاری ڕاست دەگەیەنن، واتە بەهای-ڕاستی بەخۆوە دەگرن و گریمانەی تەواوکەرەکانیان دەکەن.

### 2.5 ڕۆڵی "نە-نەریٚ" لە سەر گریمانەی پێش کاتدا

ئەو کارانەی وەك کاری ستێتیڤ دەناسرێن هەموو چوون یەك نین سەبارەت بە تاکید کردنەوە لە سەر ڕاستی گریمانەی تەواوکەرەکانیان، بۆ نمونە،

(١) (ا) دەبوو (کە) باپیر لە کۆبونەوەکەدا ئامادە بووایە. (بە لاّم بەداخەوە)

گریمانە: (ب) باپیر لە کۆبەنەوەکەدا ئامادە نەبووە.

(٢) (ا) نە دەبوو (کە) باپیر لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بووایە. (بە لاّم چیم لە دەست دیٚ)

گریمانە: (ب) باپیر لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بووە.

(٣) (ا) دەزانم کە باپیر لە کۆبونەوەکەدا ئامادە بووە. (ڕاست دەفەرموی، وایە)

گریمانە: (ب) باپیر لە کۆبونەوەکەدا ئامادە بووە.

(٤) (ا) نەم دەزانی کە باپیر لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بووە. (باشە ئێستا بزانە)

گریمانە: (ب) باپیر لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بووە.

بە سەرنج دان لە ڕستەکانی سەرەوە، دەبینی کە ڕەفتاری کاری "بوون" وەك کارێکی ستێیتیڤی نۆڕماڵ و بنەڕەت جیاوازە لە ڕەفتاری کاری ستێتیڤی "زانین"، بۆ نمونە، (١ا) وەك ئەرێی "بوون" گریمانەی ڕودانی ئامادە بوونی باپیر ناکات بە پێچەوانەوە نەرێی "بوون" لە (١ب)دا گریمانەی ئامادەبوونی بکەر لە کۆبوونەوەکەدا دەکات، جێگەی سەرنجە دەبینی کە کردەوەی "نەریٚ کردن" واتا و ڕەفتاری "بوون" پێچەوانە دەکاتەوە. لە کاتێکدا ڕەفتاری "زانین"(و زوربەی زۆری کارە

یەقینیەکانی تر) تەواو بە پێچەوانەوەن، بۆ نمونە، لە (٣) و (٤) دا، لە هەر دوو بارەکاندا، نەریّ و ئەریّ گریمانەی ڕودانی "ئامادەبوون"ی باپیر و تاکید لەسەر ئەو "ئامادەبوونە" دەکاتەوە، دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر دوو "زانین و نەزانین" دەبنە سیفاتی باپیر. بەڵام "دەبوو" و "نەدەبوو" نا. ڕستەکانی سەرەوە دەتوانن فۆڕمێکی لۆجیکی وەربگرن، بۆ نمونە، تایبەتێتی زانین و نەزانین ئەندامی دەستەیەك لە تایبەتمەندێتین کە وەك سیفاتی هەمیشەی قسەکەر سەبارەت بە ڕوداوەکان مامەڵە دەکرێن.

بەلای (283 : 1979) Kempson ەوە تاکو ئەم سەردەمانەش باوەڕ وابووە کە (١٥) گریمانەی (٥ب) و (٥ج) دەکات و تا ڕادەیەکی زۆر گریمانەکانی ڕستەیەك بریتین لەو مەرجانەی کە دەبوو بە دەست بێن نەك تەنها لەبەر ئەوەی تا ڕستەکە ڕاست دەربچێ – (چونکە ئەوە مەرجێکی دیاریکراوی واگەیاندنە) – بەڵکو لەبەر ئەوەی تا ڕستەکە درۆبێ (و نەرێکەشی ڕاست). بۆ نمونە، با سەرنج لەو چەند ڕستەیەی خوارەوە (کە هاوشێوەی ڕستەکانی Kempson نن بدەین:

(٥) (ا) گوند نشینەکە دڵگرانە لەوەی کە کوڕەکەی بە سەرباز گیراوە.

(ب) گوند نشینەکە دڵگران نیە لەوەی کە کوڕەکەی بە سەرباز گیراوە.

(ج) کوڕی گوند نشینەکە بەسەرباز گیراوە.

بەلای نوسەرەوە یەکێك لە گرفتە نمونەییەکانی گریمانەی پێشەکی بوونی چەندان مەرجن کە لە بەر ڕۆشناییاندا دەکرێ گریمانەی پێشەکی لە کار بکەوێ، بە تایبەت کاتێ کە (٦) نەریّ دەکرێ و هەندێ گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێ:

(٦) گوند نشینەکە دڵگران نیە لەوەی کە کوڕەکەی بە سەرباز گیراوە چونکە دەزانێ کە ڕایکردووە.

ڕستەی (٦) پێشنیاری ئەوە دەکات کە نەریّ چەند بیر و واتایەکی تەواو لێك جیاواز دەدات، بۆنمونە، ڕستە نەرێکراوەکان نادیارن، واتە دوو خوێندنەوە هەڵدەگرن، لە لایەك بەو واتایەی کە پارێزگاری گریمانەی پێشەکی دەکەن، لەلایەکی ترەوە بەو واتایەی کە گریمانەکان لەکار دەخەن. سەبارەت بە ف–ن یە دیاریکراوەکان.

وەك دەردەکەوێ، ئەو ئاڵۆزیە سەبارەت بە جیاوازی ڕەفتاری کارەکان تەنها لە گەڵ کاری "بوون"دا کە وەك کاری سیتێیتیڤی نۆڕماڵ کاردەکات ڕونادات، بەڵکو دەبینی "نەریّ(کردن)" ڕەفتاری هەندێ کاری تری وەك "واخۆپیشاندا"یش پێچەوانە دەکاتەوە، بۆ نمونە،

(٧) (ا) باپیر واخۆی پیشاندا کە نەخۆش بوو، گریمانە: باپیر نەخۆش نەبوو.

(ب) باپیر وا خۆی پیشان نەدا کە نەخۆش (نە)بوو. باپیر نەخۆش بوو.

دەبینی (١٧) کە فۆڕمی ئەرێی "واخۆپیشاندانە" گریمانەی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە باپیر بە پێچەوانەی هەقیقەتەوە دەدوێ و ویستویەتی وا لە بەرانبەر بگەیەنێ کە نەخۆشبووە، بەڵام وانەبووە، بە نەریّ کردنی (٥ب) مەسەلەکە تەواو پێچەوانە دەوەستێتەوە، بۆیە قسەکەر دەیەوێ پێمانبڵێ کە نەخۆش نەبووە بەڵام لە واقیعدا نەخۆشبووە.

**3.0 گریمانە و تاکید(جەخت) کردنەوە:**

زانایانی زمان هەر دوو دیاردەی تاکید لە سەر کردنەوە و گریمانەی پێشەکی بە دوو بابەت و لایەنی جیاواز لە زماندا سەیر دەکەن. لە گەڵ ئەوەشدا کە وردە ناکۆکیەك لە پێشنیارەکانیاندا هەیە، دەتوانرێ ڕایەکی گشتی کە وەك سەنتەر جەمسەری بیرەکانیان پێکەوە گرێدەدا، بەدی بکرێ، بە واتای ئەوەی کە جیاوازی لە نێوان ناوەرۆك، کردەوەی–قسەکردن و جۆرێکی تایبەت لە مەرجی گریمانەی پێشەکی بەدی دەکرێ و ئەو جیاوازیانەش پشت بە وەسفی سیمانتیکی دەبەستن، واتە سیمانتیك دەبێتە پێوەر کاتێ باس دێتە سەر سنور دانان لە نێوان ئەو دوو دیاردەیەدا. بە سەرنج دان لە ناوەرۆکی (١) و (٢) کە بە هۆیانەوە دەتوانرێ ئەوە ڕون بکرێتەوە کە سیستێمی گریمانەی پێشەکی بەشێك لە ناوەرۆکی کردەوەی قسەکردن پێك ناهێنن، بۆ نمونە،

(١) سەیرە کە دەرگاکە داخراوە.

(٢) دڵگرانم لەوەی کە دەرگاکە داخراوە.

"قسەکەری ئەو ڕستانەی سەرەوە گریمانەی ئەوە دەکات کە "دەرگاکە داخراوە"، و سەرەڕای ئەوە تاکید لە سەر هەندێ شتی تر دەکاتەوە سەبارەت بە ڕاستی گریمانەکراوەکەوە." Wilson (1975:349 ). جگە لەوە ئەگەر سەرنج لە ڕستەی (٣) بدەین دەبینین کە خوێندنەوەی (٣ا) و (٣ب) هەڵدەگرێ کە هەریەکەیان وێنەیەك یان خوێندنەوەیەکی جیاوازی هەمان ڕستە پیشان دەدەن، بۆ نمونە، خوێندنەوەی گریمانە و تاکید لە سەرکردنەوە هەڵدەگرن.، هەروەك چۆن سنورێکی سیمانتیکی سەبارەت بە وەزیفە و ڕەفتاری ئەو دوو دیاردەیە بە ڕونی دیاری دەکەن و دەکێشن.

(٣) باپیر سەیارەکەی شت.

تاکید کردنەوە: (ا) باپیر بووە هۆی ئەوەی کە سەیارەکە پاك بێتەوە.

(ب) سەیارەکە پاك بۆوە.

گریمانەی پێشەکی: (ا) سەیارەکە (پێشتر) پاك نەبووە.

زمانەوان (348 :1971) Kiparsky لە (Wilson 1975:67) ەوە، باوەڕی وایە کە هەر دوو ئەرێ و نەرێی کارە یەقینیەکان گریمانە دەکەن، تاکید دەکەنەوە و تەواوکەرەکانیشیان بە ڕاست پیشان دەدەن "یەقینێتی پشت بە گریمانەی پێشەکی دەبەستێت نەك لەسەر تاکیدکردنەوە". تاکید کرنەوە و یەقینیەت دوو شتی جیان و هەمان شت لە سەر ئەرزی واقیع پیشان نادەن، بۆیە دەتوانرێ بە ڕونی سنورێکی دیار لە نێوان ناوەرۆکی گریمانەی پێشەکی و تاکیدکردنەوەدا بکێشرێ. هەر لەو بارەیەوە زمانەوان Kiparskys تاکید لەسەر هەمان بابەت دەکاتەوە، بۆ نمونە، سەیری ئەو نمونانەی خوارەوە بکە کە هاو شێوەی ڕستەکانی (Wilson 1975:67) نن، کارەکانی "ئاماژە (بۆ)کردن" و "بیرهێنانەوە" وەك کاری یەقینی ڕەفتار دەکەن، لە بەر ئەوە گریمانەی تەواوکەرەکانیان دەکەن، بۆ نمونە،

(٤) مامۆستا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە قوتابیەکان بە هێواشی کار دەکەن.

(٥) باپیر (ئەوەی) بەبیر هێنامەوە کە کاتی خۆی پارەم لێ قەرزکردووە.

(٦) داوات لیَ دەكەم سەرنجی ئەوە بدەی كە بەڕێوەبەر زۆر كار نەكەرە.

بە پێی لێكدانەوەكەی Kiparskys "كاتێ گریمانەی پێشەكی دەبەسترێتەوە بە دانەیەك كە لە بەشی نا–سەرەكی ڕستەیەكدا ڕودەدات، ڕاستترین لێكدانەوە دێتە بەرهەم بە هۆی لێكدابڕانی (دورخستنەوە) گریمانەی پێشەكیەكە لە شوێنی ڕستە نا–سەرەكیەكە و ناوەرۆكی خودی كردەوەی–قسەكردنیش. هەر وەها ڕێگەی بدەیت تا بە شێوەیەكی سەربەخۆ كار بكات وەك مەرجی پێشەكی لە سەرجەم بنیاتی كردەوەی قسەكردنەكەدا". بە واتایەكی دی تێڕوانینەكەی Kiparskys لە سەر ئەوەیە كە وەزیفەی توخمی پێكهێنەرە سیمانتیكیەكە ڕەفتاری هەر دوو تاكیدكردنەوە و گریمانەی پێشەكیەكان لە بەرچاو دەگرێت و حسابیان بۆ دەكات. بۆ نمونە، "لە پێكهێنانی بنیاتی سیمانتیكی ڕستەكاندا، یان ... تومارکردنی(بونە وەری) فەرهەنگی بۆ كارەكان، پێویستە بار و پلە و پایەی تایبەت بۆ گریمانەی پێشەكی جێگیر بكەین، وەك دژوەستان (واتە كێشانی هێڵی دیار لە گەڵ ئەوەی پێی دەڵێین تاكیدكردنەوەكان–assertion" (Kiparsky:1971:349)

لە لایەكی تریشەوە (Fillmore: (1969:120 باوەڕی وایە كە جیاوازی لە نیوان گریمانەی پێشەكی و تاكیدكردنەوە (لە سەر سور بوون) بە شێوەیەكی سیمانتیكی(بە یەك) پەیوەندیدارن.

"من هاوبەشی جیاوازی لە نێوان ڕوخساری گریمانەی پێشەكی بنیاتی سیمانتیكی كارەكان لە لایەكەوە و واتای گونجاویان لەلایەكی ترەوە دەكەم. ئێمە پێویستە گریمانەی پێشەكی ڕستەكان دیاری بكەین وەك ئەو مەرجانەی كە پێویستە جێگەی قەناعەت بن پێش ئەوەی بتوانرێ ڕستەكە بەكار بهێنرێ لە هەر یەك لەو ئەركانەی ناویاننرا [ پرسیاركردن، فەرماندان، تاكید كردنەوە و دەربڕینی بڕوابوون"].

هەروەها(Fillmore (1969: 120 باوەڕی وایە كە جیاوازی لە نێوان تاكید كردنەوە و گریمانەی پێشەكی جیاوازیەكە كە تەنها لە دەربڕینێكی نمونەی وەك ئەوەی پێی دەڵێن كار و ئاوەڵناودا نابینرێ. جیاوازیەكە بە شێوەیەكی پێشبینیكردن لە بەكار هێنانی ناوەكانیشدا دەبینرێت. لە واتای ڕەبەن BACHELOR دا بۆ نمونە، تەنها خاوەنێتی "كە قەت ژنی نەهێنابێ" كە بە شێكە لە واتای گونجاو ناگەیەنێ, بۆ بەكار هێنانی ئەو وشەیە "وەك كار" پێشنیاری ئەوە دەكات كە ئەو دانەیەی وەسف كراوە مرۆڤە, نێرە، و باڵقە. بۆ نمونە، ڕستەی (٧)

(٧) ئەو كەسە كوڕە[14].

كاتێ بەكار دەهێنرێ كە قسەكەر بە گوێگرەكەی بڵێ ئەو كەسە ژنی نە هێناوە. بە باوەڕی Fillmore ئەو ڕستەیە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ كە ئەو كەسە مێینەیە یان منداڵە. هەر بۆیەشە نەرێی (٧) گونجاو نیە كاتێ كە بەرانبەر هەر كەسێ كە مرۆڤ یان گەنجێكی نێرینە نەبێ بەكار بهێنرێ.

[14] كوڕ لەبری bachelor ی ئینگلیزی بەكار هاتووە، بە واتای ئەوەی كەسێك كە ژنی نەهێناوە–unmarred person كە بەرانبەر بە marred person دێت، واتە كەسێ كە خاوەنی ژن و ماڵ بێت.

بەلای Wilson و هەندی کەسی دیکەوە گریمانەی پێشەکی ئەو مەرجانەن کە دەبێ لە گەڵ واقیعدا یەکانگیر بن ئەگەر و (تەنها ئەگەر) ئەو کردەوەیە دیاریکراو و گونجاو بێت. بەلای هەندێکی ترەوە گریمانەی پێشەکی ئەو باوەڕانەن کە قسەکەر یان قسەکەر و گوێکرەکان دەبێ باوەڕیان پێی بێ ئەگەر کردەوەی–قسەکردن گونجاو بێت. لە ڕستەی لێکدراودا، زانایانی زمان سەبارەت بە گریمانەی پێشەکی هاوڕانین، دیارە ئەوەش لە ئەنجامی ڕەفتار و ئاڵۆزی گریمانەی پێشەکیەوە سەرهەڵدەدات بە تایبەت لە ڕستە نا–سادەکاندا.

لە ڕاستیدا، زۆرن ئەوانەی هەوڵی جاوازیکردنیان لە نێوان گریمانەی پێشەکی و تاکید کردنەوەیان داوە، لەوانە کارەکانی کەسانی وەك Langendoen و Savin لەو بوارەدا لەبەر چاون، بۆ نمونە، گریمانەی پێشەکی بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاری دەکەن، "مەبەستمان لە "گریمانەی پێشەکی" بە شوێن Frege دا، دەربڕینی مەرجەکان کە دەبێ جێگەی ڕەزامەندی (ڕاست) بن، بۆ هەموو ڕستەکە کە دەبێ لێدوان، پرسیار، فەرمان، و هەروەها هی تریش بگرنەوە" Langendoen and Savin (1971:55) لە (Wilson 1975:69) هوە. ئەوەش دەشێ هاوتا بێ بە تێڕوانینەکانی(1971:77) Zwicky کاتێ پێناسەی گریمانەی پێشەکی دەکات، بۆ نمونە، "ئەو مەرجانەن لە بە کارهێنانی ڕاستی ڕستەکاندان "،.

**3.1** گریمانەی پێشەکی بەرانبەر تاکید(جەخت) کردنەوە.

بەلای Kimpson هوە ئەوە جیاوازیکردنە لە نێوان تاکیدکردنەوە و گریمانەی پێشەکی کە گرفت بۆ ڕاستی–بناغەی سیمانتیکی دروست دەکات، بۆ نمونە، کاتێ باس دێتە سەر گریمانەی پێشەکی و تاکید کردنەوە لەسەر بابەتێك لە بابەتەکان، ئەوەی یەکەم جار بە بیردا دێت و دەبێ لەبەر چاو بگیرێ باوەڕ و تێڕوانیینی قسەکەرەکانە بۆ واقیع و ڕوداوەکان بە مەبەستی ناردنی ڕاپۆرت و ویستەکانیان بۆ بەرانبەر. بۆیە، لێرەوە، دەبێ جیاوازی لە نێوان دوو شتدا بکرێ، یەکەم: ئەو شتەی کە دەردەبڕدرێ، واتە ئەو شتەی کە باس دەکرێ وەك ئەوەی هەیە لە واقیعدا، و دووەم: ئەوەی لەو دەربڕینە یان باسکردنەوە پێشبینی یان گریمانە دەکرێ، کردەوەی ئەو جیاکردنەوەیە دەبێتە هۆی دیاریکردنی ڕەفتاری گریمانەی پێش کات. بۆ نمونە، لە دەربڕینێکی وەك "مەلیکی فەڕەنسا کەچەڵە"، ئەوەیە کە قسەکەر و گوێگر هەردوو پێکەوە باوەڕیان وایە کە لەویانە کەسێکی دیاریکراوی وەك مەلیکی فەڕەنسا وجودی هەیە. ئەو دەربڕینە دەمان باتە سەر ئەوەی بە ڕونی جیاوازی لە نێوان گریمانەی پێشەکی و ئەوەی کە قسەکەر تاکیدی لە سەر دەکاتەوە، بکەین. دواتر ئەو کردەوەیە وەك پێناسەی لۆجیکی گریمانەی پێشوەقت لەبەر چاو دەگیرێ. Sellar وای دەبینێ کە گریمانەی پێشەکی هیچ پەیوەندیەك بە مەرجی ڕاستیەکانەوە هەڵناگرێ بەڵکو زیاتر بۆ مەرجگەلێك دەگەڕێتەوە کە پەیوەستن بە سەرکەوتنی دەمەتەقێ و گۆڕینەوەی بیر و باوەڕ لە نێوان کەسەکاندا، ئەوەش خۆی لە خۆیدا دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو مەبەستە گشتیەی کە سەرجەم لێکۆڵەران سەبارەت بە باسکردنی گریمانەی پێشەکی بە مەبەستی قسەکردن سەبارەت بەوەی قسەکەرێك بیەوێ گریمانەی بکات وەك دژ بەو شتەی کە قسەکەر بیەوێ لە واقیعدا تاکیدی لەسەر بکاتەوە هاو ڕانین. کەسێکی وەك ;(27: 1971) Garner لە (Kimpson 1975:50) هوە، باوەڕی وایە کە "ئێمە هەمیشە دەتوانین دارشتنەوەی ئەو شتە دووبارە بکەینەوە کە وتوومانە (سەبارەت بە ڕاگەیەندنەکان–statement) بە هۆی قسەکردنەوە بە شێوەیەکی ڕون و دیار، وەك بنیاتنەری–performer کردەوەیەك لە جۆرێکی دیاریکراو، یان وەك بەرهەم هێنەر– producer ی شتێك لە

جۆرێکی تایبەت کە قسەکەر دەیەوێ گریمانەی بکات". هەر لەو بارەیەوە هەمیشە دەتوانرێ دوو شت لە یەك جیابکرێنەوە، یەکەم ئەوەی قسەکەر گریمانەی لە سەر دەکات و گوێگرەکانی بنیاتی گریمانەی پێشەکیەکانی دەزانن و ئەوەش بەرانبەر ئەو شتە دەوەستێتەوە کە قسەکەر گوێگرەکانی لێ ئاگادار دەکاتەوە. بو نمونە، دەربڕینێکی وەك "باپیر منداڵەکانی فێری پایسکیل دەکات " کە تیایدا سترێس دەخرێتە سەر بکەر، دەتوانرێ تەنها ئەوە پێشبینی نەکرێ کە لەویانە یان لە ژیانی واقیعدا مرۆڤێك بە ناوی "باپیر" ەوە هەیە، بەڵکو چەندان لێکدانەوەی تریش هەڵدەگرێت، بۆ نمونە، "پایسکیل فێرکردن"، تاکید لە سەر بوونی منداڵ دەکاتەوە، هەم تاکیدیش لە سەر بوونی "پایسکیل" دەکاتەوە. بۆیە سترێس لە دەربڕینەکەدا دەبێتە هۆی لە دایکبوونی چەند گریمانەیەکی جیاواز بۆ هەمان دەربڕین کە لە بنەڕەتدا یەك ئەوی تر تەواو دەکات و ناوبەند پەیوەندن، ئەوەی سەبارەت بە دیاردەی تاکید لەسەر کردنەوە دەبێ بگوترێ ئەوەیە کە ئەو دیاردیە دەبێتە نوێنەری بەشێ لە سەرجەم بەشەکانی ئەو دەربڕینە.

### 3.2 جیاوازی لە نێوان تاکید کردنەوە و گریمانە کردندا

پێناسەی تاکید کردنەوە وەك پەیوەندی لە نێوان ئەوەی کە قسەکەر گریمانەی دەکات لە گەڵ ئەوەی تاکیدی لەسەر دەکاتەوە، خۆی لە خۆیدا دەبێتە جیاوازی لە نێوان هەردوو لادا.

تاکید کردنەوە بە پێی (Kimpson: (1975: 189 لە دوو ڕێگەی جیاوازەوە بەکار دەهێنرێت. یەکەم: لە پرۆسەی کارلێك کردندا، تاکید کردنەوەکان بە شێوەیەکی عورفی جەخت لە سەر باوەڕ لە ڕاستی پێشنیارەکان دەکەنەوە کە ئەو تاکید کردنەوانە پەیوەندن پێوەی. نوسەر دوو بەکار هێنانی گریمانەی پێشەکی دیاری دەکات، یەکەم، ئەوەی پەیوەندی هەیە لە گەڵ ڕاگەیەندنەکان–statement و ئەوەی تر پەیوەندی هەیە لەگەڵ قسەکەری دەربڕینەکان، ئەوەی دوواییان لە بەرانبەر تاکید کردنەوە دەوەستێتەوە بەو واتایەی کە قسەکەر لە واقیعدا لە سەر چی تاکید دەکاتەوە و چۆن نیازەکانی خۆی دەردەبڕێ. دیارە، وشەی تاکیدکردنەوە لە لایەکەوە وەك میزاجی کارگەر–mood operator بەکار دەهێنرێ، بە پێچەوانەی گریمانەی پێشەکیەوە، بۆ هەندی وەچە–بەشی–subpart ی دەربڕینێك بەکار دەهێنرێ.

Kimpson باوەڕی وایە کاتێ فەرمان دەدەیت بە کەسێ تا سەردانی مەلیکی فەڕەنسا بکات، تۆ فەرمانی پێنادەیت تا ببێتە هۆکاری بوونی مەلیکی فەڕەنسا، و کاتێ پرسیار دەکەیت "ئایا مەلیکی فەڕەنسا ژنی هێناوە؟" وا ئەو کات تۆ بە شێوەیەکی سروشتی گومان لە سەر بوونی مەلیکی فەڕەنسا ناکەیت. لە هەر دوو باردا "فەرمان" و "گومان" بەستراونەتەوە بە وەچە–دەستەی زەروری سەبارەت بە ڕاستی ئەو پێشنیارەی مەبەستە. سەبارەت بە پرسیار کردنت بەستراوەتەوە یان سنوردار کراوە بە پەیوەندی لە نێوان گوێگری قسەکەر و مەلیکی فەڕەنساوە. پرسیارەکە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە ئایا ئەو پیاوەی پرسیاری لە بارەوە دەکەیت ئەو تایبەتی ژن هێنان بە خۆوە دەگرێ یان ئەو تایبەتیانەی هەیە. ئەگەر وابوو، وا زاراوەکان زیاد دەکەن بۆ دوو واتای تاکید کردنەوە. بە واتای ئەوەی ژن هێنانەکە دەبێتە دەستەیەك لە تایبەتمەندێتی ئەو بارودۆخەی کە قسەکەر لێوەی دەدوێ.

لەو ڕستانەی کە "ف–ن"ی بەخۆوە دەگرن بە شێوەیەکی دیار دەتوانرێ سنور لە نێوان ئەو دوو دیاردەیەدا بکێشرێ، بۆ نمونە،

(١) براکەی باپیر کراسی هەیە. (٢) براکەی باپیر کراسی نیە.

لە ڕستەی (١)دا، بە هۆی دەربڕینێك لە شێوەی "فرێزێکی ناوی " کە لە بنەڕەتا لە سەر بنەمای خۆیی دامەزراوە و ڕەفتار دەکات خوێندنەوەی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە "باپیر برای هەیە"، بە واتای ئەوەی

کەسێك کراسی هەبێ بێ گومان تاکید لەسەر بوونی خاوەنەکەی دەکاتەوە، کەواتە لە هەمان کاتدا ئەرکی تاکیدکردنی ئەوەش هەڵدەگرێ کە براکەی "کراسی هەیە" بۆیە کردەوەی نەرێ گریمانەی بوونی براکەی باپیر بەهێزتر دەکات، لە (٢) دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە زانیاری پێشبینیکراو presuppose information ناکەوێتە ژێرکاریگەری "نەرێ"، واتە (٢) هێشتا خوێندنەوەی ئەوە هەڵدەگرێ کە باپیر برای هەیە، لە کاتێدا نەرێ کاریگەری خۆی هەیە لە سەر "هەواڵی تاکید لە سەرکراوە asserted information–" بۆیە (2) ئەوەمان پێ دەڵێت کە باپیر برای هەیە بەڵام نکولی لەوە دەکات کە براکەی کراسی هەبێ" .

بەلای (Spenader 2002: 7) ەوە "نەرێ" زانیاری پێشبینی کراو دەپارێزێ بەڵام زانیاری تاکید لەسەر کراو نا. بە سود وەرگرتن لە بۆ چونەکانی Spenader (2002:7-9) با سەرنج لەو ڕستانەی لای خوارەوە بدەین، بۆ نمونە، لە (3) دا ئەگەر–ئەوسا–if-then ئاخاوتنێکی مەرجی پێکدەهێنێ، لە (٤) دا لەوانەیە –may be و ڕەنگە–perhaps وەك کاریگەری شێوازی سەیردەکرێن و لە (٥)دا بڕواکردن دەقێکی بڕوا دەخوڵقێنێ. دیارە {کەسەکانی گروپی (ا) گریمانەی ڕستەکانی گروپی (ب) دەکەن}.

(٣) (ا) ئەگەر کراسەکەی باپیر نوێ بێ ئەوسا کراسەکەی قادر کۆنە.

گریمانە: (ب) باپیر کراسی هەیە. قادر کراسی هەیە.

(٤) (ا) لەوانەیە کراسەکەی باپیر نوێ بێ. ڕەنگە دڵخۆش بێ کە (کراسەکە) سورە.

گریمانە: (ب) باپیر کراسی هەیە. کراسەکە سورە.

(٥) (ا) سەردار باوەڕی وایە کە باپیر دڵ خۆشە بەوەی کە کراسەکەی سورە.

گریمانە: (ب) باپیر کراسی هەیە. کراسەکەی سورە.

لە سەرەتادا دەکرێ چەند پرسیارێك بخرێنە بەر چاو، بۆ نمونە، چۆن بەهای–ڕاستی دیاری دەکرێ؟ چۆن مەرجی–ڕاستی ڕون بکرێتەوە لە وەسفی سیمانتیکیدا کە لە سەر بناغەی جیاوازی لە نێوان گریمانەی پێشەکی و تاکیدکردنەوە بنیاتنراوە؟ بکرێ بەلای Wilson ەوە گریمانەی پێشەکی نابێتە بەشێك لە دیاریکردنی بەهای–ڕاستیدا. دەشێ گریمانەکان تەنها سنور بۆ گونجاوێتی سەرەنجامی تاکیدکردنەوە دانێن، لە کاتێکدا بەهای–ڕاستیەکان تەنها لەسەر بناغەی ناوەرۆکیی تاکیدکردنەوەکانەوە دیاریدەکرێن. هەر بۆیە دەشێ ئەو گریمانانەی سەرناکەون لە ڕەفتارەکانیاندا بە سەرەنجامی ئەو تاکیدکردنەوە نا–گونجاوانە لە قەڵەم بدرێن، ئەمە جگە لەوەی کە بە هیچ جۆر تاکیدکردنەوە نابینرێ. سەرنج لە و ڕستانەی خوارەوە بدە کە لەسەر بنەمای ڕەبەن و گەورە بنیاتنراون:

(١) X کوڕە:

تاکید کرنەوە: X ژنی نەهێناوە.

گریمانەی پێشەکی: x باڵقە، و نێرە.

X گەورە کچە

تاکیدکردنەوە: X شوی نەکردووە.

گریمانەی پێشەکی: X گەنجە و مێینەیە.

(١) هاوڕێکەت کوڕە یان گەورە کچە.

دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت،

یەکەم: لەسەر بناغەی تاکیدکردنەوە: هاوڕێکەت یان شوی نەکردووە یان ژنی نەهێناوە.

دووەم: گریمانەی پێشەکی

(أ) هاوڕێکەت باڵق(هەراش) و نێرە.

(ب) دراوسێکەتان باڵق(هەراش) و مێینەیە.

## 4.0 پوختەی باسەکە

### 4.1 پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی

گریمانەی پێشەکی لە زماندا وەك زانیاریەکی تایبەت لە لایەن قسەکەرانەوە بە هۆی بەندێکی فەرهەنگی یان بنیاتێکی ڕێزمانیەوە دەردەبڕێت و دواتر گوێگرەکان ئەو بەندە شیدەکەنەوە و مەبەستەکانی قسەکەر لە شێوەی گریمانە دەخەنە بەرچاو.

تایبەتێتی گریمانەی پێشەکی لەوەدایە کە بە پێچەوانەی دیاردە سیمانتیکیەکانی دیکەی وەك واگەیاندن و تاکید کردنەوە ناکەوێتە ژێر کاریگەری کردەوەی "نەریٔ"وە. تایبەتمەندیەتێکی تری گریمانەکاری لەوەدایە کە لە لایەکەوە مەرج نیە هەمیشە ڕاست بیٔ، دەشیٔ ڕاست یان درۆ بیٔ، هەر بۆیەیە, بە پێچەوانەی دیاردەی واگەیاندنەوە لایەنی بابەتی لەسەر کاڵ دەبێتەوە و لایەنی کەسی زیاتر دیار و ئاشکرایە کە لە شێوەی تێڕوانینەکانی قسەکەرەوە دێتە بەرهەم، هەر بۆیەیە کاتیٔ کە باس دێتە سەر گریمانەکاری لە زماندا دەبیٔ دوو لایەن بە خەیاڵی خۆتدا بهێنی، یەکەم، ئەو بابەتەی کە دەربڕینەکە لێوەی دەدویٔ وەك لایەنی بابەتی و دووەم، تێڕوانینەکانی قسەکەر وەك لایەنی کەسی. بۆیە گریمانەکاری لە لایەکەوە دیاردەیەکی زمانی پڕاگماتیکیە لەوەدا کە گرنگی بە پەیوەندی لە نێوان وشە و قسەکەر دەدات، لە لایەکەی ترەوە دیاردەیەکی سیمانتیکیە، چونکە هەمیشە گرنگی بە پەیوەندی لە نێوان وشە (کە دەبیٔ لە وەسفی دیاردەیەك لە دیاردەکانی ژیانی مرۆڤەکانەوە وترابن) و دونیای دەوروبەر وەك واقیع دەدەن.

گریمانەکان سەرچاوەی خۆیان تەنها لە یەك سەرچاوەوە هەڵناهێنجن بەڵکو سەرچاوەی گریمانەکان فرەلایەنن، بۆ نمونە، ئارەزوی قسەکەر کە لەشێوەی تێڕوانینە کەسیەکانی خۆیەوە بۆ ژیان مامەڵە دەکرێن، وشە فەرهەنگیەکان، کارە یەقینی و ئەسپێکتیەکان و زۆری تریش.

### 4.2 پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی

ان الافتراض الاولي في اللغة، كمعلومة خاصة، يعبر عنها المتكلم من خلال الترابط المعجمي (العلامات الراسية داخل المعجم)، او بنية سينتاكسية، ومن ثم يقوم التلقي بتحليل وتشريح تلك الترتبط المعجمي، ويقدم مقصديات المتكلم علي اشكال افتراضية.

ان خصوصية الافتراض الاولي هي انها بعكس الظواهر السيمانتيكية الاخري كظاهرة التوصل و التوكيد حيث لا تنطوي تحت تاثير (الفعل) النهي، وهناك خصوصية اخريَ لها وهي تكمن في انها لا يشترط ان يكون صحيحة من جهة، اي تحتمل الصدق والكذ ب، لذا، فهي بعكس ظاهرة التوصيل، حيث تقلل الموضوعية فيها، و تكثر فيها الجانب الذاتي، والذي ينتج من خلال تصورات المتكلم، لذلك فكلما اتينا الى قضية الافتراض في اللغة، ينبغي ان تدرك شيئين، الاولى، الموضوع الذي يتحدث عنة التعبير كجانب موضوعي، واثاني، تصورات المتكلم كجانب ذاتي، لذلك فان الافتراض ظاهرة لغوية براكماتيكية من حيث انها تهتم بعلاقة المتكلم بالكلمة، ومن جهة اخريَ انها ظاهة سيمانتيكية لانها تعني بالعلاقة الماثلة بين الكلمة (اذ تصف ظاهرة من ظواهر حياة الانسان) و بين الواقع (المحيط).

ان لافتراضات لاتستنبط من منهل واحد، بل هي متعددة المصادر مثلا، رغبة المتكلم حيث يتعامل معهم من خلال تصوراتهم الذاتية، الكلمات المعجمية، الفعل اليقيني، والاسبيكتية .....

### 4.3 پوختەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی

presupposition is considered to be other sentences that are entailed by the sentence with the trigger or presuppositions. They are implied by an factive adjectives with sentential complements utterance or by the speaker presuppose the truth of their complements. In addition, this presupposed information is also a semantic fact introduced by the linguistic expression in their complements.

Presupposition is a relation between two sentences, where, if the S1 presuppose sentence S2 the truth of S2 follows from S1. no matter whether S1 is true or fales, S2 is true. If S2 is false, then S1 has no truth value,

Presuuosition differ from other 'parts of speech' in that they indicate proposition of which the truth is one way or another taken for granted

## 6-0 سەرچاوەکان

### 6.1 سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی


**خرما نايف** (١٩٧٨). اضواء علي الدراسات اللغوية المعاصرة. سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة وافنون والاداب- الكويت.


### 6.2 سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی


Allwood Jens. (1995). 'Gothenbury Papers in Theoretical Linguistics'. *An Activity Based Approach to Pragmatics*. University of Gothenbury.

Allwood, J, Andersson, L and Dahl, O. L. (1977). Logic in Linguistics Cambridge University press.

Al Khuli, Muhammad. Ali. (1982). A Dictionary ofTheoretical Linguistics. Printed in Lebanon (Librarie Du Linban, bwirut).

Atlas, Jay. David. (1979). How Libguistics Matters to Philosophy: Presupposition, Truth, and Meaning. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 265-280. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.

Auwera. Johan Van Der. (1979). Pragmatic Presupposition: Shared Beliefes in A Theory of Irrefutable Meaning. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 265-280. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.

Bickerton, Derek. (1979). Where Presupposition come from. In Dinneen, David. A & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 235-264.. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers

Cooper, David. E. (1974). *Presupposition*. Mouton. The Hague. Paris.

Crystal, David. (1992). A Dictionary of Linguistics and Phonetics. Blackwell T. J. Press, Padstow.

Bolinger. Dwight & Sears D. A. (1981). *Aspcts of Language*. Harcourt Brace Jovanovich, INC.

Bradley, F. H. (1993). *The Presupposition of Critical History and Aphorisms*. Thoemmes Press.

David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition.* 371-388. Academic Press A Subsidiary of Harcourt
Deaver, David. I. (2001). *Presupposition and assertion in Dynamic Symantics*. Center for the Study of Language and Information Stanford California.
Fodor Janet Dean. (1979). In Defense of the Truth Value Gap. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 199-224. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.
Frege, G. (1952). *On Sense and Reference*, In Geach and Black, eds.

Frege, G. (1892). *On Senseand Reference* in Geach and Black (1970).56-78.
Godden, Kurt. Oh Choon-Kyu. (1979). In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 225-234. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers
Gandhi, Ramchandra. (1974). *Presuppositions of Human Communication*. Oxford University Press.
Gazdar, Gerld. (1979). A Solution to the Projection Problem. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 57-89. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.
Gazdar, Gerld. (1979). A Solution to the Projection Problem. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 57-89. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.

Grice, H. P. *Utterer's Meaning, Sentense-Meaning, and Wrd-meaning.* Foundatiob of Language 4, 225-242. Reprinted in Grice (1987). 117-37.

Iten, Corinne. (2005). *Linguistic Meaning Truth Conditions and Relevance*. Palgrave Macmillan.
Katz Jerrold J. (1979). A Solution to the Projection Problem for Presupposition. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 91-126. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.
Kempson, Ruth. (1975). *Presuppositionand the Delimitation of Semantics*. Cambredge University Press. Cambridge, London, New York. Melbourne.
Kempson Ruth M. (1979). Presupposition, Opacity, and Ambiguity. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 283-323. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.
Karttunen. L. & Peters S. (1979). Conventional Implicature. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition. 1-56.
Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.
Kripke, S. (1980) Ms. *Presupposition*, Academic Press
Kuroda S.-Y. (1979). Katz and Langendoen om Presupposition. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*183-197. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers
Lakoff, G. 'on Generative Semanticsk and Presupposition' and 'Relative Well-forme', both in D. Steinbery and L. Jakobovists (eds.)

Leech Geoffrey. N. (1983). *Principles of Pragmatics*. Longman London and New York.
Levinson, Stephen, C. (1983) *Pragmatic*, Cambridge University Press

Lyons. John. (2005). Linguistik Meaning. Cambridge University Pres.
Lyons John. (1977). Semantics Volume 1. Cambridge University Press.
McCawley James. D. (1979). Presupposition and Discourse Structure. In Dinneen.

Peterson Philip L. (1979). On Presupposition Event Reference. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 57-89. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.
Reuland, E. J. (1987). *The Presupposition of (In)definiteness*. The MIT Press Cambridge, Massachutts London, England.

Russell, J. (1905). *On Declarative Sentances.* In Jachobs and Rosenbaum, ed.
Saeed. John, I. (2004). Semantics. Blackwell Publishing.

Schiebe, Traugott. (1979). On Presupposition in Cmplex Sentences. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 127-154. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers
Spenader, Jennifer. (2002). Presuppositions in Spoken Discourse. Akademitryck AB, Edsbruk, Sweden, Stockholm.
Stalnaker, R. Pragmatic Presuppositions, In M. K. Munitz and P. K. Unger (eds.) *Semantics and Philosophy*. New York: New York University Press. 1974: 197-214.

Thomason, S. K. (1979). Truth-Value Gaps, Many Truth Values, and Possible World. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 357-370. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.
Vach, K. (1987). *Thought and Reference*. Oxford: Clarendon Press

Weischedel, Ralph. M. (1979). A new Semantic Composition While parsing: Presupposition and Entailment. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition* 155-182. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers.
Verschueren, J. D. (1979). *Undetstanding Pragmatic*. A member of the Hodder. Headline Group London.

Wilson, Deirdre. (1979). Ordered Entailments: An Alternative to Presuppositional Theories. In Dinneen, David. A. & Oh Choon-Kyu (eds). *Syntax and Semantics Volume 11 Presupposition*. 299-. Academic Press A Subsidiary of Harcourt Jovanovich Publishers
Wilson, Deirdre. (1975). Presuppositions and Non-Truth-Conditional Semantics. Academic Press. ING. (London) LTD.
Yule, George. (1996). The Study of Language. Cambridge University Press.